ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٥

پێنجشەممە
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٤ی ئاپریلی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان


## پێشنیاری ئێران بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەروو سەدا ٢٠ لە بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی سەر ئەو وڵاتە



ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پێشنیاری کردوە کە لە بری هەڵوەشانەوەی گەمارۆ ئابووری‌یەکانی سەر ئەو وڵاتەو ڕێککەوتن لە سەر قەیرانی سووریە پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەروو سەدا ٢٠ ڕادەگرێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی «شەرقولئەوسەت» تاران پێشنیاری کردوە کە ئامادەیە لە بەرانبەر هەڵگیرانی گەمارۆ نێودەوڵەتیەکان بەدژی ئەم وڵاتەو سازان لەگەڵ ڕۆژئاوا لەسەر قەیرانی سیایی سووریە، ئەویش ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەروو سەدا ٢٠ و، بە داوای چاوەدێرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بۆ پشکنینی نیرووگا ئەتۆمیەکانی ئێران قەبووڵ بکا.

هەر بەپێی ئەم راپۆرتە، ئێران ئەگەرچی لە دانێشتنەکانی ئیستانبوڵو ئاڵماتی باسی مەسەلەی سووریەی نەکردوە، بەڵام پێشنیاری کردوە لە ڕێگەی «دۆستە هاوبەشەکانەوە» بابەتی سووریە بخرێتە نێو وتووێژەکانەوە.

# لە نەورۆز و ١٠ ی خاکەلێوەدا،

# کوردستان بانگی ڕزگاری و ئازادیخوازیی دووپات کردەوە





نەورۆزی ٢٧١٣ی کوردی (١٣٩٢ی هەتاوی)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە بانگی ڕزگاری و ئازادیخوازیی بەرز کردەوە. بەڵام ئەمجارەیان لە مەیدانی پێکهەڵپڕژان لە گەڵ ئەو هێزە سەرکوتکەرانەدا کە بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆز، لە پاریزگاکانی دیکە و لە دەرەوەی کوردستانەوە، هێنابوویانن.

هەر وەک لە پێشەوە دیار بوو کۆماری ئیسلامی لێبڕابوو ئەمساڵ بە گرتن و هەڕەشەلێکردن و هێنانی هێزی نیزامی و سەرکوتکەر و زاڵکردنی حاڵەتی نائاسایی لە شار و شارۆچکە و گوندە گەورەکان بە تایبەتی لە شنۆ، پیرانشار، نەغەدە، سەردەشت، ڕەبەت، مەهاباد، بانە، بۆکان، سەقز، مەریوان و چەند شاری دیکە پێش بە پێکهاتنی ڕێورەسمی نەورۆزی بە شێوەیەکی بەرین و بەشکۆ بگرێ. چونکە ڕێورەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان بوون بەکارنەڤاڵێکی نەتەوەیی و هونەریی ئازادیخوازانە. تەنانەت بە ناوی داکۆکی لە دین و ئایینی ئیسلامییش هەوڵیان دا خەڵک لە پێشوازی و پشتیوانی لە ریورەسمە نەورۆزییەکان بگێڕنەوە. بەڵام کاتێک دیتیان خەڵکی دژ بە ستەم و ئازادیخوازی کوردستان، لە هێزی زۆر و هەڕەشەکانیان ناسڵەمێنەوە، لە زۆربەی شار و ناوچەکان پەلاماریان بردە سەر خەڵک و لە ئاکامدا چەندین پێکهەڵپڕژان ڕوویان دا. لەم پیوەندییەدا بە سەدان کەس گیران کە هێندێکیان دوای چەند ڕۆژ ئازاد کران، بەڵام دەیان کەس لە گیراوەکان هەروا لە گرتووخانەکان دا ماونەوە.

لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوە (ڕۆژی شەهیدان) و ٦٦ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانیشی دا، خەڵکی شارو ناوچەکانی کوردستان، بە چوون بۆ سەر گڵکۆی شەهیدان و سەردانی بنەماڵەکانیان و بەرزراگرتنی یادی شەهیدەکانیان بە شێوەی جۆراوجۆر، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی ئەوان کە خەبات تا گەیشتن بە ڕزگارییە، دووپات کردەوە.

## دان بە بوون و مافی کورد دا بنێن با ڕەنج بە خەسار نەبن!

### (لە پەراوێزی یادداشتێکی سادق زیبا کەلام دا)

قادر وریا

سەرەڕای پێوەندیی زۆری بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بە دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی، هەر دووڕێژیم دۆستە کوردە بێ فرتوفێڵەکانی خۆیان، لە کاتی پێویست دا کردوە بە قوربانیی بەرژەوەندە سیاسییەکانی خۆیان. ڕێژیمی شایەتی بە مۆر کردنی پەیماننامەی شوومی ئەلجەزایر لە گەڵ ریژیمی بەعس، بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستانی فیدای بەرژەوەندەکانی خۆی لە «ئەروەندروود» کرد و بە فیڕۆدانی دەریایەک خوێن و فرمێسکی شۆڕشی کوردی لە پێناوی بەرینکردنەوەی سەروەریی خۆی بە سەر ئاوە هاوبەشەکانی لە گەڵ عێراق دا بە هەرزان زانی. کۆماری ئیسلامییش، لەو ڕۆژەوە کە کورد لە هەرێمی کوردستان بووە بە خاوەنی پارلمان و دەسەلاتی خۆی، هەمووکات یەک لە سێ کوچکەی پیلان لە دژی هەرێمێکی خاوەن قەوارەی سیاسیی کورد لە عێراق دا بووە. لە ڕاستی‌دا، لە جیاتی ڕێزدانان بۆ بەرهەمی خەبات و ئیرادەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان و بە ڕەسمی ناسینی، بە شیوەی جۆراوجۆر کاری بۆ تێکدانی سەقامگرتووییەکەی کردوە و لە گوشار خستنەسەری درێغی نەبووە.

بەڵام سەرەرای هەموو دژایەتییە ناوچەییەکان، هەرێمی کوردستان، لە گەشانەوە و بەرەوپێشچوون دایە. هەر کەسێک هەولێر و سلێمانی و دهۆک ببینێ، وا نازانێ ئەم هەرێمە لە ڕووی ئابووری و ژیان و بەڕێچوونی خەڵکەوە، لە ڕووی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، لە ڕووی ئاسوودەیی و ئەمنییەتەوە، لە ڕووی ئامادەبوونی کۆمپانیا ئابووری و بازرگانییەکانی وڵاتانی دەرەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە و هتد، بەشێکە لە وڵاتی عێراق. بناغەی خۆبەڕێوەبردن و ئازادیی کوردەکان تا دێ پتەوتر دەبێ و تازە، گەڕانەوە بۆ دواوە، لە عەقڵ دا ناگونجێ. ئەمە ڕاستییەکە «سادق زیبا کەلام» شرۆڤەکاری سیاسی و مامۆستای زانکۆ، کۆتاییەکانی ڕەشەمەی ئەمساڵ کە بۆ یادی هەڵەبجە و ئەنفال، سەردانی هەرێمی کوردستانی کردوە بۆی دەرکەوتوە. بەڵام تەنیا نوقسانێک لە ڕوانگەی ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە ئێرانییە لە کارەکە دا هەیە ئەوەیە: ئێران و ئێرانییەکان کە لە ڕووی زمان، شارستانەتی و فەرهەنگییەوە، لە عەرەب و تورک و ئورووپا و ئەمریکا و هەموو دنیا لە کوردەکان نزیکترن، لە هەرێمی کوردستان دیار نین: «همه بودند الی ایران و ایرانی ها»! ئەوە لە حاڵێک دایە کە بە وتەی ناوبراو لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا، سەدان هەزار لە کوردەکانی ئەو بەشە، کاتی خۆی پەڕیوە و نیشتەجێی ئێران بوون و خۆیان و نەسلەکانی دووهەم و سێهەمیان لەوێ مانەوە و گەورەبوون و خوێندیان و ئێستا گەڕاونەوە و بوون بە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان!

دیارە ئێران، لە سایەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەر لە هەریمی کوردستان، تووشی ئەو ڕەنج بە خەسارییە نەبووە، وەک زیبا کەلامیش ئامارەی پێداوە لە ئەفغانستان، وڵاتانی لێواری کەنداو، ئازەربایجان، قەفقاز، کۆمارەکانی ئاسیای نیوەراستیش هەمان چارەنووسی پێ براوە. واش دێتەبەرچاو لە سووریە و لوبنان و عێراقیش، دەسکەوتیکی لەوە باشتری نەبێ.

هۆی ئەم ڕەنجبەخەسارییە چییە؟ ڕێژیمی ئێران، دۆستایەتی و نزیکایەتیی لە گەڵ بزووتنەوەکان، نەتەوەکان و ولاتانی دیکە لە سەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێنێ کە خۆیان لە گەڵ بەرژەوەندە ئیدئۆلۆژی وسیاسییەکانی ئەو ریژیمە ڕێک بخەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان لەم پێناوە دا بکەنە قوربانی. پشت لە ئەمریکا و ڕۆژاوا بکەن و بکەونە دژایەتیکردنیان و ببن بە بەشێک لە شەڕی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ڕۆژاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان. بەڵام نەتەوەکان و ولاتانی دەوروبەر چ دەسکەوتێکیان لەو جۆرە دۆستایەتییە لە گەل کۆماری ئیسلامی دەبێ و چ بەرهەمێک لەم جۆرە هاوپەیمانەتییە دەچننەوە؟ بۆ وێنە حکوومەتی هەرێم و خەڵکی هەریمی کورستان لە پێناوی چی دا، واز لە ڕۆژاوا بێنن و کۆماری ئیسلامی بکەن بە رووگەی خۆیان و هەموو دەرگاکانی بۆ بخەنە سەر پشت؟ لە بەر ئەوەی هەتا ئێستاش ئامادە نیە دان بە پارلمان و حکوومەت و ئاڵای کووردستان دابنێ؟ لە بەر ئەوەی هەتا ئێستاش دابینبوونی بەشێک لە مافەکانی نەتەوەی کورد و دامەزرانی هەرێمێکی فیدراڵ بۆ کورد لە عێراق وەک مەترسییەک سەیر دەکا؟ لە بەر ئەوەی ئەو ئازادی و دیموکراسییەی لەو هەریمە هەیە، بۆی تەحەمول ناکرێ و بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی دەکا؟ لە بەر ئەوەی نەتەوەی کورد لە وڵاتەکەی خۆی دا بە توندترین شیوە سەرکوت دەکا و سەرەتاییترین ئازادییەکانیان پێ ڕەوا نابینێ؟

ڕەنجبەخەساری لە پێوەندی لە گەڵ کوردستان و نەتەوەی کورددا، حەقی بێئەملاوئەولای ئەو ڕێژیمە و هەموو دەوڵەتانەیە کە دۆستی ڕواڵەتیی ئەو نەتەوەیەن و لە نێوەڕۆک دا دژی پێشکەوتنی پرسی کورد و بوونی کورد و کوردستان بە فاکتەرێکی سیاسیی لە ناوچەکە دان. جا کەی دەیانەوێ ئەم ڕاستییەیان لێ حاڵی بێ و چی دیکە ڕەنج بە خەسار نەبن، هەر خۆیان دەیزانن.

## بێ هیوایی کارناسانی ئورووپا سەبارەت بە چارەنووسی وتووێژە ناوکییەکەی ئێران



گرووپێک لە کارناسانی سیاسیی ڕۆژاوا نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە بێ ئاکام مانەوەی وتووێژی ناوکی لەگەڵ ئێران دەربڕی.

لە بەرەبەری خولی دووهەمی وتووێژەکانی گرووپی ٥+١ لەگەڵ ئێران، کارناسانی سیاسی و یەک لەوان هەروەها خاویەر سۆلانا، بەرپرسی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا دەڵێن، تا ئەو کاتەی قەیرانی سیاسی لە وڵاتی سووریە بەم شێوەیە بەردەوام بێ و هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئێران بەڕێوە نەچن، ناکرێ چاوەڕوانی بەرەوپێشچوونی ئاکامی وتووێژەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بین.

ئەم خولەی وتووێژەکان کە کارناسان لە ئاکامەکەی ناهۆمێدن، قەرارە لە ڕۆژانی هەینی و شەممەی حەوتووی داهاتوو لە «ئاڵماتی»ی وڵاتی قەزاقستان بەڕێوە بچێ.

خاویەر سۆلانا هەروەها قەیرانی سووریەی بە هۆکاری سەرەکیی چارەنووسی وتووێژەکە لە قەڵەم داوە. ناوبراو وێڕای ئاماژە بە پێوەندیی نیزامی نیزیکی سووریەو ئێران و پشتیوانیی ئەم وڵاتە لە ڕێژیمی سووریە، گوتی بە بێ چارەسەری قەیرانی سووریە چارەسەریی قەیرانی ناوکیی ئێران ناکرێ.

شایانی باسە کە ڕۆژنامەی «واڵ ئیستریت ژوورناڵ» لە ڕاپۆرتێکدا بە قەڵەمی جی‌سوولوومۆن، نوسیویەتی کە عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران دەیەوێ بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە «کەجدار و مەریز» بباتە پێشێ و تا ئەم جێیەی بتوانێ بەر لە بەڕێوەچوونەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری پێش بە دروست بوونی قەیرانێکی نێودەوڵەتی و ئەگەری هێرشی ئیسرایيل بۆ سەر ناوەندە ئەتومییەکانی بگرێ.

## پەسندکرانی پەیماننامەی چاوەدێری بەسەر بازرگانیی جیهانیی چەک لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان



کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ١٥٤ دەنگی بەڵێ یەکەمین پەیماننامەی چاوەدێری بەسەر بازرگانیی جیهانیی چەکو چۆڵی پەسند کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری‌یە جیهانی‌یەکان سێ وڵاتی ئێران، کۆرەی باکوورو سووریە دەنگی « نا»یان بەو پەیماننامەیە داو ٢٣ وڵاتیش لەو بارەوە بێ‌لایەن بوون کە ڕووسیە، هیند، سوودانو ئەندونێزی بەشێک لەو وڵاتانە بوون کە دەنگی بێ‌لایەنیان بەو پەیماننامەیە دا.

ئەو پەیماننامە کاتێک لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا خرایە دەنگدانەوە کە پێشتر ١٩٣ وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی دژایەتیی ئێران، سووریەو کۆرەی باکوور نەیان‌توانیبوو بە کۆدەنگی لە سەری بڕیار بدەن، هەر بۆیەش خرایە دەنگدانەوەو بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

شایانی باسە کە پەیماننامەی چاوەدێری بەسەر بازرگانیی جیهانیی چەکو چۆڵ بەو مەبەستە بەسراوە تا ڕێ لەوە بگیرێ گرووپە تێرۆریست، سەرهەڵداوەکانو باندەکانی مافیا چەکو چۆلیان بکەوێتە دەستو هەروەها بەپێی ئەو پەیماننامەیە فرۆشی چەکو چۆڵ بە هەموو ئەو وڵاتانە قەدەغە کراوە کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ ئەو چەکو چۆڵانە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەکار بێنن.



ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ . گۆڕستانی شەهیدانی دێموکرات





پەیامی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان
٤



دارو لەلەی خامنەیی بۆ هەڵبژاردن
٥



«تێکۆشان بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیە، جێگای پشتیوانیی حیزبی ئێمەیە»
٦



سەرکۆماریی قازی محەممەد دەسپێکی نوێی بزووتنەوەی مێژووی کوردستان
٨



کوردستان و دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیم
٩

## به‌ڕێوه‌چوونی بۆنه نه‌ورۆزی‌یه‌کان له وڵاتی سوئیس

ڕۆژی پێنجشه‌ممه، ١ ی خاکه‌لێوه‌و یه‌که‌م ڕۆژی نه‌ورۆز له شاری «بیل»ی وڵاتی سویس، یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌و یه‌کیه‌تیی لاوانی دێموکراتی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان له‌و ڕێوره‌سمه‌دا چالاکانه به‌شدار بوون که به‌بۆنه‌ی نه‌ورۆزه‌وه پێک هاتبوو.



له‌و ڕێوره‌سمه‌دا که به سروودی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌ی» ره‌قیب» ده‌ستی پێ‌کرد، دوای خوێندنه‌وه‌ی په‌یامی ڕێکخراوه کوردی‌یه‌کان، ڕێوره‌سمه‌که به ئاهه‌نگو شایی‌و هه‌ڵپه‌رکێ به‌رده‌وام بوو.

## دیدارو چاوپێکه‌وتنه سیاسی‌یه‌کانی کاک خالید عه‌زیزی له فه‌ڕانسه

له دیدارو چاوپێکه‌وتنی کاک خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌کانی فه‌ڕانسه‌دا باس‌و بابه‌تی پێوه‌ندیدار به مه‌سه‌له‌ی کورد له ئێران‌و مافی مرۆڤ و ره‌وشی زۆر خه‌راپی زیندانیانی سیاسی تاوتۆ کرا.

کاک خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات له سه‌فه‌رێکی دوو ڕۆژه له ڕێکه‌وتی ١٥ و ١٦ مانگی مارس بۆ پاریس پایته‌ختی فه‌رانسه‌دا له گه‌ڵ کۆمه‌ڵێک له که‌سایه‌تی‌و لایه‌نه فه‌ڕانسه‌یی‌و ئێرانی‌و کوردی‌یه‌کان کۆمه‌ڵێک دیدارو چاوپێکه‌وتنی پێک هێنا .

سکرتێری گشتیی حیزب له دیدار له‌گه‌ڵ لایه‌نه فه‌رانسه‌یی‌یه‌کان‌دا باسی له‌وه کرد که له ڕۆژانی ڕابردوودا ده‌یان که‌س له ڕۆژنامه‌وانان‌و چالاکانی سیاسیی کورد ڕه‌وانه‌ی زیندانه‌کان کراون‌و داواشی کرد که له سه‌ر پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ فشار بخه‌نه سه‌ر ئێران، ده‌بێ تێ‌بکۆشن که ئیجازه نه‌ده‌ن ئێران چی دیکه به که‌ڵکوه‌رگرتن له کێشه‌ی ناوکی، گۆره‌پانی سیاسی له ده‌ره‌وه و ژووره‌وه به بارمته بگرێ.

سکرتێری گشتیی حیزب هه‌روه‌ها له‌و دانیشتنانه‌دا سه‌رنجی لایه‌نه‌کانی فه‌ڕانسه‌ی بۆ گرینگیی مه‌سه‌له‌ی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست ڕاکێشاو وێڕای ئاماژه‌کردن به فاکتۆری کوردی له په‌ره‌پێدانی دیموکراسی‌و فه‌رهه‌نگی تۆڵێرانس‌دا پێی وابوو ده‌بێ ده‌وڵه‌تی فه‌رانسه ئه‌وه به جیددی بگرێ‌و پشتیوانیی لێ بکا.

کاک خالید له دیدارو دانیشتن له‌گه‌ڵ لایه‌ن‌و که‌سایه‌تی‌یه سیاسی‌یه ئێرانی‌یه‌کان‌دا تاکیدی له سه‌ر ئه‌هه‌میه‌تی لێک نیزیکبوونه‌وه‌و زه‌مینه‌سازیی زۆرتر بۆ تێکگه‌یشتن‌و به‌و جۆره کارکردن له سه‌ر دۆزینه‌وه‌ی شته هاوبه‌شه‌کان کردو پێی وابوو که ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ده‌بێ به عه‌قلییه‌تی به‌دیل‌و ئاڵترناتیوسازی کار بکاو به دوای به‌رنامه‌ی عه‌مه‌لی‌دا بگه‌ڕێ.

به‌ریزیان له‌و دیدارانه‌دا زۆرتر جه‌ختی له سه‌ر نزیکبوونه‌وه‌و گفتگو کردنی لایه‌نه سیاسی‌یه‌کانی ئێران‌و کوردی کرده‌وه.



سکرتێری حیزب له چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ لایه‌نه کوردی‌یه‌کانیش‌دا، باسی گرینگی کاری هاوبه‌شی کورد له پاریس‌و په‌ره‌پێدانی روحی هاوکاری له نێوان کورده‌کانی پاریس ته‌وه‌رێکی گرینگی باسه‌که بوو

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات ئێواره‌ی ڕۆژی شه‌ممه میوانداری کۆمه‌ڵیک له کورده‌کان‌و ئێرانی‌یه‌کانی دانیشتووی پاریسی کردو له سمینارێکدا وێرای باس‌و لێکدانه‌وه‌یه‌کی گشتیی ناوچه‌که‌و کێشه‌ی ئێستاو داهاتووی ئێران، گوێی بۆ پرسیارو تێبینی‌و پێشنیاری به‌شدارانی کۆڕه‌که ڕاگرت .

شایانی باسه که به‌رپرسی کۆمیته‌ی حیزب له فه‌رانسه‌و ئه‌ندامانی کۆمیته له پاریس له‌و کۆبوونه‌وانه‌دا هاوڕێی سکرتێری گشتیی حیزب بوون.

## هه‌یئه‌تێکی ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان سه‌ردانی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد



پێشنیوه‌ڕۆی ڕۆژی شه‌ممه، ١٠ خاکه‌لێوه، هه‌یئه‌تێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان به سه‌رپه‌رستیی به‌ڕێز خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، پێشوازیی له هه‌یئه‌تێکی ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان به سه‌رۆکایه‌تیی عه‌ڵی مێهرابی، وته‌بێژی ئه‌و ڕێکخراوه‌یه کرد.

له سه‌ره‌تای دیداری نێوان هه‌ردوو هه‌یئه‌تی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان‌دا، کاک خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای به‌خێرهاتن‌کردنی هه‌یئه‌تی میوان، له پێوه‌ندی له گه‌ڵ زه‌رووره‌تی پێکهاتن‌و چۆنیه‌تیی ده‌سبه‌کاربوونی بزووتنه‌وه‌ی یارسان‌و به تایبه‌ت ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان چه‌ند پرسیارێکی ڕووبه‌رووی هه‌یئه‌تی ناوبراو کرده‌وه که دواتر له لایه‌ن هه‌یئه‌تی یارسانه‌وه وه‌ڵامی به‌ڕێزیان درایه‌وه.

له درێژه‌ی دانیشتنه‌که‌دا هه‌ردوو هه‌یئه‌ت به هه‌ستکردن به زه‌رووره‌تی گرینگی‌دان به ناوچه‌کانی باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان‌و ڕێزگرتن له جۆراوجۆریی پێکهاته‌ی ئایینی‌و زاراوه‌یی خه‌ڵکی ناوچه‌کانی کوردستان، بیروڕایان گۆڕیه‌وه‌و له پێوه‌ندی له گه‌ڵ دابین‌کردنی به‌ژه‌وه‌ندیی گشتیی پرسی نه‌ته‌وه‌یی له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان دا هاوڕا بوون.

له دوایین به‌شی دیداره‌که‌دا هه‌ردوو هه‌یئه‌تی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان پێیان له سه‌ر درێژه‌دانی پێوه‌ندی‌یه‌کانیان داگرته‌وه.

## دانیشتنی هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان له‌گه‌ڵ هاوسه‌ۆکی «کۆما جڤاکێن دیموکراتیک»



ده‌سته‌ی نوێنه‌رایه‌تیی حیزبی دیموکراتی کوردستان که بۆ به‌شداری له متینگی نه‌ورۆز له شاری ئامه‌د سه‌ردانی باکووری کوردستانی کردبوو، له‌گه‌ڵ شاندێکی کۆما جڤاکێن دێموکراتیک دیدارو چاوپێکه‌وتنی کرد.

پێشنیوه‌ڕۆی هه‌ینی ٢٢ی مارس، هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان، له باره‌گای سه‌رکردایه‌تیی «کۆما جڤاکێن دیموکراتیک» له شاری ئامه‌د، چاویان به ئه‌حمه‌د تورکو ئایسه‌ل توگلوک، هاوسه‌رۆکی «کۆما جڤاکێن دیموکراتیک» که‌وت.

هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکرات، وێرای گه‌یاندنی په‌یامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سه‌رۆکایه‌تیی»کۆما جڤاکێن دیموکراتیک» به بۆنه‌ی نه‌ورۆز، ڕێزو پێزانینی ڕێبه‌ری‌و تێکۆشه‌رانی حیزبی دیموکراتیان بۆ خه‌باتو تێکۆشانی ڕێبه‌ران‌وکه‌سایه‌تی‌یه دیاره‌کانی خه‌باتی جه‌ماوه‌ری‌و ئاشتی‌خوازانه‌ی نه‌ته‌وه‌که‌مان له باکووری کوردستان‌و یه‌ک له‌وان ئه‌حمه‌د تورک، خسته ڕوو. هه‌یئه‌تی ڕێبه‌ریی حیزبی دیموکرات به سه‌رنجدان به ڕۆڵی سه‌رۆکایه‌تیی کۆما جڤاکین دیموکراتێک له وتووێژی نێوان سه‌رۆکایه‌تیی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و ده‌وڵه‌تی تورکیه‌دا، داواکاری خوێندنه‌وه‌ی ئه‌حمه‌د تورک، له باره‌ی ئاشتی‌و چاره‌سه‌ری پرسی کورد له تورکیه بوو. به پێی روانیینی سه‌رۆکایه‌تیی کۆما جڤاکێن دیموکراتیک، نزیکه‌ی سه‌د ساڵه عه‌قڵییه‌تی ئینکارو سه‌رکوتی کورد له تورکیه له سه‌ر کاره، نزیک به ٣٠ ساڵیشه له به‌ینی کوردو ده‌وڵه‌ت شه‌ر هه‌یه، به‌ڵام نه کورد چۆکی داداوه‌و نه حکوومه‌تی تورک له نێو چووه. هه‌ر بۆیه ڕێگا هه‌ر ئاشتی‌و دانتان به مافه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورده، به‌ڵام قبووڵکردن‌و هه‌رسکردنی مافی کورد بۆ زۆر لایه‌ن که به بیرکردنه‌وه‌وگیانی ئینکاری کورد راهاتوون، کاریکی هاسان نیه. له گه‌ڵ ئه‌مه‌ش دا، ئه‌وه‌ی ئێستا له ئارا دایه ده‌سپێکه‌و پێویسته به هاوکاریی هه‌موو لا بچێته پێش.

له‌م دیداره‌دا، ده‌قی په‌یامی هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ به‌شداریی جه‌ژنی نه‌ورۆز له ئامه‌د ، درا به هاوسه‌رۆکی کۆما جڤاکێن دیموکراتیک که به گه‌رمی پێشوازی‌یان له‌نێوه‌رۆکی په‌یامه‌که کرد.

له‌و دیداره‌دا ئه‌حمه‌د تورکو ئایسه‌ل توگلووک، خۆشحاڵیی خۆیان له دیداری هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان له شاری ئامه‌د ده‌ربڕی‌و هیواشیان خواست که له سه‌فه‌ره‌کانی داهاتوویان بۆ هه‌رێمی کوردستان، سه‌ردانی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکه‌ن.

## متینگی نه‌ورۆزیی ئامه‌د، چڵه‌پۆپه‌ی متینگه نه‌ورۆزی‌یه‌کانی ئه‌مساڵی باکووری کوردستان به به‌شداریی هه‌یئه‌تێک له حیزبی دیموکراتی کوردستان، جه‌ژنی نه‌ورۆز له شاری ئامه‌د به‌ڕێوه چوو



ڕۆژی ٢١ ی مارسی ئه‌مساڵ ، له شاری ئامه‌دی باکووری کوردستان به‌شکۆترین ڕێوره‌سمی نه‌ورۆزی به‌ڕێوه چوو. ڕێوره‌سمی نه‌ورۆزی ئامه‌د، چڵه‌پۆپه‌ی متینگه‌کانی ئه‌مساڵی نه‌ورۆز بوو که له شاره‌کانی باکووری کوردستان له ڕۆژی ١٧ی مارسه‌وه به‌ڕێوه ده‌چوون.

بۆ متینگی نه‌ورۆزیی ئه‌مساڵی شاری ئامه‌د، جگه له خه‌ڵکی ئامه‌دو هه‌زاران که‌س له خه‌ڵکی شاره‌کانی دیکه‌ی باکووری کورستان، ده‌یان هه‌یئه‌ت له حیزب‌و ڕێکخراوو کۆمه‌ڵه سیاسی‌و مه‌ده‌نی‌یه‌کانی به‌شه جۆراوجۆره‌کانی کوردستان‌و ، سه‌دان که‌سایه‌تیی دۆستی کورد له وڵاته جیاوازه‌کانی جیهان‌و به هه‌زاران کورد له ئورووپاوه، بانگهێشتن کرابوون. له سه‌ر بانگهێشتنی هه‌ر دوو هاوسه‌رۆکی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی (ب.د.پ)، به‌ڕێزان گوڵته‌ن کشاناکو سه‌لاحه‌دین ده‌میرتاش، هه‌یئه‌تێک له ڕێبه‌ریی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، پێکهاتوو له قادر وریاو حه‌سه‌ن قادر زاده، له ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و برایم زێوه‌یی، ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌و نوێنه‌ری حیزبی دیموکراتی کوردستان له هه‌ولێر، به‌شداری ئه‌و متینگه بوون.

ئه‌مساڵ به بۆنه‌ی ده‌ستپێکردنی پرۆسه‌ی وتووێژ و دانوستان له نێوان سه‌رکردایه‌تیی بزووتنه‌وه‌ی کورد له باکووری کوردستان و ده‌وڵه‌تی تورکیه، نه‌ورۆز له هه‌موو شاره‌کانی باکووری کوردستان و ئه‌ستانبوڵ و به تایبه‌تی له شاری ئامه‌د، به شکۆیه‌کی تایبه‌ته‌وه به‌ڕێوه چوو. به پێی به‌راوردی لێژنه‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری ئه‌م یاده، له گۆڕه‌پانی نه‌ورۆز له ئامه‌د، زیاتر له یه‌ک میلیۆن که‌س به‌شدار بوون.

له متینگه‌که دا هاوسه‌رۆکه‌کانی «که‌جه‌ده« (کۆما جڤاکێن دیموکراتیک) و پارتی ئاشتی‌و دێموکراسی (ب. د. پ ) هه‌ر وه‌ها سه‌رۆکایه‌تیی شاره‌وانیی ئامه‌دو پارلمانتارانی ب.د.پ له پارڵمانی تورکیه، قسه‌یان بۆ جه‌ماوه‌ری میلیۆنیی به‌شداری متینگه‌که کرد. به‌ڕێزان ئه‌حمه‌د تورک سه‌رۆکی که‌جه‌ده، عوسمان بایده‌میر، سه‌رۆکی شاره‌وانیی ئامه‌د، گوڵتان کشاناکو سه‌لاحه‌دین ده‌میرتاش هاوسه‌رۆکی پارتی ئاشتی‌و دێموکراسی (ب.د.پ)،و چه‌ندین پارلمانتێرو که‌سایه‌تیی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی وتاری حه‌ماسی‌و نه‌ته‌وه‌یی‌یان پێشکه‌ش کرد. نێوه‌رۆکی وتاره نه‌ورۆزی‌یه‌کانی ئه‌م متینگانه، گرنگیی جه‌ژنی نه‌ورۆز وه‌ک جه‌ژنێکی نه‌ته‌وه‌یی‌و پشتگری‌و پێداگری له سه‌ر په‌یامی ئاشتیی به‌ڕێز عه‌بدوڵلا ئوجه‌لان بوو که هه‌ر له‌م ڕۆژه‌و له‌م متینگه گه‌وره‌یه‌دا بڵاو کرایه‌وه. ده‌قی کوردیی ئه‌و په‌یامه له لایه‌ن پارلمانتێر په‌روین بولدان خوێندرایه‌وه.

له په‌یامه‌که‌ی به‌ڕێز ئوجه‌لان‌دا هاتبوو: « سه‌رده‌می چه‌وساندنه‌وه‌و ئینکاری گه‌لان به سه‌رچووه. گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راستو ئاسیای ناوین، به دوای شوناس‌و ڕه‌چه‌له‌کی خۆیان‌دا ده‌گه‌ڕێن.... سه‌رده‌می خه‌باتی چه‌کداری به سه‌ر چووه‌و سه‌رده‌م سه‌رده‌می سیاسه‌تی دیموکراتیکه... بانگه‌وازی من بۆ لاوه‌کان‌و بۆ هه‌موو ئه‌وانه‌ی گوێ له من ده‌گرن ئه‌وه‌یه که له‌مڕۆڕا سه‌رده‌مێکی نوێ ده‌ست پێ ده‌کا، سه‌رده‌می سیاسه‌تی دیموکراتیک. بناغه‌ی ئه‌م سیاسه‌ته، مافه دیموکراتی‌یه‌کان، ئازادی‌و یه‌کسانی‌یه« .

شایانی باسه بوونی هه‌یئه‌ته‌کانی به‌شه‌کانی دیکه‌ی کوردستان‌و یه‌ک له‌وان حیزبی دیموکراتی کوردستان له نێو میوانانی تایبه‌تی ئه‌م متینگه‌دا، بووه هۆی خۆشحاڵیی سه‌رۆکایه‌تیی شاره‌وانیی ئامه‌دو سه‌رکردایه‌تیی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی. هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی له نزیکه‌وه‌ی نه‌ورۆزو ئه‌م متینگه به هێژایان ئه‌حمه‌د تورکو گوڵتان کشاناکو به‌رپرسانی دیکه‌ی پێوه‌ندیدار، په‌یامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشیان بۆ ئه‌م بۆنه مێژوویی‌یه گه‌یانده لێژنه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رو سه‌رۆکایه‌تیی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی.

## دیداری هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان له گه‌ڵ سه‌رۆکی شاره‌وانیی شووره‌ی ئامه‌د




ده‌سته‌ی نوێنه‌رایه‌تیی حیزبی دیموکراتی کوردستان که بۆ به‌شداری له متینگی نه‌ورۆز له شاری ئامه‌ددا سه‌ردانی باکووری کوردستانی کردبوو، ڕۆژی دووهه‌می مانه‌وه‌ی له‌م شاره‌دا کۆمه‌ڵێک دیدارو چاوپێکه‌وتنی سیاسیی کرد که یه‌ک له‌و دیدارانه چاوپێکه‌وتن له گه‌ڵ سه‌رۆکی شاره‌وانیی شووره‌ی ئامه‌د بوو.

سه‌رله‌به‌یانیی ڕۆژی هه‌ینی ٢٢ی مارس، هه‌یئه‌تی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو له قادر وریاو حه‌سه‌ن قادرزاده، ئه‌ندامانی ده‌فته‌ری سیاسی‌و برایم زێوه‌یی، ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌و نوێنه‌ری حیزبی دیموکرات له شاری هه‌ولێر، له ناوه‌ندی شاره‌داریی شووره‌ی ئامه‌د، له لایه‌ن عه‌بدوڵلا ده‌میرباش، سه‌رۆکی شاره‌وانی‌و هه‌ڤاڵ محه‌ممه‌د عه‌لی، جێگری سه‌رۆک پێشوازی‌یان لێ‌کرا.

ده‌سته‌ی نوێنه‌رایه‌تیی حیزبی دیموکرات، وێڕای پیرۆزبایی‌و ده‌ستخۆشی بۆ شاره‌داریی ئامه‌د به بۆنه‌ی ڕێکخستن‌و به‌ڕێوه‌بردنی سه‌رکه‌وتووانه‌ی متینگی میلیۆنیی شاری ئامه‌د، هه‌ڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی له هه‌مبه‌ر خه‌باتی ئاشتی‌خوازانه‌و ره‌وای نه‌ته‌وه‌که‌مان له باکووری کوردستان که پشتیوانی‌و هاوپێوه‌ندی‌یه، دووپات کرده‌وه.

له‌م دیداره‌دا، عه‌بدوڵلا ده‌میرباش به تاسه‌و هۆگری‌یه‌وه گوێی بۆ باسی هه‌یئه‌تی میوان له باره‌ی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتو خه‌باتی گه‌لی کورد له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان ڕاگرتو دواتر سه‌رۆکی شاره‌وانیی شووره‌ی ئامه‌د روانگه‌و لێکدانه‌وه‌ی خۆی له باره‌ی پرسی کورد به گشتی‌و به تایبه‌تی دۆزی کورد له تورکیه، خسته ڕوو. ده‌میرباش له قسه‌کانی‌دا سه‌ده‌ی ٢١ ی به سه‌ده‌ی ڕزگاریی نه‌ته‌وه‌ی کورد ناو بردو هه‌ڵوێستی کوردبه‌رامبه‌ر به گۆڕانه‌کانی ناوچه‌ی، له هه‌ڵوێستی هه‌موو نه‌ته‌وه‌کانی دیکه، به باشتر زانی.

له‌و دانیشتنه دۆستانه‌یه‌دا به‌ڕێز ده‌میرباش‌و هه‌یئه‌تی میوان پێیان له سه‌ر پێویستیی هاریکاری‌و یه‌کگرتوویی بزووتنه‌وه‌ی کورد له به‌شه جۆراوجۆره‌کانی کوردستان داگرت.

## بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لە ناوچەی ئۆستفۆڵدی نورویژ

کۆمەڵەی کولتوری کوردی لە ئۆستفۆڵدی نوروێژ بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە جێژنێکی بەشکۆی بۆ کوردانی ئەو دەڤەرە پێک هێنا.

لەو جێژنەدا پەیامی کۆمەڵەی کولتوریی کوردی لە ئۆستفۆڵدی نوروێژ بەو بۆنەیە لەلایەن بەرپرسی ئەو ناوەندە کەلتورییەوە خوێندرایەوە پەیامی کومیتە ناوچەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەلایەن ڕەسووڵ پەناهی، پەیامی کەرتی ئۆستفۆڵدی یەکیەتی نیشتیمانیی کوردستان، پەیامی بزووتنەوەی گۆڕانو پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە پێشکێش کران.

لەدرێژەی ئەو ڕیورەسمەدا ئامادەبووان بە شاییو هەڵپەرکێ بەرەوپیلی ساڵی نوێو نەورۆز چوون.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نوێبوونەوەی ساڵی نوێ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاوری نەورۆز کرایەوەو ڕێوڕەسمی نوێبوونەوەی ساڵ بە گەرمیو بەشکۆیەکی کەموێنە بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ ی ڕەشەممەو بەر لە نوێبوونەوەی ساڵ لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب دەستی پێکردو پاشان تا ئێوارە درێژەی پێدرا، بە ئاهەنگو خۆشیو شاییو هەڵپەرکێ بەخێرهاتنی نەورۆز کرا.



لە ڕێوڕسمی نوێبوونەوەی ساڵدا کە بەبەشداریی نیزیک بە هەزار کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو میوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جووڵانەوەی کورت پەیامێکی نەورۆزیی پێشکێشی خەڵکی کوردستان کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەند تابلۆ گۆرانیو هەڵپەرکێ کۆرەکەیان رازاندەوەو ئەو ڕێوڕەسمە بە کردنەوەی ئاوری نەورۆزو شاییو هەڵپەرکێی بەشداران تا ئێوارە درەنگان درێژەی پێدرا.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان





حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک لە ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە، شەستو شەشەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانیدا، یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڕێی ئازادیی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوا نێوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٠ی خاکەڵێوە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ژمارەیەک لە بنەماڵەکانی حیزب بەڕێوە چوو، سەرەتا بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە بە ئامادەبوون لە سەر گڵکۆی بەشێک لە شەهیدانی حیزبو دانانی چەپکەگوڵ لە سەر مەزاریان، پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدانی حیزب نوێ کردەوە.

لە بەردەوامیی ئەو ڕێوڕەسمەدا کە لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب بەڕێوە چوو، بە سروودی ئەی شەهیدانو ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی درێژە بەو یادە درا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبەوە خوێندرایەوە. کە هەر لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی **«کوردستان»دا** سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی رادەکێشین.

لە بەردەوامیی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەند پارچە شێعرێک لەلایەن شاعیرانی خاوەن هەست ئەحمەد قادریو هیوا ڕاعی خوێندرانەوەو سەید جەلال ساڵحی، شێعرێکی شەهید شێخ غەریب حەسەنیی لە وەسفی شەهیددا خوێندەوەو کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش چەند سروودو مەقامێکیان پێشکیش کرد.

دوایین بەشی ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کردنەوەی پیشانگای وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

شایانی باسە کە هەر لە پێوەندی دەگەڵ ڕێوڕەسمەکانی شەستو شەشەمین ساڵڕۆژی ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانیدا ڕۆژی هەینی، ٩ ی خاکەلێوە ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکەوە سەردانی مەزاری شەهیدانیان کردو هەر بەو بۆنەیەش پەیامێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە لایەن کوردانی دانیشتووی ئەمریکاوە

**کوردستان و کورد نیوز:** ڕێکەوتی ١٧ی مارسی ٢٠١٣ لە کاتژمێری ١٠ی سەرلەبەیانی تاکوو ٥ی ئێوارە بەکاتی واشنگتن لە ڕێستن تاونی سەنتەری ڤیرجینیا مەراسمی جێژنی نەورۆز بەهاوکاریو بەشداریی کوردەکانی دەوەری واشنگتن بەڕێوەچوو.

ئەم مەراسمە بە دانانی پێشانگایەکی کولتوریو هەروەها گۆرانیو مۆسیقاو تیپی هەڵپەرکێی کوردی رازاوەتر بوو و ژمارەیەکی بەرچاو میوانی بیانیو کەسایەتیی ئەمریکایی سەردانی پێشانگاکەیان کردو لە نزیکەوە لەگەل بەشداربووان لە شایو خۆشیی ئەم ڕۆژەدا بەشدار بوون.

کامران باڵنوور نوێنەری حیزب لە ئەمریکا، توانی لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتییە ئەمریکاییەکانو یەک لەوان بەڕێز تێری مەکالیف، کاندیدای حیزبی دێموکرات بۆ ئوستانداری ئەیالەتی ڤیرجینیا دیدارو چاوپێکەوتن بکاو باسی ئەم ڕۆژە مێژووییەیان بۆ بکاو هەروەها چاوپێکەوتنی لەگەل کوردستان تیڤیو بەشی فارسی ڤی ئۆ ئەی و رادیۆ کوچە و ڕۆژنامەیەکی خۆجێیی کرد و لە پیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆژەدا قسەی بۆ کردن.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم ڕێوڕەسمە بە دەستپێشخەریو هاوکاریو هاوبەشیی کوردانی دانیشتووی واشنگتۆنو بەهاوکاریی حیزبەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەڕێوە چوو.


کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە واشنگتن بەشداریی چالاکانەی لەم ڕێورەسمەدا کرد.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا



## بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لە پارلمانی ئورووپا





لە پارلمانی ئورووپاو لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا جێژنی نەورۆز بەڕێوە چوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی مارسو لەو جێژنەدا کە لەلایەن گرووپی سەوزەکانی پارڵمانی ئورووپاوە بەڕێوەچوو، نزیک بە ٣٠٠ کەس لە نوێنەرانی نەتەوەکانی کورد، فارس، تورکی ئازەری، لور، گیلەک، تاجیک، ئەفغانی، ئازەری، ، تورکمانو بلژیکی لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئورووپاو ئەمریکا بەشدار بوون.

ئەو جێژنە بە وتەی بەخێرهێنانی خانمی ئیزابێل دوڕانت، جێگری سەرۆکی پارڵمانی ئوروپا کرایەوەو دواتر شۆوی جلوبەرگی ژنانی نەتەوەکانی جۆراوجۆری باوەڕمەند بە نەورۆز بەڕێوە چوو.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانیو ئورووپایی وتاریان پێشکەش کردو لەو بەشەدا کاوە ئاهەنگەری ، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکارتی کوردستان لە لایەن کوردەکانەوە وتارێکی لەسەر نەورۆز بە سێ زمانی کوردی، ئینگلیسیو فارسی پێشکەش کرد.

کاوە ئاهەنگەری وێڕای پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز لە هۆگرانیو باوەڕمەندانی ئەو جێژنە دێرینەیە، ئاماژەی بە گرینگیی ئاگر لە ژیانو کولتووری کورد کردو جەختی لە سەر فەلسەفەی نەورۆز لە دوو بواری سروشتیو سیاسیدا کردو ڕای‌گەیاند کە نەورۆزو ئاگری نەورۆز نزیک بە دووسەد ساڵە بوونە هێماو هاندەر بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی و ئاشتی.

شایانی باسە کە دوای بەشی وتارەکان، بەشی مۆسیقاو هەڵپەرکێو سەمای نەتەوەکانی بەشدار لە جێژنەکەدا بەڕێوە چوو و لەو بەشەشدا گرووپێکی هەڵپەرکێی باکووری کوردستان بە پێشکەشکردنی چەند جۆر هەڵپەرکێی کوردی ڕێوڕەسمەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

## بەشداریی کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەرۆزدا



لە وڵاتی نۆروێژ بەبەشداریی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان جێژنی نەورۆزی ٢٧١٣ی کوردی بە شکۆوە بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لەبەردەم پارلمانی نۆروێژو بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، سەرەتا پەیامی نەورۆزی لە لایەن ڕەفیق غەفور، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی جێژنی نەورۆزەوە پێشکەش کرا، لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو کە نەورۆزی ئەمساڵ پێمان ئەڵێ کە قوربانیدانو خەباتی گەلی ئێمە بێهودە نەبووەو ڕەنجو تێکوشانی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی نیشتمانو دەرەوەی نیشتیمانو تەنانەت لە زیندانیشدا، قۆناغەکانی سەرکەوتنو پێشکەوتنی مەزنی بەخۆیەوە بینیوەو دەسکەوتی نوێی بەدەست هێناوەو بەدەنگەوە هاتنو هاوکاری لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ ڕۆژاوای نیشتمان نموونەیەک لەو پێشکەوتنەیە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا بە ئاماژە بە ڕەوشی کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان هاتبوو کە بارودۆخو دۆزی خەباتی کورد ئاوا ئەخوازێ کە ئیتر گەلی کوردو حیزبو ڕێکخراوو ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارەکانی بیر لە ستراتیژییەکی هاوبەشی نوێ بکەنەوە کە وەڵامدەرەوەی ئێستا بێ، ئێستایەک کە هەلێکی ئەوەندە پڕ بایەخە زیاتر لە سەدەیەکە بۆ گەلی ئێمە نەرەخساوە. ئێستایەک کە پێویستە ئێمە بە جیهان بڵێین: ئیدی ئێمە ئەو ئەکتۆرەین کە بێ بەشداریی ئێمە ئارامیو سەقامگیرییەک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نایەتە دی، ئیدی بێ لەبەرچاوگرتنی ویستو بەرژەوەندیی ئێمە، کەس لە سامانی کوردستان سوودمەند نابێ. ئیدی ئازادیو ئارامیی گەلانی ناوچەکە بە ئازادیو ئارامیی ئێمەشەوە بەندە. بەڵێ با ئیتر بە ڕاستی ساڵی نوێ بکەینە ساڵێکی جیاواز.

شایانی باسە کە ئەو حیزبو لایەنانەی جێژنی نەورۆزیان لە وڵاتی نۆروێژ پێک هینا، بریتی بوون لە:

پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد — پەیەدە، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ،حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان– پەکەکە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ڕێکخراوی دیموکراتیکی یارسان، چاودێری کوردۆساید — چاک، کۆمەڵەی کەلتوریی کوردی لە ئۆسلۆ، ڕێکخراوی خەباتی شۆشگێڕی کوردستان ، پارتی سەربەستیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخراوی گەنجی کورد، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵەی کوردی سووریە، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانو پارتی سەوزی ئورووپایی کوردستان

شایانی باسە ئەوە یەکەم جارە کە ١٩ حیزبو ڕێکخراوی کوردستانیو ئورووپایی پێکەوە جێژنی نەتەوەی کورد واتە نەورۆز بەڕێوە دەبەن.

## کۆبوونەوەی نەورۆزیی کۆمەڵەی کەلتووریی کوردیی ڕۆمەریکەو یەکیەتیی لاوان

کۆمەڵەی کەلتووریی کوردیی ڕۆمەریکەی نۆڕوێژ بە هاوکاریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی هاتنەوەی نەورۆز ریورەسمێکی پێک هێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٣ ی خاکەلێوە بەڕێوە چوو، پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵەی کەلتووریی کوردیی ڕۆمەریکە لەلایەن سەردار محەممەدپوورەوە خوێندرایەوەو بە سروودو گۆرانی پێشوازی لە نەورۆزو جێژنی سەری ساڵی نوێی کوردی کرا.

لە پەیامی کۆمەڵەی کەلتووریی کوردیی ڕۆمەریکە بەو بۆنەیەدا وێڕای ئاماژە بە مێژووی جێژنی نەورۆزو گرنگیی ئەو بۆنەیە بۆ نەتەوەی کوردو ڕێگریی دوژمنانی کورد لە بەڕێوەبردنی بەشکۆی ئەو بۆنەیە، هاتبوو کە نەورۆز بریتییە لە پێناسەی ژیانی کورد لە تیۆریداو وەبیرهێنانەوەی مافی ژیانی یەکسانو، سەلماندنو پێشاندانی هەبوونی کورد لە عەمەلدا.

لە درێژەی ئەو ریورەسمەدا چەند پارچە شێعری نەورۆزی لەلایەن مامۆستا سامان خانەقی خوێندرایەوەو پاشان کیژانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێ کۆرەکەیان پتر ڕازاندەوەو لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی ئەو جێژنەدا لە لایەن مامە نەورۆزەوە، دیاری بەسەر هەموو منداڵانی بەشدار لە جێژنەکەدا دابەش کرا.

دوژمنان و ڕێژیمە سەرەڕۆکان چاوی دیتنی بەختەوەری وسەرکەوتنی کۆماری کوردستانیان نەبوو، هەر بۆیە حەمە ڕەزا شا دەستووری گرتن و ئێعدامی قازی محەممەد وهاوڕێیانی داو لە ١٠ی خاکە لێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای مهاباد لە سێدارەی دان، بەو فکرەوە کوردی پێ چاوترسێن بکا و دەنگی مافویستانەی کپ بکاودەرفەتی هەستانەوەی دووبارەی لێ بستێنێ

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٤ سالە بەردەوام درێژە بە کردەوە دژی ئینسانی‌یەکانی دەداو مافی مرۆڤ پێشێل دەکاو ڕۆژ نیە چالاکوانێکی ڕووناکبیر، ڕۆژنامە نیگار، نووسەر، مافناس، چالاکی سیاسی‌و مەدەنی قۆڵبەست نەکاو ڕەوانەی زیندانەکانی نەکاو حوکمی قورس تەنانەت ئیعدام بە سەریاندا نەسەپێنێ. ئیعترازو بێزاریی خەلکی ئێران بە تایبەت کوردستان لە چنگ ناعەدالەتی ، بێکاری‌و گرانیی لە ڕادەبەدەرو نە بوونی پێداویستی‌یەکانی ژیان‌و پەرەپێدانی دیاردە دزێوەکانی وەک ئیعتیاد، بە لووتکە گەیشتوە

# پەیامی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بەبۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدان

**بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان!**
**کادرو پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**
**میوانە بەڕێزەکان!**

ئەمرۆ لێرە کۆبووینەوە تا ڕێورەسمی١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە گەڵ بنەماڵەی سەربەرزو رووسووری شەهیدان، هاوسەنگەرانی ئەمەگناس‌و بە وەفای شەهیدان واتە کادرو پێشمەرگەو میوانە بەڕێزەکان کە لە ڕێگای دوورەوە هاتوون ، بەڕێوە بەرین‌و لە بەرانبەر گەورەیی‌و رووحی نەسرەوتووی شەهیداندا سەری ڕێز دانوێنین‌و سەر لە پێناو و بێدەنگ پەیمان تازە کەینەوە کە هاوسەنگەرو ڕێبواری تا سەری ڕێگای شەهیدان بین.

**بەڕێزان!**

پێشەوا قازی محەممەدی نەمر سەر کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمی پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا گەلێک دەسکەوتی بۆ گەلی کورد دەستەبەر کردن، بەڵام بە داخەوە مەودا کەم بوو تا گەلی کورد لە بەروبووی دەسکەوتەکان بحەسێتەوە، ئەم دەسکەوتانە بریتی بوون لە پێکهێنانی سوپای کوردستان ، گرنگی‌دان بە زمانی کوردی‌و بەکار هێنانی لە ئیدارەو قوتابخانەکان، ناردنی ژمارەیەک خوێندکار بۆ ولاتانی بێگانە بۆ خوێندن، بەشداری‌دانی ژنان لە کاروبارە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکاندا،گرنگی‌دان بە چاپەمەنیو ئازادیی رادەربرین‌و گەلێک دەسکەوتی دیکە... هەروەک ئاماژەی پێکرا تا ئەم دەسکەوتانە بچەسپێن‌و کورد لە بەریان بحەسێتەوە، مەودا کەم بوو، تەنیا ١١ مانگ بوو، کە وابوو نەیان‌هێشت کورد بە ئاواتەکانی بگا ، بەلام ئەم دەسکەوتانە لە تاریخی گەلی کورددا تۆمار کران‌و لە زێهنەکان‌دا چەسپین‌و لەراستی‌دا بەرچاوروونی‌و ڕێگاو زێهنیەتێکی موسبەتی بە گەلی کورد دا، کە کورد دەبێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ‌و وەک نەتەوە سەربەستەکانی سەر زەوی، خاوەن زمانی زگماکی‌و خاوەن سەروەری‌و کیان‌و نیشتمانی خۆی بێ.

**هاوڕێیان!**

دوژمنان‌و ڕێژیمە سەرەڕۆکان چاوی دیتنی بەختەوەری‌و سەرکەوتنی کۆماری کوردستانیان نەبوو، هەر بۆیە حەمە ڕەزا شا دەستووری گرتن‌و ئێعدامی قازی محەممەدو هاوڕێیانی داو لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی‌دا لە مەیدانی چوارچرای مهاباد لە سێدارەی دان، بەو فکرەوە کە کوردی پێ چاوترسێن بکاو دەنگی مافویستانەی کپ بکاو دەرفەتی هەستانەوەی دووبارەی لێ بستێنێ . بەڵام نەیان‌زانی، ئەگەر سەری ڕێبەرێک لێ‌بدەن ، نەتەوەیەک نامرێ‌و بەپێچەوانە لە سەر خوێنی شەهیدان دەڕوێتەوە ، کورد بەم‌جۆرە ڕووداوو کارەساتانە دەشلەژێ، بەلام نامرێ‌و تێ‌هەڵدەچێتەوەو ڕێگای گەورەپیاوانی وەک قازی‌یەکان بە لێبڕاوی درێژە دەدا.

لەو ڕۆژەو لەو ڕووداوە ٦٦ سال تێ‌دەپەڕێ. ئەگەر ١٠ی خاکەلێوە ڕووداوێکی گەلێک پڕئێش وئازار بوو لە مێژووی گەلی کورداو وەک بیرەوەری‌یەکی تال سەیری دەکرێ، هەروەها ئەگەر ڕۆژێکی ڕەش بوو بۆ سەرجەم گەلی کورد، لە بەرانبەردا ڕۆژی وەئاگاو وەخۆ هاتنەوەو وشیاربوونەوەی زیاتری گەلی کورد بوو لە سەرماهییەتی ڕێژیمە سەرەڕۆیەکان بە تایبەت ڕێژیمی سەرەڕۆو هەوسارپچڕاوی بەستراوە بە بێگانەی وەک حەمەرەزاشای پەهلەوی‌و مۆرەکانی دەورووبەری.

**هاوڕێیانی خۆشەویست‌و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

حیکمەت چیە کە حیزبی دیمۆکرات ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کردوە، لە بەر: ١_ دیارە لەم ڕۆژەدا یەکەم سەرکۆماری کوردستان قازی محەممەدو هاوڕێیانی لە پێناو ئازادی‌و بەختەوەریی گەلی کوردو مافی مروڤدا، لە لایەن ڕێژیمی حەمە ڕەزاشاوە ناجوانمێرانە لە دار دران‌و شەهید کران، ٢_ هەروەها بۆ ڕێزگرتن‌و وەفاداری‌و ئەمەگناسی‌دەربرین لە بەرانبەر گیانبەختکردوویی ئەو جوانمێرە شەهیدانەی کۆمار و٣_ بە هۆی ئەوەی زۆر لەو رۆڵە قارەمان‌و میراتگرانەی کۆماری کوردستان هاتنە مەیدان‌و شەهید بوون، ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی شەهیدان ناودێر کراوە، چونکە ئەم شەهیدانە ڕێچکەگرو ڕێبواری ڕێگای شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەن کە ئاگاهانەو بوێرانە بە سەخاوەتەوە گیانیان پێشکەشی بارەگای سەربەستیی گەلی کورد کرد، هاومەتەرێزانی شەهیدان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌دا لە گەڵ رووح‌و خوێنی هەموو شەهیدانی کوردستان‌و خەلکی تینووی ئازادیی کوردستان، بنەماڵەی رووسووری شەهیدان‌و زیندانیانی سیاسیی نێو زیندانەکان کە چاوەڕوانی حوکمو سزای بە ناحەقن، عەهدیان بەست بە ڕێگاو ئامانج‌و ئاواتی وەدی نەهاتووی هەموو ئەو مرۆڤە نەترس‌و بەباوەڕانە وەفادار بن‌و ئەوەشیان بە کردەوەو بە بەخشینی خوێنی خۆیان سەلماند.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٤ سالە بەردەوام درێژە بە کردەوە دژی ئینسانی‌یەکانی دەداو مافی مرۆڤ پێشێل دەکاو ڕۆژ نیە چالاکوانێکی ڕووناکبیر، ڕۆژنامە نیگار، نووسەر، مافناس، چالاکی سیاسی‌و مەدەنی قۆڵبەست نەکاو ڕەوانەی زیندانەکانی نەکاو حوکمی قورس تەنانەت ئیعدام بە سەریان‌دا نەسەپێنێ. ئیعترازو بێزاریی خەلکی ئێران بە تایبەت کوردستان لە چنگ ناعەدالەتی ، بێکاری‌و گرانیی لە ڕادەبەدەرو نە بوونی پێداویستی‌یەکانی ژیان‌و پەرەپێدانی دیاردە دزێوەکانی وەک ئیعتیاد، بە لووتکە گەیشتوە. فشارو تەحریمی نێونەتەوەیی بە تایبەت تەحریمی ئابووری ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ سەر دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی قورسایی دەکاو خەلکی هیلاک کردوەو هەروەها دەسەلاتداران لاسارانە وەلامی هیچ یەک لە ولاتو ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە پرۆژەی ئەتۆمی نادەنەوەو ئەوە بۆتە هۆی نیگەرانیی ولاتانی ڕۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکاو ئیسرائیل‌و ڕێگا چارەسەری سیاسی لە بارەی پرۆژەی ئەتۆمی دژوارو ئالۆز کردوە. هەروەها کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتە چەوتەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست درێژە دەداو دەست لە گێرەشێوێنی‌و یارمەتی‌دان بە گرووپە تێرۆریستەکان لە ولاتانی ناوچە هەڵناگرێ. هەموو ئەو هەوڵە دژی ئینسانی‌یانەشی بۆ ئەوەیە کە پایە لەرزۆکەکانی دەسەلات قایم بکاو درێژە بە سەرکوتی خەلکو ئازادی‌ویستان بدا.

**خەلکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی گشت پێشمەرگەکانی کوردستان!**

بۆ ئەوەی لەو هەموو نەهامەتی‌و بێبەشی‌و بێعەداڵەتی‌یە ڕزگارمان بێ‌و سێبەری ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانی‌یە لە سەر خۆمان کەم کەینەوەو رووحی گشت شەهیدانی کوردستان شاد کەینەوە دەبێ:

١_ ئەو ڕێژیمە لە نێو خۆو لە ڕادەی جیهانی‌دا ئیعتباری نەماوەو پایەکانی سست بوون‌و دۆستە کۆنە پەرستەکانیشی لە ناوچەدا کەوتوونە پەلەقاژەی سەرەمەرگ، با پێکەوەو لە یەک ریزدا لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بژین بە هەر شێوەیەک دەگونجێ خەباتو بەربەرەکانی‌یەکانمان ڕێک خەین‌و لە دژی هەلوێست بگرین. ئەو کاتەیە کە هەم رووحی شەهیدان شاد دەبێ، هەم خەلکی کوردستان ئافەرین دەنێرن بۆ ئەم یەکریزی‌و یەکهەلوێستی‌یە.

٢_ ئەمرۆ ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە، هەموو شەهیدەکان لە پێناو سەربەستی‌و بەختەوەریی گەلی کورددا گیانیان بەخشیوە. با بێ جیاوازیی ڕێکخراوەیی، لە ریزی یەکگرتوودا پێکەوە بۆ ئاواتو ئامانجەکانی شەهیدانی کوردستان تێ‌بکۆشین، سەردانی گلکۆی شەهیدان بکەین‌و بە شاخەگولێک وەفاداریی خۆمان دەرببرین‌و بەلێنیان پێ‌بدەین تا سەر ڕێبواری ڕێگایان بین‌و هەروەها سەردانی بنەماڵەکانیان بکەین‌و مندالە نازلێ‌شێواوەکانیان بلاوێنینەوە. ئەو کاتەیە کە رووحی نەسرەوتووی شەهیدان‌و بنەماڵەی شەهیدان شاد دەبن.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لەم ڕۆژە دا ١٠ی خاکەلێوە، جارێکی دیکە لە بەرانبەر هەر شارو گوندێکو شاخ‌و دەوەن‌و لێرەوارێکدا کە تەرمی شۆرەلاوێکی لە خوێنگەوزیوی شەهیدی لێ نێژراوە، هەروەها لە بەرانبەر خەباتو چالاکیی بەردەوامی ڕێبوارانی ڕێی شەهیدان، پێشمەرگەکانی کوردستان‌دا سەری ڕێز دادەنوێنین‌و بە وەقارەوە سەرلە پێناو ڕادەوەستین‌و بەچاوی پر لە ئومێدەوە دەڕوانینە داهاتووی پرشنگداری نەتەوەکەمان‌و خەباتی حیزبەکەمان. بێگومان کورد کە خاوەنی ئەو هەموو شەهیدە سەربەرزەو خاوەنی ئەو بزووتنەوەیەیە کە خوێنی هەزاران لاوی لە پشتە، بە ئاواتو ئامانجەکانی دەگا.

**سڵاو لە رووحی پێشەوا قازی محەممەد، سەر قافلەی شەهیدان.**

**سڵاولە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای سەربەستی‌و ئازادی.**

**سڵاو لە بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان‌و زیندانیانی سیاسی.**

**١٠ی خاکەلێوەی**
**١٣٩٢ی هەتاوی**
**کۆمیسیونی کۆمەلایەتی**
**حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان**

# پەیامی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بۆ متینگی مێژوویی نەورۆز لە شاری ئامەد

**سەرۆکایەتیی بەڕێزی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی!**
**ڕێبەران‌و نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان!**
**کەسایەتی‌یە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکانی کورد ، تورک‌و نەتەوەکانی دیکە!**

میوانانی هێژای ئورووپایی بەشدار لە نەورۆزی مێژوویی ئامەد!
خەڵکی خەباتکاری ئامەدو شارو ناوچەکانی باکووری کوردستان!

سڵاوی ئاشتی‌و برایەتی‌و هاوخەباتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە ئیلام‌و کرماشان‌و سنەو مەهابادو شنۆو ورمێ‌و ماکۆوە، لە سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، د. عەبدولرەحمان قاسملوو، و د. سادق شەرەفکەندی‌یەوە، پێشکەشی ئێوە بێت. ئێمە هاتووین تا گەرمترین پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبمان بەڕێز خالید عەزیزی،و تێکۆشەران‌و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و خوشک و برایانتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لەم ڕۆژە مێژووییەدا بە ئێوە بگەیەنین.

**بەڕێزان!**
**جەماوەری میلیۆنیی بەشدار لەم جەژنە بە شکۆو بێ‌وێنەیەدا!**

ئەمڕۆ لە گەڵ ئێوەدا بە میلیۆنان چاو، بە میلیۆنان دڵ، لە سەرانسەری کوردستانی بەشکراوەوە، لەو پەیامە راماون کە لێرەوە بە گوێی تورکیەو جیهان دەگا، پەیامی ئاشتی‌و مافخوازیی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان لە سەر زمانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئووجەلان، بۆ دەوڵەتی تورکیەو بۆ ڕۆڵەکانی هەر دوو نەتەوەی کوردو تورک. ئێمە جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لە چارەسەری ئاشتی‌یانەی پرسی کورد لەم وڵاتە ڕادەگەیەنینەوەو هیوامان ئەوەیە دەوڵەتی تورکیەو ڕۆڵەکانی هەر دوو نەتەوەی کوردو تورک، شێلگیرانە کار بۆ بەئاکامگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی بکەن. ئاشتی‌یەک کە ئەمڕۆ لێرەوە هاونیشتمانانی کوردو تورک بۆ دەستپێکردنی فەسڵێکی نوێ لە مێژووی تورکیەدا بانگەواز دەکا، ئەگەر بەرەو پێش بچێ‌و بگاتە ئاکام، کاریگەری‌یە سیاسی‌یەکانی لە سنووری تورکیە تێپەڕ دەبێ‌و، پرسی کوردو پێگەی تورکیە لە ناوچەکەدا بەرەوپێش دەبا.

با دەنگی چەکەکان کپ بێت، با دەرگای زیندانەکان بشکێن، با بزەو پێکەنین‌و پێکگەیشتن، جێگای فرمێسکو شێوەن‌و جیایی بگرێتەوە. با کوردستان‌و تورکیە لە ژێر تیشکی خۆری ئاشتی‌و ئازادی‌دا، بگەشێنەوە.

بەم هیوایە.

**دەستەی نوێنەرایەتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ بەشداری لە نەورۆزی مێژوویی ئامەد**
**٢١ی مارسی ٢٠١٣**
**نەورۆزی ٢٧١٣**

# Peyama desteya Nûneratiya Hizba Demokrata Kurdistanê

## Ji mitînga dîrokî a Newrozê li bajarê Amedê

Serokatiya bi rêz a Partiya Aştî û Demokrasiyê!
Rêber û nûnerên hizb û rêxistên siyasî ên beşên cur bi curên Kurdistanê!
Kesayetiyên siyasî û rewşenbîrên Kurd, Tirk û netewên din!
Mêvanên hêja ku ji Ewropa beşdarî Newroza dîrokiya Amedê bûne!
Gelê xebatkarê Amed û şar û hemû herêmên Bakurê Kurdistanê!

Silava aştî, biratî û hemxebatiya ji Rojhilatê Kurdistanê, ji Îlam, Kirmanşan, Sine, Mehabad, Şino, Urmiye û Makuyê li rêbertiya Hizba Demokrata Kurdistanê, hizba Pêşewa Qazî Mihemed, Dr.Ebdulrehman Qasimlo û Dr. Sadiq Şerefkendî ji we re pêşkêş be. Em hatine ku gerimtirîn pîrozbahiya sekreterê giştiya hizba xwe, rêzdar Xalid Ezîzî û tekuşer û pêşmergeyên Hizba Demokrata Kurdistanê û xwîşk û birayên we ji Rojhilatê Kurdistanê, di vê roja dîrokî de bigehînin we.

Gelî birêzan!
Girseya miliyoniya beşdar di vê cejna bê mînak û bi heybet de!

Îro bi we re bi milyonan çav û dil li hemû Kurdistana perçebûyî, li vê peyama ku li vira digehe guhê Tirkiyê û cîhanê, peyama aştî û mafxwaziya netewa Kurd li Bakurê Kurdistanê ji zarê birêz Ebdullah Ocalan, ji dewleta Tirkiyê û zarên herdu netewên Kurd û Tirk re ye. Em careke din piştgîriya xwe ji çareseriya aştiyane a pirsa Kurd li wî welatî didin xuya kirin. Hêviya me ewe ku dewleta Tirkiye û zarên herdu netewên Kurd û Tirk, bê rawestan ji bo bi encam geheştina proseya aştiyê kar û xebatê biken.
Aştiya ku îro li wira hemwelatiyên Kurd û Tirk ji bo despêkirina rûpeleke nû di dîroka Tirkiyê de jê re bangê dikin, eger ber bi pêşve biçe û bigehije encamê bandorên wê yên siyasî yê ji sinorên Tirkiyê derbas bibin û pirsgirêka Kurd û statuya Tirkiyê di herêmê de ber bi pêşve bibe.
Bila çek bên bêdeng kirin, bila deriyê girtîgehan bên şikandin, bila girnijîn û pêknîn û hev hembêz kirin, cîhê hêsir û qêrîn û cudatiyê bigrin. Bila Kurdistan û Tirkiye di bin tîrêjên tava aştî û azadiyê de geş bibin.
Bi van hêviyan.

Desteya Nûneratiya Hizba Demokrata Kurdistanê
ji mitînga dîrokî a Newrozê li bajarê Amedê.
21'ê Adara sala 2013
Newroza 2713

**کەماڵ کەریمی:**
**پێش هەموو شتێک وتارەکەی خامنەیی دەری‌دەخست کە فشار لەسەر ڕێژیمەکەیان ئەوەندە زۆر بووە کە ئیدی بیری ئاواڵەی ڕێبەر ناتوانێ بپرژێتە سەر باسی هەموو گیروگرفتەکانی خەڵک. هەربۆیە هەڵوێستەی لەسەر سێ بابەتی گرنگ کرد کە ئەمڕۆ ترسیان خستووەتە نێو دڵی ئەوو دەستوپێوەندەکانیەوە.**

**مەسعود ڕەواندووست:**
**ئێران بێ‌گوێدان بە هیچکام لەم هەوڵو گوشارانەی ڕۆژئاوا بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی خۆی بردۆتە پێشو ڕۆژئاواش سەرەڕای هەموو هەوڵەکان دەرفەتێکی زۆری لەدەستداوەو خەڵکی ئێرانیش باجی هەموو ئەم کێشەو ململانێ‌یەیان داوە**

# دارو لەلەی خامنەیی بۆ هەڵبژاردن



کەماڵ کەریمی

نەورۆزی ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی نەورۆزو نوێ‌بوونەوەی ساڵدا، چووە مەشهەد. لەو ڕێوڕەسمەدا کە لە مەرقەدی ئیمام رەزا بەڕێوە چوو، خامنەیی لە وتارە نەورۆزی‌یەکەی‌دا ڕوو لە خەڵکی ئیران چەند پرسێکی تایبەتیی خستە بەرباسو لە نێویان‌دا گرینگیی زۆرتری بە یەکیان دا کە ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ١٣٩٢.

پێش هەموو شتێک وتارەکەی خامنەیی دەری‌دەخست کە فشار لەسەر ڕێژیمەکەیان ئەوەندە زۆر بووە کە ئیدی بیری ئاواڵەی ڕێبەر ناتوانێ بپرژێتە سەر باسی هەموو گیروگرفتەکانی خەڵک. هەربۆیە هەڵوێستەی لەسەر سێ بابەتی گرنگ کرد کە ئەمڕۆ ترسیان خستووەتە نێو دڵی ئەوو دەستوپێوەندەکانیەوە. یەکەم، وەزعی خراپی ئابووریو ئیداریو شوێن‌دانانی تەحریمەکان. دووهەم دوژمنایەتیی ئەمریکاو هەڵسەنگاندنێکی وتووێژەکانو سێهەمو گرنگتر لە هەمووان سەرنجدانی تایبەت بە بابەتی هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٣٩٢.

پەیامەکەی خامنەیی ڕوو لە ئەمریکا شتێکی نوێی تێدا نەبوو جگە لە چاوەڕوان هێشتنەوەیەکی نادیاری ئەمریکایی‌یەکانو زۆرتر هێنانەبەرباسی مەسەلەی دوژمنایەتی‌یەکانی ئەمریکاو دیسان گەورەکردنەوەی ئەم دوژمنەو باس‌کردن لە ئیسرائیل کە ئەوان لەبەر بچووکیو بێدەسەڵاتی حیسابی بۆ ناکەن، وەک هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ تەحریکی خەڵکو دوورخستنەوەیان لە مەسەلە گرنگە نێوخۆیی‌یەکانو، وەک لە دوابەشی وتارەکەی‌دا دەرکەوت بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای مەسەلەی هەڵبژاردنەکان کەڵکی لێ‌وەرگیرا. لە پاڵ ئەمەدا بە ئیشارەیەکی بچووک بە شویندانەریی تەحریمەکان لەسەر ئابووریی وڵاتو بازارو دڵخۆش‌کردنی خەڵک بەوە کە ئەو تەحریمانە بە هۆی چالاکبوونی توانا شاراوەکانی میللەتی ئێرانو گەشەکردنی لێهاتوویی گەنجەکانەوە شوێنیان لەسەر ژیانی خەڵک نامێنێ، خۆی لەو باسە گرینگەی ئەمڕۆی ئێران دزییەوە.

باس لە هەڵبژاردن کە بێگومان گرنگترین بەشی پەیامەکەی خامنەیی بوو، ترسو دڵەڕاوکێ‌یەکی زۆری پێوە دەبینرێ. هەرچەند خامنەیی لەسەرەتای وتارەکەی‌دا باس لەوە دەکا کە،»لە هەڵبژاردن‌دا هەموو ئەو سەلیقەو جەرەیانانەی باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەیە دەتوانن بەشدار بنو ئەمە هەم حەقە، هەم ئەرکو هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ یەک سەلیقەو جەریانی تایبەتی نیە».

بەڵام بەم تەعاروفە وشکەش کە گۆیا ڕێگە بە سەلیقەی جیاواز دەدا، توندترین هەڕەشە لە سەلیقە جیاوازەکان دەکاو پێبەندبوون بە نیزامو وەدووکەوتنی ڕێبەر وەک مەرجی سەرەکی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا دادەنێ. ئەو بە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ی دوای دزینی دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان‌دا ددان بەوەدا دەنێ کە هەڵوێستی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە دژی کوودیتای هەڵبژاردن لەو ساڵەدا زەرەری زۆری بۆ ئەوان هەبووە. هەر لەوێدا بەپێ‌داگرتنەوە لەسەر ئەوە کە ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ ئەزموونێکی گرنگ بۆ خەڵکی ئێران بوون –کە مەبەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یە– و ئەوان نایانەوێ جارێکی دیکە ئەو ئەزموونە تاقی بکەنەوە، دارو لەلە بۆ ئەو کەسانە دادەنێ کە بیر لە دووبارەکردنەوەی ئەو ڕاپەڕینە حەماسەیی یە بکەنەوە.

لە پەنا ئەم قسانەدا کە زۆرتر هەڕەشە لەو کەسو لایەنانەن کە لە هەڵایساندنی ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانە میلیۆنی‌یەکانی تاران‌و شارە گەورەکانی ئێران لە دژی ئاکامی ڕاگەیەندراوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ٨٨ دا دەوریان هەبووە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە، «هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە سەربەخۆیی‌و ئاسایشی نەتەوەیی هەیەو دڵیان بۆ بەرژەوەندی‌یە نیشتمانی‌یەکانی ئێران لێ‌دەدا دەبێ لە هەڵبژاردن‌دا بەشدار بن‌و بزانن کە ڕوووەرگێڕان لە هەڵبژاردن کاری ئەو کەسانەیە کە دژایەتی‌یان لەگەڵ نیزامی ئیسلامی هەیە».

بەم جۆرە خامنەیی بە ئاشکرا هەڕەشە لەو کەسو لایەنانە دەکا کە تا ئێستاش بە گومانەوە یان بە چاوەڕوانی‌یەکی زیاتر لەو مەرحەمەتەی جەنابی ڕێبەرەوەدەڕواننە هەڵبژاردن‌و، لە ئێستاوە ئاگاداریان دەکاتەوە کە» یان لەگەڵ نیزامن‌و لە هەڵبژاردن‌دا بەشدار دەبن یان لە ڕیزی دوژمنانی نیزام‌دان «و جێگەیان ئەو شوێنەیە کە هاوبیرەکانیان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨ەوە تێیدا بەندکراون‌و لاق خوار دانێن دەبێ چاوەڕوانی ئەو چارەنووسە بن. ئەم جۆرە لێدوانانەی خامەنەیی کە زۆر جار ڕاستەوڕاست قسەکانی خۆی دەردەبڕێ ئاماژەیە بە دەنگۆی بەشداربوون یان بەشدارنەبوونی بەشێک لە ئیسلاحتەڵەبەکان لە هەڵبژاردن‌دا. ئەم قسانەش لە ئێستاوە کە نیزیک بە سێ مانگی بۆ وادەی هەڵبژاردنەکان ماوە، لەوانەیە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوڕاست بەو کەسو لایەنانە بێ کە چاویان لەوەیە ڕێبەر ڕازی بکەن بەوەی، لەو وەزعە ئاڵۆزەی ئێران‌دا بۆ ڕزگارکردنی نیزامیش بێ، لوتفێک نیشان بداو بەڕاستی ڕێگە بە بەشداریی سەلیقە جیاوازەکان لە هەڵبژاردن‌دا بدا. بەڵام خامەنەیی باشتر لە هەموان لە مەسەلەکە حاڵی‌یەو دەزانێ ئەم جارەو لەو هەلومەرجەدا کە ئێستا ئەوانی تێدا دەژین ئەگەر لە ئیرادەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران غافڵ بێ چلۆن دەکەوێتە بەر شەپۆلی ڕقی پەنداوخواردووی ئەو خەڵکە کە ئەو، بەڕواڵەت پشتی پێ بەستوون.

لێرەدا پرسیارێک بێ‌وەڵامە. داخوا خامەنەیی کە وەک هەمیشە لە ئێستاوە هاواری حەماسەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان‌دا دەکا، بەڕاستی نیگەرانی ئەوەیە کە خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەبن یان ترسی لەوەش هەیە کە ئەمجارەش خەڵک بۆ ئابڕووبردنێکی دیکەی ڕێژیم بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و دوای بەشداری‌یان لە هەڵبژاردن‌دا، حەماسەیەکی دیکەی وەک دەربڕینی حەماسەی ناڕەزایەتی‌یەکانی ساڵی ٨٨ بخولقێنن؟ هەرچۆنێک بێ ئەوەی زۆرتر دەکەوێتە بەرچاو نیگەرانیی خامەنەیی لەو خەڵکەیە کە لە هەلێک دەگەڕێن بۆ دەربڕینی ئەوپەڕی ناڕەزایەتیی خۆیان لە ڕێبەرو نیزام‌و هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە کە زیاتر لە سێ دەیەیە ژیانی بەرەو فەوتان بردوون، نەک ترس لەوەی کە هێندێک دڵشکاوی نێو نیزام زویر ببن‌و خۆ لە ئەرکی شەرعی‌یان بدزنەوە.

# دووره دیمەنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران لە ساڵی تازەدا



مەسعود ڕەواندوست

کێشە ئەتۆمی‌یەکەی ئێران‌و ڕۆژئاوا ساڵێکی دیکەی تێپەڕ کردو ئەم کێشەیە لە حاڵێک‌دا پێ‌دەنێتە ساڵی ١٣٩٢وە کە هەر لە سەرەتاوە دیارە ساڵێکی پڕ لە کێشەو ڕووداوی سیاسی چاوەڕوانی ڕێژیم دەکا.

کۆماری ئیسلامی‌و وڵاتی ئێران لە حاڵێک‌دا ساڵی تازە دەست پێ‌دەکەن کە کێشەو ململانێ ئەتۆمی‌یەکەی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاواو، گەمارۆ سیاسی‌و ئابووری‌یەکانی ڕۆژئاوا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ سەر ئەم وڵاتە، بۆتە هۆی ئەوەی ئابووریی ئێران لە هەر کاتێکی دیکە وێرانتر بێ‌و نرخی دراوی ئێران هەتا نزمترین ئاستی خۆی لە ماوەی تەمەنی ڕێژیم‌دا دابەزێ‌و ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی ئێران بکەوێتە قۆناغێکی زۆر سەختو دژوارەوە.

ئەم گەمارۆ سیاسی‌و ئابووری‌یانەی ژیانی خەڵکی ئێرانیان گەیاندۆتە ئەم دۆخەی ئێستا، بەشێک لە بەرنامەو پلانی ڕۆژئاواو لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکا، لە چەند ساڵی ڕابردوودا بووە کە بۆ وەلانانی بەرنامە ئەتۆمی‌یە گوماناوی‌یەکەی خستوویانەتە سەر ڕێژیمی تاران. ڕۆژئاوا لە هەموو ساڵانی کێشەو ململانێ لەگەڵ ئێران‌دا هەوڵی‌داوە بە هەموو ئامرازو شێوازەکان گوشار بخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی لانی‌کەم ئەو بەشە لە بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی وەلا بنێ کە دەبێتە هۆی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی‌و، لەم پێوەندی‌یەدا چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و گەمارۆ سیاسی‌و ئابووری‌یەکانی ئورووپاو ئەمریکا بۆ سەر ڕێژیم‌و مەسئوولو بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەشێک بوون لە هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بێپەنابردن بۆ شەڕو هێرشی نیزامی، ئەم قەیرانە چارەسەر بکەن.

بەڵام ئێستا دوای زیاتر لە دە ساڵ لە دەسپێکی ئەم قەیرانەو لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٢دا ئەوەی وەک ئاکامی ئەم چەند ساڵ مشتومڕو ململانێ‌یە ماوەتەوە، ئەوەیە کە ئێران بێ‌گوێدان بە هیچکام لەم هەوڵو گوشارانەی ڕۆژئاوا بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی خۆی بردۆتە پێش‌و ڕۆژئاواش سەرەڕای هەموو هەوڵەکان دەرفەتێکی زۆری لەدەست‌داوەو خەڵکی ئێرانیش باجی هەموو ئەم کێشەو ململانێ‌یەیان داوە.

بە پێی ئەو زانیاری‌یانەی ئاژانس‌و ناوەندە پێوەندیدارەکان بڵاویان کردوونەوە، ئێران لە ساڵی ڕابردوودا پێنج هەزار سانتریفیوژی لە دامودەزگا ئەتۆمی‌یەکانی زیاد کردوەو لەم دوایی‌یانەش‌دا لە هەوڵی ئەوەدایە نەسلێکی نوێ‌و پێشکەوتووتر لە سانتریفیوژەکان بخاتە خزمەت بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەیەوە کە خێرایی پیتاندنی ئۆرامیان چەند بەرابەری ئەوانی پێشوویە. ئەوە لە حاڵێک‌دایە کە ئێران دژوارترین قۆناغی پیتاندنی ئۆرانیۆم واتە گەیاندنی بە خەستایی ٢٠٪ی بڕیوەو پێش‌بینی دەکرێ ئەگەر هەر بەو ئیمکاناتەی ئێستا درێژە بدا هەتا ساڵێکی دیکە واتە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی ڕادەی پێویستی ئۆرانیۆمی ٩٠٪یی پلۆتۆنیۆم وەدەست بێنێ کە بۆ چەکی ئەتۆمی پێویستەو، ئەگەر بەم قۆناغە بگا ئیدی نە ئەمریکاو نە هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانێ ڕێگە لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بگرێ. لەم نێوەدا ئەگەر ئێران دامەزراوەو ئیمکاناتی ئەتۆمیی خۆی پەرە پێ‌بداو ژمارەی سانتریفیوژەکانی زیاتر بکا، زووتر لە کاتی پێش‌بینی‌کراو دەبێتە خاوەنی ئەم تواناو ئیمکانە.

بە پێی ئەو زانیاری‌یانەی سێ کارناسی ڕۆژئاوایی بە ناوەکانی دەیوید ئالبرایت‌و مارک دۆبوویتزو ئۆردە کیتری لە وتارێکی هاوبەش‌دا لە ڕۆژنامەی وال ستریت ژورناڵ‌دا بڵاویان کردۆتەوە، ئەگەر ڕۆژئاوا نەتوانێ ڕێگە لە زیاترکردنی ژمارەی سانتریفیوژەکانی ئێران بگرێ‌و ئێران ڕێژەی ئۆرانیۆمە ٢٠٪ی‌یەکەی بگەیەنێتە ئاستی پێویست، ئەم وڵاتە دەتوانێ لە ماوەیەکی یەک تا دوو حەوتوویی‌دا قۆناغی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ٢٠٪ەوە بۆ ٩٠٪ ببڕێ‌و بگاتە قۆناغێک کە لە ڕاستی‌دا هیڵی سوورو قۆناغی هەستیاری پرۆژەی ئەتۆمیی ئێرانە. هەربۆیە ئەگەرچی لە کۆبوونەوەی پێشووی ئێران‌و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئالمائاتیی قەزاقستان، ڕۆژئاوا داوای ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٢٠٪یی کرد بۆ ئەوەی ئۆرانیۆمی ٢٠٪یی ئێران نەگاتە ڕێژەی پێویست بۆ بۆمبی ئەتۆمی‌و، بۆ سەپاندنی ئەم داوایە تەنانەت وازی لە داخوازی داخستنی پارچینیش هێنا، بەڵام بە قسەی ئەم کارناسانە بردنەسەری خێرای ژمارەی سانتریفیوژەکان ئەم بەربەستە لەبەردەم ئێران ناهێڵێ‌و بە کردەوە ئەم داوایەی ڕۆژئاواش گرنگی‌یەکی ئەوتۆی نامێنێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، ڕۆژئاوا ئەگەرچی هەروا پێ لەسەر زیاترکردنی گەمارۆو فشارە سیاسی‌و دیپلۆماتی‌یەکان بۆسەر ئێران دادەگرێتەوە، بەڵام باش دەزانێ کە گەمارۆکان لە گێڕانەوەی ئێران لە ڕێگە مەترسیدارەکەی‌دا سەرکەوتوو نەبوونەو، ئۆباما کە بەڵێنی داوە تەنانەت ئەگەر بە ڕێگەی نیزامییش بێ، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدا ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، دەرفەتەکە زۆر کەم دەبینێ‌و نیگەرانی ئەوەیە ناچار بێ بەڵێنەکەی لە بەکارهێنانی هێزی نیزامی‌دا بباتەسەرو پەنا بەرێتە بەر شەڕێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هەربۆیە ساڵی ١٣٩٢ بۆ ئێران‌و پەروەندەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە ساڵێکی گرنگو هەستیارەو ڕۆژئاوا کە ئامادە نیە بە هیچ شێوەیەک ئێرانێکی ئەتۆمی قەبووڵ بکا، تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەستە، یان دەبێ بە زیاترکردنی گوشارەکان‌و پەرەپێدانی گەمارۆکان، ئێران ناچار بکا واز لە بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی بێنێ‌و تەسلیمی گوشارەکانی ڕۆژئاوا بێ، یان ئامادەی هێرشی نیزامی بۆ سەر بنکەو دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران بێ.

سەبارەت بە دوو ڕێگەی بەردەم ڕۆژئاواو ئەگەری سەرکەوتن یان شکستی هەرکام لەم ڕێگایانە، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە گوتراو بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی هەڵسوکەوتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی‌و سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنانەت ئەگەریش ڕۆژئاوا بڕیار بدا چی دیکە ڕێگە بە ئێران نەدا بە درێژ کردنەوەی کۆبوونەوەکان، کاتی زیاتر وەدەست بێنێ‌و لە ئاکامی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی نزیکتر بێتەوەو، لە ژێر گوشارەکان‌دا ئێران ناچار بە تەسلیم‌و مل‌ڕاکێشان‌و بە ڕواڵەت ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٢٠٪ی بکا، دیسانیش ناکرێ بە دڵنیایی‌یەوە بڵێین ڕۆژئاوا بە ئامانجەکانی گەیشتووەو مەترسیی گەیشتنی ڕێژیمی تاران بە چەکی ئەتۆمی نەماوە. چونکە ئێران نیشانی داوە کە ڕێژیمێکی باوەڕپێکراو نیەو نابێ متمانەی پێ‌بکرێ‌و تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەتیش واز لە بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی بێنێ، بە تایبەت کە ئێستا تەکنۆلۆژیی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە وەدەست‌هێناوەو ژمارەیەکی بەرچاوی کارناس‌و شارەزا لەم بوارەدا پەروەردە کردوە، هەرکات بۆی برەخسێ پرۆژە سەرەکی‌یەکەی کە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی‌یە بە ئەنجام دەگەیەنێ.

هەر بۆیە ئەگەر ڕۆژئاوا ئەم ڕاستی‌یە وەبەرچاوبگرێ، بە تایبەت کە ئیسرائیل زۆر بە توندی لەسەر ئەم باوەڕەیەو هەرگیز متمانەی تەواوی بە ئاکامی وتووێژو دیالۆگو ڕێگەچارەی سیاسی لەگەڵ ئێران نەبووە، بە کردەوە ئەم ڕێگەیەش خۆی لە ڕێگەی دووەم‌دا دەبینێتەوە. کەوابێ بە پێی هەموو نیشانەو لێکدانەوەکان ساڵی تازە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی ئێران‌دا ساڵێکی هەستیارو گرنگەو دەبێ چاوەڕوانی قۆناغێکی گەرم‌و پڕکێشەتر بۆ ئێران بین ، بە تایبەت کە ساڵی تازە ساڵی هەڵبژاردنی سەرکۆماریشەو ململانەکانی نێودەسەڵاتیش هەتا دێ تۆختر دەبنەوە.





قادر وریا: دیارە هەڵەیە ئەگەر وا لێک بدرێتەوە کە پەیامەکەی ئۆجەلان تەنیا ڕووی لە کوردو ڕووی لە پارتی کریکارانی کوردستانە. ئەو بێدەنگکردنی چەکەکانو ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی لە هەردوو لا (هەم پێ کا کاو هەم دەوڵەتی تورکیە) دەوێ. خۆ ناکرێ گریلاکان لە باکووری کوردستان پاشەکشە بکەنو ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان ڕابگرن، بەڵام هێرشی زەمینیو هەوایی سوپای تورکیە بۆ سەر ئەوان هەر بەردەوام بێو ئاشتییش بێتە دی.

یەکگرتوویی کورد لەو وڵاتەو بەردەوامیی بزووتنەوە جەماوەریو مەدەنییەکەیو هەر لەو کاتەدا هەوڵدانی شێلگیرانەی بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو وڵاتەو بیروڕای گشتیی جهیانی لە پرۆسەی ئاشتی، بۆ چەسپاندنی ئەو هەنگاوانەی نراونو بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر، دەتوانن هومێد بە ئاشتیو چارەسەری دادپەروەرانە، بە هێزتر بکەن.

## لە وتوویێژێکی تایبەت لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا،

## قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# «تێکۆشان بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیە، جێگای پشتیوانیی حیزبی ئێمەیە»

ئاماژە: لە نەورۆزی ئەمساڵدا هەیئەتیکی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە، لە متینگی نەورۆز لە شاری ئامەددا بەشدار بوو. لەم بۆنەیەدا پەیامی ئاشتیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕوو بە هەر دوو نەتەوەی کوردو تورک کە لە زیندانی ئیمرالییەوە ناردبووی، پێشکەش بە زیاتر لە یەکونیو میلیۆنکەس خەڵکی ئامادە بوو لەو متینگەدا کرا. بۆ تیشکخستنەسەر ئالوگۆڕەکانی ئەم دوایانەی تورکیە لە پێوەندیدی دەگەڵ پرسی کورددا ، «کوردستان»ئەم وتوویژەی لە گەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دیموکرات بۆ بەشداری لە متینگی «ئامەد»دا پێک هێناوە:



**«کوردستان»: سەرەتا پێمان خۆشە لە پێوەندی لە گەڵ سەردانەکەتاندا کورتەیەکمان بۆ باس بکەن.**

**قادر وریا:** سەردانی هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لە متینگی نەورۆزیی ئامەددا (کە لە هاوڕێیان حەسەن قادرزادەو برایم زێوەییو من پێکهاتبوو) لە سەر بانگهێشتنی هەر دوو هاوسەرۆکی پارتی ئاشتیو دێموکراسی ( ب.د.پ) بەڕێزان گوڵتەن کشاناکو سەلاحەدین دەمیرتاش، بۆ بەشداری لە ڕێورەسمی مێژوویی نەورۆزی ئەمساڵدا، بوو.

دیارە بەشداریی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم متینگەدا، بایەخدان بوو بە پیوەندیی ئەم حیزبەو پارتی ئاشتیو دێموکراسیو هەروەها گرنگیدان بوو بە هاوپیوەندیی خەباتی ڕەوای کورد لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵاتو باکووری کوردستان. بە تایبەتی بە ئاگاداری لەو ڕاستییە کە متینگی ئەمسالی نەورۆز لە ئامەد، گرنگییەکی تایبەتیی هەبوو، چونکە مانای پشتیوانیکردنی خەلکی باکووری کوردستانو هیزو لایەنو کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان لە پرۆسەیەکی دیالۆگو ئاشتی بوو کە ماوەیەکە لە نیوان دەولەتی تورکیەو نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد لەو ولاتە، لە گۆڕێدایە. ئێمە هەڵگری پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو متینگەو بە تایبەتی بۆ سەرۆکایەتیی پارتی ئاشتیو دیمۆکراسیو هەروەها بۆ سەرۆکایەتیی کۆما جڤاتێن دیموکراتیکو سەرۆکایەتیی شارەداریی ئامەد بووین. جگە لە بەشداریی لە متینگەکەدا، دیدارو دانیشتنی تایبەتیشمان لە گەڵ هەر سێ لایەنی ناوبراو هەبوو. لەم دیدارانەدا ڕوانینی حیزبی خۆمان بۆ پرۆسەی چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیەو پشتیوانیی خۆمان لەو ڕەوتە، ڕاگەیاند.

**«کوردستان»: ئەم میتینگەو هاوشێوەی ئەم کۆبوونەوە بەرینانە تا ئێستا چدەسکەوتێکیان بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکوور هەبووە؟**

**قادر وریا:** ئەم متینگە کە بە پێی زۆربەی قەبلاندنو بەراوردەکان، زیاتر لە یەک میلیۆن کەس تێیدا بەشدار بوون، هەر وەها متینگەکانی هاوشێوە کە هەر بە بۆنەی نەورۆز لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستانو لە ئیستانبووڵ بەڕێوە چوون، بۆ بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان، دەسکەوتی جۆراوجۆریان هەبووە. دیارە پێشتریش بۆ وێنە لە کاتی پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکوردەکان لە زیندانەکانی تورکیە، یان لە کاتی بە خاکسپاردنی قوربانیانی تاوانەکەی «ڕۆبۆسکی»، چەندین کۆبوونەوەی دەیان هەزار کەسیو سەدان هەزارکەسیی خەلک هەر بە بانگەوازی پارتی ئاشتیو دیموکراسیو نوێنەرانی خەلکی باکووری کوردستان لە پارلمانی تورکیە، پێک هاتبوون.

دەتوانم بڵێم یەک لە دەسکەوتەکانی ئەو جۆرە متینگانە ئەوەیە کە گەلی کورد، بەم جۆرە بەدنیای دەسەلمێنێ کە داواکاری مافی ڕەوای خۆیەتیو ئەگەر ڕێگای پێبدرێ ئامادەیە داواکانی خۆی بە شێوەیەکی هێمنانەو ئاشتیخوازانە بخاتە ڕوو.

دووهەم دەسکەوت ئەوەیە بە دەوڵەتی تورکیەو نەتەوەی تورکو هەموو دنیای نیشان دەدا، ئەو ویستو داوایانەی پارلمانتێرەکانیان لە پارلمان، یان بەڕێزعەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانو پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیاکان، دەیانهێننە گۆڕێ، لە لایەن ئەو خەڵکەوە پشتیوانییان لێدەکرێ.

جگە لەمانە، متینگە میلیۆنییەکەی ئەمساڵی ئامەد، پشتگیری لە پەیامێک بوو کە بەڕێز ئۆجەلان لە ڕۆژی نەورۆزداو هەر لە ڕێگای ئەم ڕێورەسمەوە بە گوێی دەوڵەتی تورکیەو هەر دوو نەتەوەی کوردو تورکیەی گەیاند. پەیامێک کە دەڵێ با شەڕو یەکترکوشتن بەس بێ، با کوردو تورکو نەتەوەکانی دیکە، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵ بدەنەوەو لە پەنای ئاشتیو ئازادیدا بژین.

**«کوردستان»: لەو متینگەدا پەیامی بەڕێز ئۆجەلان لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو ڕاگرتنی ئۆپێراسیۆنەکانی پەکەکە ڕاگەیەندرا. خوێندنەوەی ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نێوەرۆکی پەیامەکەی ناوبراو چۆنە؟**

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشتریش بیروڕای خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە بە ڕێگای ئاشتیدا ڕاگەیاندوە. ئێمە زۆر جار، ئەو کرانەوەو ئەو گوتارە نوێیە کە پارتی دەسەلاتداری تورکیە، پارتی دادپەروەریو پەرەپیدان (AKP) لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورددا، گرتوویەتە بەر، بە ئەرێنی لێمان ڕوانیوە. ئەوەندەش کە دەنگمان بە نوێنەرانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە گەیشتوە، هاندەری چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە بە ڕیگای ئاشتیخوازانەدا بووینو گوتوومانە کە بە شەڕو بۆمبارانو سەرکوت، پرسی کورد لەو وڵاتە کۆتایی پێنایەو ڕیگای دروست هەر ئەوەیە کە دان بە مافی کورددا بنرێو لە ڕیگای دیالۆگو ڕێککەوتن، قۆناغێکی نوێ لە هاوژیانیی ئەم دوو نەتەوەیە لەو وڵاتە دەست پێبکا.

پەیامەکەی بەڕێز ئۆجەلانیش لەو ڕاستایەدا بوو. دیارە هەڵەیە ئەگەر وا لێک بدرێتەوە کە پەیامەکەی ئۆجەلان تەنیا ڕووی لە کوردو ڕووی لە پارتی کریکارانی کوردستانە. ئەو بێدەنگکردنی چەکەکانو ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی لە هەردوو لا (هەم پێ کا کاو هەم دەوڵەتی تورکیە) دەوێ. خۆ ناکرێ گریلاکان لە باکووری کوردستان پاشەکشە بکەنو ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان ڕابگرن، بەڵام هێرشی زەمینیو هەوایی سوپای تورکیە بۆ سەر ئەوان هەر بەردەوام بێو ئاشتییش بێتە دی.

من نامەوێ بکەومە سەر هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بابەتانەی لە پەیامەکەدا هاتبوون. چونکە زۆر شتیان تیدا هاتبوو کە لەوانەیە هێندێکیان باسی زۆر هەڵبگرن. ئەوەی لە پەیامەکەی ئۆجەلاندا بە لای حیزبی ئێمەو هەر لایەنێکی سیاسیی خوازیاری چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی ڕەوای کورد گرنگەو جێگای پشتیوانییە، پێداگری لە سەر پێویستیی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە تورکیەیە کە پێویستە لە جیاتی ئینکارو چەکو شەڕو تواندنەوە، دیالۆگو لێکتێگەیشتنو ڕێزگرتن لە یەکترو لاچوونی هەلاواردنو ستەم لە دژی کورد، جێگای بگرێتەوە.

**«کوردستان»: هێندێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە تورکیە لە بردنە سەری وادەو بەلێنەکانی خۆیدا سادق نیە، ئێوە لەم پێوەندییەدا ڕاتان چیە؟**

**قادر وریا:** تورکیە دەیهەوێ لە ئاستی ناوچەدا وەکوو زلهێزێکی سیاسیو ئابووری، ڕۆڵ بگێڕێ، وەپێش ڕقەبەرەکانی بکەوێو لە ناوچەیەک دا کە بەرەوڕووی گۆڕانی سیاسیی گەورە بۆتەوە، قسەی یەکەم بکا. ئەمە هەر بە دروشمدانو هێندێک مانۆڕی تاکتیکی، نایەتە دی. هێنانەدیی ئەم ئامانجە لەلایەکەوە پێویستی بەوە هەیە حیزبێک کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕۆڵی لە پێشخستنی سیاسیی نێوخۆییو ناوچەیی تورکیەدا هەبووە ، جێپێی خۆی لە دەسەڵاتدا پتەو بکاو بۆ داهاتووش، شانسی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەستەبەر بکا. لە لایەکی دیکە، پێویستە ئەو وڵاتە یەکێک لە کۆنترینو پڕتێچووترین کێشە نێوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکا، کە ئەویش پرسی کوردە کە لە باری ئەمنییەتی، سیاسیو ئابوورییەوە، ئەم وڵاتەی بە خۆوە خەریک کردوەو ئیعتیباری ئەو وڵاتەی لە ڕادەی جیهانیدا هێناوەتە ژێر پرسیار.

پاشان لە سەردەمی ئێستادا، هێزێک یان زلهێزێک تەنیا بە هێزی سوپایی یان ئابووری، ناتوانێ لە گەڵ ڕقەبەرەکانی ململانێ بکاو گرەوی سەرکەوتن بەرێتەوە، بەڵکوو پێویستە نیازو ویستی ئەم سەردەمەی نەتەوەکانی ناوچەش ببینێو ڕێزیان بۆ دابنێو پشتی ئەو گۆڕانانە بگرێ کە لە خزمەت ئازادیی نەتەوەکاندان. تورکیە، ناتوانێ تەئییدی ڕاپەڕینی خەڵک لە سووریە لە دژی دیکتاتۆری بکاو پشتیوانیی لێبکا، یان دژی چەوساندنەوەو سەرکوتی خەڵکی فەلەستین لە لایەن ئیسرائیلەوە بێ، لەولاشەوە بۆ خۆی، دان بە سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەیەکی ١٥-٢٠ میلیۆنی لە نێوخۆی تورکیەدا نەنێو لەسەر بە داواکردنی مافەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوتیان بکا. چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیە، هەم پێگەی ئۆردوغانو حیزبەکەی لە نێو کورددا بە هێز دەکاو لە ململانێ سیاسییەکانی داهاتوودا، دەتوانن وەکوو هاوپەیمانو پشتیوان لە سەر کورد حیساب بکەن. لە ئاستی ناوچەشدا، دەوڵەتی تورکیە، دەتوانێ بە هێزتر لە ئێستاو بە ئیعتیبارێکی زۆر زیاترەوە، مەیدانداری بکا. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی تورکیە، ئەم دەرفەتە نەقۆزێتەوەو هەنگاوی گونجاو لە گەڵ بانگەوازی ئاشتیخوازانەی ئۆجەلانو پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی ئاشتیو دیموکراسی هەڵنەگرێ، وەک ڕابردوو هەم لە گەڵ شەڕو بەرگریی چەکدارانەی پ.ک.کا بەرەوڕوو دەبێتەوە، هەم ئەو خەباتە جەماوەریو مەدەنییە بەرینو بە هێزەی لە باکووری کوردستان هەیە، وەک ئەم چەند ساڵەی دوایی، لە پارلمانو لە شەقامو تەنانەت لە ئانکاراو لە ئیستانبووڵ، بەربینگی پێدەگرێ.

**«کوردستان»: پێتان وایە چ شتێک دەتوانێ زامنی ئاشتەوایی نێوان کوردو تورک لە تورکیە بێو دورە دیمەنی دۆزی کورد لەم بەشە لە کوردستان (باکوور) چۆن دەبینن؟**

**قادر وریا:** بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەو ئاگربەسەی ئێستا بە دەستپێشخەریی کورد هاتۆتە کایەوە، بکرێتە دوولایەنەو قانوونی. مەبەستم ئەوەیە دەوڵەتی تورکیەش ناچار بکرێ کە پابەندی ئاگربەس بێ. هەرلەو کاتەشدا پارلمان کە دامەزراوەیەکی قانوونییەو نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەلکی باکووری کوردستانیش لە وێن، بێتە نێو مەسەلەکەو پشتی ئەو هەوڵانە بگرێ کە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە گۆڕێدان. شانبەشانی ئەم کارانە، دەبێ ئەو سیاسەتو بڕیارو کردەوانەی بەرهەمی سەردەمی شەڕو زاڵبوونی گوتاری سەرکوتکەرانەن، جێگای خۆیان بدەن بە سیاسەتو بڕیارو هەنگاوی نوێ کە نیشان بدەن ئیرادەیەکی جیددی بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ، بەدی دەکرێ. بۆ وێنە دەبێ کار بکرێ بۆ گۆڕینی دەستوور (قانوونی ئەساسی)ی وڵاتو ئەو کۆتو بەندو هەڵاواردنانەی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە لە مافی یەکسان لە گەڵ نەتەوەی تورک بێبەش دەکەن، وەلا بنرێن.

یەکگرتوویی کورد لەو وڵاتەو بەردەوامیی بزووتنەوە جەماوەریو مەدەنییەکەیو هەر لەو کاتەدا هەوڵدانی شێلگیرانەی بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو وڵاتەو بیروڕای گشتیی جهیانی لە پرۆسەی ئاشتی، بۆ چەسپاندنی ئەو هەنگاوانەی نراونو بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر، دەتوانن هومێد بە ئاشتیو چارەسەری دادپەروەرانە، بە هێزتر بکەن.



**تورکیە دەیهەوێ لە ئاستی ناوچەدا وەکوو زلهێزێکی سیاسیو ئابووری، ڕۆڵ بگێڕێ، وەپێش ڕقەبەرەکانی بکەوێو لە ناوچەیەک دا کە بەرەوڕووی گۆڕانی سیاسیی گەورە بۆتەوە، قسەی یەکەم بکا. ئەمە هەر بە دروشمدانو هێندێک مانۆڕی تاکتیکی، نایەتە دی. هێنانەدیی ئەم ئامانجە لەلایەکەوە پێویستی بەوە هەیە حیزبێک کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕۆڵی لە پێشخستنی سیاسیی نێوخۆییو ناوچەیی تورکیەدا هەبووە ، جێپێی خۆی لە دەسەڵاتدا پتەو بکاو بۆ داهاتووش، شانسی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەستەبەر بکا. لە لایەکی دیکە، پێویستە ئەو وڵاتە یەکێک لە کۆنترینو پڕتێچووترین کێشە نێوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکا**

**عومەر باڵەکی:**
**پێشەواو ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە دەرکی هەلومەرجەکە و خوێندنەوە و لێکدانەوەی وەزعی خۆیان، دوای چەند جار ڕاوێژ لەگەڵ خەڵک بەو ئاکامە دەگەن کە بەربەرەکانی نەکەن‌و ئیزن بدەن ئەرتەشی ئێران بێ هیچ بەربەرەکانی‌یەک بێتە نێو شاری مەهاباد بۆ ئەوەی پێشگیری لە کوشتاری خەڵک و کاولکاریی وڵات بکرێ**

**عەزیز مەعروفی: دەولەتی تورکیە ئەگەر پێی وایە بە دانی هێندیک مافی سەرەتایی و ورد و لە بەرامبەر چەک فڕێدانی پەکەکە، بە یەکجاری خۆی لە کرۆکی مەسەلەی کورد ڕزگار دەکا، خۆی تووشی هەڵەی ستراتیژی کردوە. چونکە وڵاتانی ناوچە یەک لەوان تورکیە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست دا، لە گەڵ پرسی ڕوولەگەشەی کورد بەرەوڕوون**

# چەند وتەیەک لە سەر دادگایی پێشەواو هاوڕێیانی



عومەر باڵەکی

١٠ی خاکەلێوەی هەموو ساڵێک بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بیرخەرەوەی ڕووداوێکی تاڵو ناخۆشە. لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی‌دا واتە ٦٦ ساڵ لەوە پێش بە دەستووری ڕاستەوخۆی شای ئێران حوکمی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازی‌و ئەبولقاسم سەدری قازی کە پێشتر لە دادگایەکی ڕواڵەتی‌دا سەپابوو، بەڕێوەچوو.

سەبارەت بە لایەنی جۆراوجۆری کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان گەلێک بابەت نووسراون‌و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. هەرچەند ئەو لێکۆڵینەوەو نووسینانە بارتەقای کەسایەتی‌و تێکۆشان‌و کوردپەروەریی زاتی پێشەوا لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی‌و مافخوازی بۆ گەلی کورددا نین.

لەم بابەتە کورتەدا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای سەرنج‌دان بە پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگای قازی محەممەدو هاوڕێکانی‌دا کەسایەتی پێشەوا زیاتر بەرجەستە بکەین بەتایبەتی کە چۆن‌و چەندە شای ئێران‌و فەرماندەرانی ئەرتەشی ئێران لە دادگاییکردن‌و لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی بەپەلە بوون کە ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە بیرو ئەندیشەی پێشەواو هاوڕێیانی هەڵقوڵاوی ویست‌و داخوازەکانی کۆمەڵگای کوردەواری‌یە. ترسی دەسەلاتی تاران لە پێشەواو خەڵکی کوردستان وای کرد کە ڕەوتی دادگاییکردنەکە ئەوەندە کات نەبا.

هەیئەتی دادڕەسی ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان دەگەنە مەهابادو هەر ئەو ڕۆژە جەلەسەی داگایی کردنەکە پێک دێ‌و دوای چوار سەعات دانیشتنی دادگا، داوەر حوکمی لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی دەخوێنێتەوەو تارانی لێ ئاگادار دەکاتەوەو هەر دوای ئەوڕۆژەی هەیئەتەکە بەرەو تاران دەگەڕێتەوە.

لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزدا شاری تەورێز پێتەختی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە بێ هیچ بەربەرەکانی‌یەک دەگیرێ‌و بەو جۆرە حکوومەتی ئازەربایجان هەرەس دێنێ. بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە جۆرێک لە ترس‌و دڵەڕاوکە لە نێو خەڵکی کوردستان‌دا دەخولقێنێ. پێشەواو ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە دەرکی هەلومەرجەکە و خوێندنەوە و لێکدانەوەی وەزعی خۆیان، دوای چەند جار ڕاوێژ لەگەڵ خەڵک بەو ئاکامە دەگەن کە بەربەرەکانی نەکەن‌و ئیزن بدەن ئەرتەشی ئێران بێ هیچ بەربەرەکانی‌یەک بێتە نێو شاری مەهاباد بۆ ئەوەی پێشگیری لە کوشتاری خەڵک و کاولکاریی وڵات بکرێ. تەنانەت بۆ نیشان‌دانی نیازپاکی، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بە پێشوازی ئەرتەشەوە چوون. بەڵام بەداخەوە بەوجۆرە کە پێشەوا و ڕێبەرانی کۆمار لێکیان دابۆوە کە بە کەمترین هەزینە دەتوانن پێشگیری و ئێران پابەندی بەڵێن و پەیمانەکانی خۆیان بوون و بە جێگیر بوونی ئەرتەش لەڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا فەرمانی دەست بەسەرکردنی ڕێبەرانی کۆمار لەلایەن ئەرتەشەوە بەڕێوەچوو و دوای چەند ڕۆژێک پێشەوا قازی محەممەد خۆشی گیرا.

هەر وەک لە پێشەوە باسمان کرد ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان ١٣٢٥ هەیئەتی دادگایی کردنی قازی‌یەکان کە لە چەند ئەفسەری پلە بەرزی ئەرتەش پێک هاتبوو گەیشتە مەهابادو هەرلەو ڕۆژەدا دادگاییکردنی پێشەواو هاوڕێکانی دەستی بەکار کرد. لە لایەن داواکاری گشتی «دادستان» تۆمەتەکان خوێندرانەوە. ئەو تۆمەتانەی خرابوونە پاڵ پێشەوا لە ١٢ خاڵ دا تەنزیم کرابوون‌و هەر دوای خوێندنەوەی تۆمەتەکان لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد بێ ئەوەی پێشەواو هاوڕێکانی کات‌و هەلی ئەوەیان هەبێ کە بەڵگەی پێویست بۆدیفاع لە خۆیان ئامادە بکەن.

کاتێک چاو لەو بەڵگەو ئەسنادی هەرچەند کەمی دادگاییکردنی قازی محەممەدو هاوڕێکانی دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دادگایە هیچ پێوانەیەکی دادوەرانەی بۆ دادگایی کردن تێدا بەدی نەکراوە چونکە:

١- دادگاکە، دادگایەکی نیزامی بوو لە حاڵێکدا قازی محەممەدو هاوڕێکانی هیچ کامیان نیزامی نەبوون‌و لە هیچ بەرەیەکی شەڕدا دەستبەسەر نەکرابوون‌و تەنانەت پێشەوا لەسەردەمی دەسەڵاتیشی‌دا هیچ جۆرە فەرمانێکی نیزامیی بە دژی ئەرتەش دەرنەکردبوو کە بەرپرسیارەتی بۆ دروست کردبێ. بە پێچەوانەوە بەڵگەکانی سەردەمی کۆمار سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەن کە سیاسەتی پێشەوا لەبەرەکانی شەڕدا تەنیا باری دیفاعی بووە.

٢- پێشەواو هاوڕێکانی (سەیفی قازی‌و سەدری قازی) مافی ئەوەیان نەبوو کە پارێزەر بۆخۆیان دەست نیشان بکەن‌و تەنانەت بەسەر ئەو پارێزەرەشەوە (سەروان شەریف) نەچوون کە خۆی بۆ دیفاع لە پێشەوا تەرخان کردبوو،و بەو «تاوان»ە کە ئەرکی پارێزەریی خۆی لە دیفاع کردن لە پێشەوا بەجێ گەیاندبوو و بێ بەشیان کرد لە بەرزکردنەوەی پلەی نیزامی کە ئەو ساڵە مافی خۆی بوو پێی بدرێ.

٣- هەروەک پێشتر باس کرا پێشەواو هاوڕێکانی دەستیان بە هیچ بەڵگەوسەنەدێک ڕانەدەگەیشت بۆ ئەوە بتوانن لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانەی لەلایەن داواکاری گشتی‌یەوە پێی تاوانبار کرابوون دیفاع لە خۆیان بکەن. تۆمەتەکان کە لەلایەن داواکاری گشتی «دادستان»ەوە ڕووبەڕووی پێشەوا قازی محەممەد کرابوون تەواویان هەڵبەستراوبوون‌و تەنیا بۆ ئەوە بوون کە پێشەوای پێ مەحکووم بکەن. تۆمەتەکان بە شێوەی خوارەوە لە ١٢ خاڵدا ڕێک خرابوون.

١- بەستن‌و ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نەوت لە نێوان دەوڵەتی ڕووسیەو کۆماری کوردستان‌دا لە قەراری ٥١ بەش بۆ ڕووسیەو ٤٩ بەش بۆ کۆماری کوردستان بێ‌ئاگاداری‌و ڕازی‌بوونی دەوڵەتی ناوەندی.

«هەمووومان باش دەزانین چێستاو چئەو کات سنووری ئەوکاتی کۆماری کوردستان نەوتی لێ نەدۆزراوەتەوەو پێشەوا لە وەڵامی ئەو تۆمەتەدا دەڵێ: کوا نەوت؟ نە ئەو کات‌و نە دواتر سەنەدێک بڵاونەبۆوە کە نیشان بدا ئەو تۆمەتەی لە پێشەوا دراوە بسەلمێنێ.»

٢- گۆڕینی نەقشەی ئێران‌و جیاکردنەوەی پێنج ئوستانی ورمێ، سنە، کرماشان، تەورێزو ئیلام.

«کە چاو لە بەڵگەو نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەکەین هچ بەڵگەیەک دەست ناکەوێ کە ئەو تۆمەتە بسەلمێنێ.»

٣- هەڵدانی ئاڵای کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوچ‌و داس بە شێوەی ئاڵای ڕووسیەو شێواندنی تەرتیبی ڕەنگەکانی ئاڵای ئێران.

«پێشەوا لە وەڵامی ئەو تۆمەتەدا دەڵێ: ئاڵای کوردستان ئارمی چەکوچ‌و داسی لەسەر نیەو تەرتیبی ڕەنگەکانی ئاڵای ئێرانیش لە هیچ بەڵگەیەکی قانوونی‌دا بە قانوون دیاری نەکراوە کە تەرتیبی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان پێشێل‌کردنی قانوون بێ»



٤- چاپی دراو بە ناوی حکوومەتی کوردستان بە شێوەی ڕووپیەی ڕووسی‌و هەڵقەندنی وێنەی قازی محەممەد لەسەر ئەو دراوە.

٥- دروست کردنی نەقشەی کوردستانی گەورە.

٦- ڕێپێدانی بێگانەکان‌و دانی دەسەڵات بەوان وەک مەلا مستەفا بارزانی.

٧- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان‌و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان.

٨- هەڕەشە لە شاو دەوڵەتی ئێران، ڕاگەیاندنی شەڕو هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاپەڕین بە دژی شای ئێران.

٩- بەستنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ حکوومەتی ڕووسیە بە دژی حکوومەتی ئێران‌و هاوکاری لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی ڕووس لە سەرانسەری خاکی ئێران‌دا.

١٠- سەفەری ناقانونی بۆ دەرەوەی وڵات، ڕۆیشتن بۆ ڕووسیەو کۆبوونەوە لەگەڵ «باقروف» سەرکۆماری ئازەربایجانی ڕووسیە.

١١- بەستنی پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ بێگانەکان‌و دوژمنانی ئێران.

١٢- دەستبەسەرکردن‌و کوشتنی کاربەدەستانی دەوڵەت‌و بەتاڵان بردنی ماڵ‌و داهاتیان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان‌دا.

١٣- پێشەوا قازی محەممەد زۆر بوێرانەو ژیرانە تەواوی ئەو تۆمەتانەی ڕەد کردەوەو تەنانەت بە قسەی شاهیدحاڵان ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگای محاکمە دەکرد بەو حاڵەش هەروەک پێشتر باسمان کرد شاو ئەرتەشی ئێران بڕیاری خۆیان دابوو کە قازی ممحەمەدو هاوڕێکانی لە سێدارە بدەن.

لە ماوەیەکی کەم‌دا بەهۆی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی‌و پشتتێ‌کردنی ڕووسیەو پشتگیری لە ئەرتەشی ئێران دوو حکوومەت لە دوو نەتەوەی جیاواز تێک چوون، سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجان سەری خۆی دەربازکردو خەڵکەکەی خۆی بەجێ هێشت. بەڵام بە پێچەوانەوە سەرکۆماری کوردستان لە نێو خەڵکی خۆی‌دا مایەوەو بە فیداکردنی گیانی خۆی پێشگیریی لە کوشتاری خەڵک‌و کاولکرانی ماڵ و ژیان بە دەست ئەرتەشی شا کرد. هەربۆیە کاتێک ئەرتەش دەچێتە نێو شاری تەورێز خەڵک بە چەپڵەو دەربڕینی شادی بەخێرهاتنی دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک ئەرتەش دەگاتە مەهاباد پێتەختی کۆمار، خەڵک لە ماڵەکانیان نایەنەدەرو هیچ جۆر شۆرو شەوقێک بۆ هاتنی ئەرتەش دەرنابڕن.

حکوومەتی ئازەربایجان ڕووخا بەبێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێک کە تروسکایی ئومێدی تێدا بێ لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ لە حاڵێکدا کۆماری کوردستان بەڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد نەک تۆوی ئومێدی لە دڵی خەڵکی کوردستان‌دا چاند. بەڵکوو ڕێبازی قازی ممحەمەد بوو بە چرای ڕێگای تێکۆشان بۆ بەختەوەری و سەربەرزیی تاک تاکی خەڵکی کوردستان.

خەڵکی کوردستان چئەو کات کە لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکە بوون‌و چێستا کە ٦٦ ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕ دەبێ بیرو ڕێبازی پێشەوایان بە ئی خۆیان زانیوەو بێ‌وچان لەو ڕێگایەدا خەباتیان کردوە، شەهیدیان داوە و تووشی مەرگ و ماڵ وێرانی بوون، بەڵام هەروا بە ئامانج‌و ڕێبازی قازی محەممەد وەفادار بوون .

بەو هیوایە کە ئامانج‌و ئاواتەکانی پێشەوای مەزن و هەموو شەهیدانی کوردستان بێنە دی.

# لە پەراوێزی پەیامە نەورۆزییەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان‌دا



عەزیز مەعروفی

٢١ی مارس چڵەپۆپەی جێژنەکانی نەورۆزیی کۆمەڵانی میلیۆنیی باکووری کوردستان، بە بەشداریی سەدان و هەزاران خەباتگێڕی سیاسی و نەتەوەیی چوارپارچەی کوردستان وژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ئازادیخوازانی دۆستی شۆڕشی کوردستان، لە ئامەد بەڕێوە چوو. گرینگی و شکۆی ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵی باکوری کوردستان بۆ دوو هۆی سەرەکیی دەگەڕایەوە: یەکەم، خەڵک بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی نێوەرۆکی پەیامی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بوون کە بە ناوی ئەوەوە بە گوێی بیرو ڕای گشتی دەگەیشت. دووهەم، شکۆ و بەرینیی جێژنەکان بە گشتی و ئی ئامەد بە تایبەت وێڕای ئەوەی بۆ قۆناغ و پرۆسەی دانوستانەکانی بەڕێز ئۆجەلان دەگەڕایەوە، بۆ ئەو سەرکەوتنەش دەگەڕایەوە کە خەڵکی باکوری کوردستان و بە تایبەت شاری ئامەد، نەورۆزی پار تۆماریان کرد. ئەوەی نەورۆزی پار نەتەوەی زیندووی باکوور لە خۆی نیشان دا، وانەیەکی گرینگ بوو کە دەسەڵاتدارانی تورکیە دەرسێکی باشیان لێ وەرگرتبوو. خەڵک بە یەکگرتوویی وبە لەخۆبوردوویی، هێزی سەرکوتی دەوڵەتیان تێک شکاند و داوای ئازادی بۆ ئۆجەلان بەرز کرایەوە. لە ڕاپرسییەکیش دا، نیزیکەی ٢٠٪ خەڵک داوای سەربەخۆیی، ٤٩٪ داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ٨٧٪ داوای بە فەرمی ناسینی زمانی زگماکییان کردبوو. گۆیا لەو ڕۆژەدا، کوردەکان نەدەبوو کارێک بکەن، هەستی تورکەکان بریندار بکەن! نەورۆزی پار بوو کە سیاسەتمەدارێکی وەک بەڕێزئەحمەد تورک کەوتە بەر هێرش و بە توندی بریندار کرا، بەڵام دیتمان ئەم ساڵ، ڕاست بە زمانی زگماکی و بە جلوبەرگی کوردی، وتاری پێشکێش کرد.

وەک وتمان، نەک تەنیا کورد لە باکوور، بەڵکو کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، چاوەڕێی پەیامەکە بوون. وێڕای ئەوان، بیروڕای گشتیی جیهان و تورکەکانیش، لە نێوەرۆکی پەیامەکە ڕامابوون. لە بەردەم ئاپۆڕای جەماوەری میلیۆنی و لە ڕاستیدا لە پێش چاو و گوێی جیهانی پەیامەکە بە دەنگی خاتوو پەروین بوڵدان، ژنە شۆڕشگێڕی باکووری کوردستان، خوێندرایەوە. گرینگترین خاڵەکانی پەیامەکەی ئۆجەلان، ئەوەی کە پێوەندی بە هەلومەرجی ئێستای کورد و خەباتە ڕەواکەی هەیە، بریتی بوون لە :» ڕاگەیاندنی ئاگربڕ و کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە لە قووڵایی خاکی باکوورەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان، لە جیاتی چەکەکان بیر و زمانەکان قسە بکەن، بێ دەنگ کردنی چەکەکان کۆتایی نیە بەڵکو سەرەتای قۆناغێکی نوێیە، دابینکردنی دێموکڕاسی ، ئاشتی و برایەتی وپێکەوە ژیان لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورک».

نووسەر و چاوەدێرانی تورک لە یەکەم ساتەکان دا، بەم جۆرە پێشوازییان لە پایەمەکە کرد: «پەیامەکە، هیچ جۆرە لەتبوونێکی تورکیەی لێ بەدی ناکرێ، تەنانەت باسی ئۆتۆنۆمییشی تێدا نیە». سەرۆک وەزیرانی تورکیە و وەزیری نێوخۆش ئاوا پێشوازییان لێکرد: «پەیامەکەی ئۆجەلان زۆر ئەرێنی بوو، چاوەڕێ دەبین خۆی لێ نەدزنەوە. زمانەکە، زمانی ئاشتی بوو. ئاڵای تورکە لە جێژنەکەدا هەڵنەدرابوو، ئەمە مەترسی بۆ سەر پرۆسەکەیە». دوا بە دوای خوێندنەوەشی دا، بەڕێزان سەلاحەدین دەمیرتاش و گوڵتەن کشاناک هاوسەرۆکانی پارتی ئاشتی و دێموکڕاسی ( بەدەپە) و ئەحمەد تورک و ئایسەل تۆغلوک، هاوسەرۆکانی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دێموکڕاتیک (کەجەدە)، پشتیوانییان لە پەیامەکە و ڕیگە چارەی سیاسی بۆ کێشەی مێژوویی کوردستان کرد. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئوروپپاش، پێشوازییان لی کرد. لە ٢٣ی مارس، مراد قەرەیەڵان، سەرۆکی کۆما جڤاکی کوردستان پێشوازیی لە پەیامی ڕیبەری بەندکراوی پارتەکەی کرد و بڕیاری ئاگربڕی یەکلایەنەی بە هێزەکانی دا و ڕایسپاردن کە خۆیان لە هەر چەشنە شەڕ و تێکهەڵچوونێک، بپارێزن، بەلام، وێڕای ئەوەش ڕایگەیاند ئەگەر هێرشیان کرایە سەر، بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتیی خۆیان، وەڵامدەر بن.

ئۆجەلان لە مێژە لە گەڵ خەباتی چەکداری دا نیە. کاتێک لە کینیا گیراو و ڕادەستی تورکیە کرایەوە و لە داداگایی کردنەکەیدا ئەو شتە بە ڕوونی دیارە. ئاگربڕ و کشانەوەی پەکەکە بۆ دەرەوەی سنوور لە ١٩٩٩- ٢٠٠٤ دەرخەری ئەو ڕاستییە. ئەوە لە کاتێک دایە، پەکەکە بۆ جاریکی دیکە لە گەڵ دەوڵەتی تورکیە دەرگیری شەڕێکی نوێیە. بە هەڵکوتانە سەر پایگا و بنکەی نیزامیی دەولەتی، بە کوشتنی چەند سەرباز، گەیاندنی زەرەری ئابووری، توانی سەر ئێشە بۆ دەولەتی تورک پێک بێنێ، بەڵام دەولەتی تورکی پێ نەڕووخاوە و پارتی داد و گەشە پێدانیشی پێ بە چۆک دا نەهاتوە. بۆیە وەک ئۆجەلان دەڵێ: «چەک ئەرکی خۆی بە جێ گەیاندوە» یان ئەوەی کە چەک باوی نەماوە. بەڵام پاییزی ڕابردوو، پەکەکە، بە پێشڕەوی لە شەمزینان و جولەمێرگ، بە پەرەگرتنی پەیەدە لە کوردستانی ڕۆژئاوا و ئەوجار مانگرتنی مێژوویی زیندانیانی سیاسیی نێو گرتووخانەکانی تورکیە، دەولەتی تورکیەی تەنگاو کرد و ناچاری کرد هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ. مراد قەرەیەڵان، لە دەسپێکی دانوستانەکان دا دەڵێ: «ئێمە لە ٢٠١٣ دا دەتوانین شەڕی بەربڵاوتر لە شەڕەکانی پار، بکەین». پاشان دەڵێ:» بۆ پەنجا سالی دیکەش توانای شەڕمان هەیە»، هەروەها « پابەندی بڕیارەکانی سەرۆکمانین، بەلام شەڕ بێتە سەر ڕێمان دەیکەین. کشانەوە، کارێکی هێندە ئاسان نیە، کادری ناوەندیمان لە گەڵ بڕیارەکە نین و دەبێ بە قەناعەتیان بگەیەنین». قسەکانی قەرەیەڵان بۆ ئەم هۆیانەی ژێرەوە دەگەڕیتەوە: یەکەم، چاوخشاندنەوە بە مێژووی ئاگربڕەکانی ڕابردوو دا. دووهەم، بۆ نەبوونی ئەو پرۆژانە دەگەڕێتەوە کە دەبێ دەولەتی تورکیە لە بەرامبەر ئاگربڕ و کشانەوەی پەکەکە، هەیبێ. سێهەم، بۆ ناکامیی ئەرتەشی تورکیە دەگەڕێتەوە کە پێی وابوو لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە یەکجاری پەکەکە خاشەبڕ دەکات. چوارەم، بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری ئەو پیشڕەوییە دەگەڕیتەوە کە پەکەکە پار لە ناوچە سنوورییەکان بەدیی هینان.

بە دوای ئاگر بڕدا، مەسەلەی کشانەوەی پارتیزانەکانی پەکەکە، دەمودەستترین هەنگاوە کە دەوڵەت- پەکەکە- قەندیل- بەدەپە- ئۆجەلانی بە خۆوە خەریک کردوە. ئەوەش بە هەوڵێکی بە بڕشت لە ڕاستای بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دانوستانەکان چاوی لێ دەکرێ. واتە سەرەتای ئەو هەوڵە چڕ و پڕەیە کە دەبێ لەمەوبەدوا «لە جیاتی چەکەکان، بیر و سیاسەت قسە بکات». بێ دەنگ کردنی چەکەکان بۆ کورد و هەروەها وەک پێویستییەکی هەنووکەیی بۆ تورکیە، بایەخ و گرینگی زۆری هەیە. هەرچەند دەوڵەتی تورکیە، بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی پەکەکە، هیچ چەشنە زەمینەیەکی یاسایی لە پاڕلمان دا دروست نەکردوە و هەوڵ دەدا لە ڕێگای کۆمیسیۆنی ژیران- ئەوەیش بە سەپاندنی کەسانێک کە سەرۆک وەزیر بە پێویستان دەزانێ- کشاندنەوەکە لە باری یاساییەوە دیزەبەدەرخۆنە بکات.

دەوڵەتی تورکیە پێی وایە، ئاگربر و پاشان کشانەوەی پەکەکە ئەو

ل ٩

**ئەیوب شەهابی ڕاد**
به چاوخشاندن به پرۆسەی مێژوویی بزووتنەوەو ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی کورد بۆ به دەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی له هەر کام له پارچەکانی کوردستاندا، به سەرنجدان به ماهییەتو چەشنی خەباتەکەیان، ڕەنگتر باشتر به گرنگی دەورو ڕۆڵی قازی محەممەد له دانانی بناخەی تیئۆریو پراکتیکی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بگەین.

**ئارەش لۆرستانی:**
ژیانو گیانبازیی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی گەنجینەیەکی پڕ بەهاو بەنرخن کە دەبێ پارێزگارییان لێبکرێ. بەڵام نابێ خۆمان لە ئاستی ویستو داخوازییەکانی کۆماری کوردستاندا بەرتەسک بکەینەوە. چونکی کۆمەڵگاو نەتەوەی کورد بەردەوام لە بەرەوپێشچووندانو هەر سەردەمێک پێداویستیو پلانی خۆی دەوێ.



# سەرکۆماریی قازی محەممەد
# دەسپێکی نوێی بزووتنەوەی مێژووی کوردستان

ئەیوب شەهابی ڕاد

و: تەها ڕەحیمی



دەورو ڕۆڵی قازی محەممەد وەک یەکەم سەرکۆماری مێژووی کورد، له ڕوانگەو لایەنی جۆراوجۆرەوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی له سەر کراوە. ڕەوتێکی لێکۆڵینەوەی پڕ له هەورازو نشێوی نەپساوە. سەرهەڵدانی پیاوێک به هزرو بیرێکی نوێوە، شەکاندنەوەی ئاڵای نەتەوەیی له وڵاتێکدا کە بەشی زۆری خەڵکەکەی به پاراستنی توخمە نەتەوەیییەکانی وەک خاک، زمان و فەرهەنگی لەمێژینەی خۆی، توانیویەتی شوناسی نەتەوەیی خۆی له ڕابردووی هەزار ساڵەدا تۆمار بکاو پێکهێنانی حکوومەتێکی نەتەوەیی کۆماری له کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی عەشیرەییو مەزهەبیدا.

ئەگەر له بەشێک له مێژووی مرۆڤایەتی له ڕوانگەی خەباتی نەتەوە جۆرواجۆرەکان له پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانو به دەستهێنانی مافە نەتەوایەتیو مرۆییەکانیاندا بڕوانین، بێ گومان دامەزرانی کۆماری کوردستان به سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی له ڕەوتی ڕووبەگەشەی، تەکامولی نەتەوەو مەدەنیی کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو قۆناغەدایە. به چاوخشاندن به پرۆسەی مێژوویی بزووتنەوەو ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی کورد بۆ به دەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی له هەر کام له پارچەکانی کوردستاندا، به سەرنجدان به ماهییەتو چەشنی خەباتەکەیان، ڕەنگتر باشتر به گرنگی دەورو ڕۆڵی قازی محەممەد له دانانی بناخەی تیئۆریو پراکتیکی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بگەین.

١ — دامەزرانی کۆماری کوردستان پەڕینەوەی پرۆسەی بزووتنەوەی کورد له فۆرمی نەریتیو خۆجێیی بەرەو بزاڤێکی مودێرنی نەتەوەیی له سەر بناخەی بنەما دیموکراتیکو مەدەنییەکانە. یەکێک له نیشانە بەرچاوەکانی ئەم کۆمارە، دامەزراندنو ئیدارەی وڵات لەلایەن حیزبێکی مودێرنی وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوەیە، کە خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمەو پێڕەوو پرۆگرامێکی دیموکراتیکە. به واتایەکی دیکە، کۆماری کوردستان ئاکامو دەرەنجامی شیرازەی ڕێکخستنو هزرەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە به ڕێبەریی قازی محەمەدە.

٢— قازی محەممەد و ڕێبەرانی ئەو کات، به تێگەیشتنو لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەییو جیهانیی ئەو کات توانییان به باشی ئەو هەلە بۆ گەلی کورد بقۆزنەوە. ئەگەرچی له سەرمەیلی کۆماری کوردستان به لای دەوڵەتەکانی ناوچەوەو جۆرێک بەستراوەیی ئەم کۆمارە به هێزە دەرەکییەکان باس دەکرێ، بەڵام دیسانیش سەلماندی هەمووی ئەو گریمانانەش ناتوانن گرنگیو کاریگەرییەکانی ئەم دەسکەوتە مێژوویییەی کورد کەم بکەنەوە.

٣- ئەگەرچی تەمەنی کورتی کۆمارو جوگرافیای بەرتەسکو پانتایی سنووورداری دەرفەتی پەرەسەندنو جێبەجێ بوونی بەشێکی زۆر له قانوونە پەسندکراوەکانی پێنەدا، بەڵام خودی قازی محەمەدو حکوومەتەکەی توانییان هەم فەرهەنگی دەوڵەمەندو لەمێژینەی کوردان تاڕادەیەک بخەنە بەرچاوی خەڵکی جیهانو هەمیش توانایی کورد بۆ به دەستەوەگرتنی کاروباری حکوومەتو ئیدارەکردنی کۆمەڵگەی خۆی به دنیا بسەلمێننو به هەمووان بڵێن کە پرسی کورد، مەسەلەیەکی مرۆیی نییە تەنیا پێوەندیی به وڵاتە داگیرکەرەکانەوە بێ، بەڵکوو ئەم پرسە سیاسییە ڕەهەندێکی بانناوچەیی هەیە.

٤ — دامەزرانی کۆماری کوردستان دەگەڵ ئەوەی ئیدەی خۆپەرستانەو ناسەرکەوتووی حکوومەتی کۆجێیی (سەنتراڵ)ی ڕەت کردەوە، هەرلەوکاتەدا پەیامێکی ڕوونو ڕاشکاوانەی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە بوو بۆ حکوومەتی ناوەندیو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران، بەو واتایە کە باشترین ڕێگەی سەرکەوتنو یەکپارچەیی ئێران، بەشدارکردنی هەموو نەتەوەکان له ئیدارەی وڵاتدایە.

٥ — لەوانەیە بتوانین بڵێین یەکێک له گرنگترین پەیامەکانو دەسکەوتەکانی قازی محەممەد له دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕەهەندو لایەنی ناسیۆنالیستیو پێوەندیو هاوکاریی ڕاستەخۆی ئەو بەشە له کوردستان دەگەڵ بەشەکانی دیکە بوو. کە ئەمەش نیشانەیەکی ڕوونە بۆ هزری نەتەوایەتیو دوارۆژدیتنی پێشەوا، کە ئەمڕۆکە یەکێک له کەڵکەڵە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی سەراسەری کوردستانە.

٦ — دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەڵگەیەکی ڕوونە له سەر ئەوە کە کوردیش لێهاتووییو لێوەشاوەیی ئەوەی هەیە هەموو ئەو مافانەی پێبدرێ کە به جیهانییەکان دراون. هەروەها هێڵێکی سوور بوو به سەر هەموو ئەو هەڵسەنگاندنە بوغزاوییانەدا کە له خۆپەرستیی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستانەوە سەرچاوەیان دەگرت کە ئێستاشی دەگەڵدا بێ هیچ مافێک بۆ گەلی کورد به ڕەوا نازانن.

له ڕەوتی تاوتوێکردنو ڕەخنەگرتن له ڕۆڵو کارکردی قازی محەممەد له ژیانی سیاسیی خۆیدا، بێگومان هێندێک خاڵ هەن، به تایبەت جێنەهێشتنی خشتەیەکی کاری تایبەت به چارەنووسی کۆماری کوردستان دوای شەهیدبوونی یان چۆنیەتیی درێژەی ژیانی سیاسیو خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرچاون. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی تا ئێستاش له سەر کارکردی قازی محەممەد له ماوەی سەرکۆمارییەکەیدا گیراون، پێشەوا هێشتا تاکە کاریزمای مێژووییو نەتەوەیی گەلی کوردەو کۆماری کوردستانو دەسکەوتەکانی ئیلهامدەری بزووتنەوەی کوردن. قازی محەممەد بەرلەوەی هێمای خەباتی دژی دیکتاتۆریو زوڵمو زۆری بێ، سێمبوێکی ڕابوونی تازە له پێناو وەدیهێنانی شوناسی کورد، مودێرنیزەکردنی بزووتنەوەی مێژووی کوردستانو درێژەدانی به میتۆدگەلی نوێو سترەکتۆرێکی دیمۆکراتیک بوو.



# قازی محەممەدپرسیارێکە دەبێ دووبارە بیری لێبکرێتەوە

ئارەش لۆرستانی

و: سمایل

قازی محەممەد کێیە؟ چ پێگەیەکی له بزووتنەوەی کورددا هەیە؟و له بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورددا چ ڕۆڵێکی گێڕاوە؟

نەتەوەی کورد گەلێک کەسایەتیی بەرچاوی هەن کە بەردەوامو به درێژایی تێکۆشانە مافخوازانەکەی، ڕێزی له یادو بیرەوەرییان گرتوەو شانازییان پێوە دەکاو شوناسو مانەوەی خۆی لەواندا دەبینێ.

ڕێزلێنانو پیرۆزکردنی ناودارانی نەتەوەیی بەشێکە له فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەجۆرێک کە ئەم شێوە ڕێزلێنانو پیرۆزکردنە له دنیای مودێرندا باسو مناقشەی ڕەخنەیی له سەرە. کە دەکرێ دوو ئاکامی لێکجیاوازی لێ بکەوێتەوە.

له نێو ناودارانو کەسایەتییەکانی کوردی هەرچوارپارچەی کوردستاندا دەگمەنن ئەو کەسانە کە شارەزای کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو ڕۆڵی ناوبراو له بزووتنەوەی مافخوازانەی کورددا نەبن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بەڕاستی قازی محەممەد کێیەو بایەخی «کەسایەتی»ی پێشەوا چۆن دەتوانێ یارمەتی به یەکگرتوویيو بەشداریی زیاتری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد له بزووتنەوەی سیاسیو کەلتووریی کورددا بکا؟

گرنگترین لایەنی شوناسیو پراکتیکیی پێشەوا قازی محەممەد کە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم کەسایەتییە له خۆ دەگرێو له هەزارەی سێهەمدا پێناسە دەکرێتەوە، جۆری به مودێرنکردنو به ئۆرگانیکردنی بزووتنەوەی سیاسیو بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کوردە. ئەم تێپەڕینە له بزووتنەوەی نەریتیو سونەتییەوەیە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سەرەتا له کۆمەڵەی (ژـک)ەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانو دواتر بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان نوقتەوەرچەرخانێکو پێناسەکردنەوەیەکی نوێیە کە تا ئەمڕۆش کاکڵی بنەڕەتیی تێکۆشانی سیاسیی کوردە نە تەنیا له ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو له هەر چوارپارچەکەی کوردستان.

جیا له کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دەکرێ گرنگترین هۆکارە شوێندانەرەکان له دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بەم شێوەیە لێک بدرێنەوە؛ دوو قوتبیبوونی جیهان له بەرەکانی کومۆنیستو سەرمایەداریدا، پێشڕەوبوونی سۆڤییەت وەک ئاڵاهەڵگری بەرەی مافخوازیی کرێکارانو خەڵکی چەوساوە، لەبەرانبەردا دەستتێوەردانی زلهێزە ڕۆژئاواییەکان له ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بیچمگرتنو سەرهەڵدانی بیری دێموکراسیخوازی له ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە له ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژیو بایەخە ڕۆژئاواییەکاندا بیچمی گرتو له ئێران شۆڕشی مەشرووتەو حیزبی تودەو ڕەوتە کومۆنیستییەکان نوێنەرایەتییان دەکردو هەروەها پێشینەی نەتەوەی کورد له مافخوازیو خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ئینسانیی خۆی له کوردستان.

هەوڵدان بۆ یەکگرتوویيو هەروەها پێکهێنانو بەهێزکردنی «باوەڕبەخۆبوون»ی خەڵک له کۆماری کوردستاندا یەکێک له کارەکانی دیکەی قازی محەممەد بوو بۆ سەقامگیر کردنی مودێرنیتەی سیاسی_مەدەنی له کۆماری کوردستاندا. هەروەها هەوڵدان بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی ئاشتیخوازانەو برایانە له گەڵ دراوسێکانی کۆماری کوردستان کەڵکەڵەیەکی دیکەی پێشەوا قازی بوو کە بێگومان کردەییکردنی ئەو فاکتۆرانە پێویستیی به سەرمایەی ماڵیو زانستیو پشتیوانیی چینو توێژەکانی کۆماری کوردستان بووە، کە ئەگەر بمانەوێ له سەر بنەمای زانستی ئەمرۆیی لێکدانەوەیان بۆ بکەین دەبێ ئاماژە به جیاکاریو بەهێزکردنی سیاسەتی دامەزراوەیی له بەرانبەر سیاسەتی نەزەری (تیئۆری) بکەین کە ئەم کارە پێویستیی به باسکردن له گەلێک لایەنی لێکدانەوەی سیاسەتی وردو درشتی کۆماری کوردستانو سیاسەتی خارجیو کابینەی قازی محەممەد هەیە.

پرۆسەی یەکگرتوویی له کۆماری کوردستاندا دەکرێ له بەشدارکردنی کەسایەتییەکانی وەک: مەلا مستەفا بارزانی، برایم خانی نادری، حاجی بابا شێخ، سەدری قازی، سەیفی قازیو زۆر کەسایەتیی دیکەی کۆماری کوردستاندا پێناسە بکرێ. دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە قازی محەممەد به کردەوە هەوڵی یەکگرتوویی له کۆماری کوردستانیدا داوە:

بەشداریی بەربڵاوی خەڵک له کۆماری کوردستاندا، نەبوونی زیندانیی سیاسیو کوژرانی تەنیا یەک کەس له ماوەی ١١ مانگی دەسەڵاتی کۆماردا، دامەزرانی یەکیەتییەکانی لاوانو ژنان به مەبەستی بوارڕەخساندن بۆ بەشدارکردنی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، گرینگیدان به کەمایەتییە ئیتنیکیو ئایینییەکان، دامەزراندنی قوتانخانەی کچانە، دامەزراندنی ڕادیۆو کتێبخانە، چاپو بڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو.. هەمووی ئەمانە سەلمێنەری گرنگیدانی پێشەوا به پرۆسەی یەکیەتیو یەکگرتوویی له کۆماری کوردستان بوون بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لەم ڕێگایەوە باوەڕ به خۆی بێنێ. به جۆرێک کە دوای دەیان ساڵ له تێکچوونی کۆماری کوردستان خەڵکی کوردستان له میتینگی سەد هەزار کەسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له شاری مهاباددا له ژێر هەمان فەرهەنگی بەشداریو باوە بەخۆبووندا بۆ جارێکی دیکە له دەوری میراتگرەکەی کۆماری کوردستانو پێشەوا شەهیدەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) کۆبوونەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد له سەردەمی قازی محەممەددا به تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتو بەجێی پشتبەستن به ئێحساساتی کاڵی میللی، خۆی له ڕێبازی دێموکراتیکو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا پیناسەکردەوەو فۆڕمێکی ئەقڵانیی به خۆوە گرت. هەروەها دەرککردن به مەترسیی ئینکارو پشتگوێخستنو حاشاکردن له شوناسو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد له لایەن داگیرکەرانەوە، بوو به وەزیفەی تێکۆشەرانو ڕووناکبیرانی کوردو لەو کاتە بەم لاوە بیرو ئەندێشەکانی پێشەوا قازی محەممەدو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە ئاگایانە درێژەیان هەیە.

ژیانو گیانبازیی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی گەنجینەیەکی پڕ بەهاو بەنرخن کە دەبێ پارێزگارییان لێبکرێ. بەڵام نابێ خۆمان له ئاستی ویستو داخوازییەکانی کۆماری کوردستاندا بەرتەسک بکەینەوە. چونکی کۆمەڵگاو نەتەوەی کورد بەردەوام له بەرەوپێشچووندانو هەر سەردەمێک پێداویستیو پلانی خۆی دەوێ. گەورەترین دەرسێک کە قازی محەممەد به نەتەوەکەی دا، دەرخستنی زەرفیەتی نەتەوەکەی بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی له ژێر بیرکرنەوەیەکی ئینسانیو ئازادیخوازانەداو ئەمە هەر ئەو چرایەیە کە له تاریکیو نەزانی ڕزگارمان دەکاو سەرچاوەی بووژانەوەو تێکۆشانی کوردە له هەموو سەردەمێکدا.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٥
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٤ی ئاوریلی ٢٠١٣
بیرو ڕای ئازاد

**ناسر ئێرانپوور: ڕێژیمێک کە مل بۆ هیچ ڕێسایەکی دێموکراتیک، تەنانەت ڕێسا نادێموکراتیکەکانی خۆیشی نادا، لە زمانێک جگە لە زمانی توندوتیژ تێ ناگا، شتێک جگە لە تاوانو زەبروزەنگی لێ نەبینراوە، تەنیاوتەنیا شایانی ڕووخانە.**

**شتێکی چاوەڕواننەکراو نیە کە ڕێژیم لە ئاکامی هاتنەپێشی هەلومەرجێکدا ناچار بە پاشەکشە لە بەرامبەر بزووتنەوەی کوردستاندا بێ، بە بێ ئەوەی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە تووشی گۆڕان بێ (هەر وەک چەند جار ئەوەمان لە عێراق بینیوەو ئێستا بەرەبەرە خەریکە لە تورکیە دەیبینین)، بەڵام ئەو جۆرە پاشەکشێیانە کاتیو تاکتیکی دەبن.**

**ناسر ئێرانپوور**

# کوردستان و دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیم

و: ڕێبوار مەعرووف زادە



**ناسر ئیرانپوور**

پرسیارێک بەردەوام ڕووبەڕوی بزووتنەوەی کوردستان بۆتەوە کە ئاخۆ هەڵگرتنی دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیم لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕەواو دروست بووە؟ ئەو پرسیارە لەبەر چەند هۆکارێک دێتە ئاراوە: یەکەم ئەوە کە گەلی کورد یەکێک لە نەتەوەکانی ئێرانەو داخوازی ڕووخان یان هەر چەشنە هەوڵێک لەو ئاراستەیەدا ئەرکی سەرجەم خەڵکی ئێرانە. دووهەم ئەوە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاسایی حکوومەتی ناوەندی نینو داخوازەکانیان داخوازی بنەڕەتیو لە سەرووی خواستگەلێکی دێمۆکراتیک وەک ئازادیی بەیانو ئازادیی چالاکیی هێزە سیاسییەکان و ... یە. شتێکی چاوەڕواننەکراو نییە ئەگەر ڕێژیم لە ئاکامی هاتنەئارای دۆخێکی تایبەتدا بەشێک لەو داخوازییانە قبوول بکا بە بێ ئەوەی لە ئاست هەمووی وڵاتدا گۆڕانێکی دێموکراتیک ڕوو بدا. تەنانەت ڕەنگە ڕێژیم بە شێوەیەکی ناتەواو و نیوەچل ببێ بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک یان لە پشتگیری جەماوەری بەهرەمەند بێو لە چوارچێوەی هەلومەرجێکدا دانیشتن قبوول بکا. هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم پێش بە دەستپێکردنی ئەو ڕەوتە دەگرێ. هەروەها دەگوترێ کە کوردستان توانای ڕووخاندنی ڕێژیمی نیەو خەباتی بزووتنەوەکەی بۆ هێنانی ڕێژیم بۆ سەر مێزی وتووێژە. دواجار دەستەیەک لە ڕوانگەیەکی سیڤیلو دژە توندوتیژییەوە جەخت لە سەر گرتنەبەری ڕێگای ئاشتیخوازانەو مەدەنی دەکەنەوەو دروشمی ڕووخان کە هەڵگری جەوهەرێکی شاراوەی توندوتیژییە بە بێ سوود لە قەڵەم دەدەن. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەیەکی تاکەکەسی بەو پرسیارە :

بە بڕوای من دانی وەڵامێکی نەگۆڕو هەمیشەیی بەو پرسیارە هەڵەیە. ئەوەکە هێزە سیاسییەکانی ئێرانو لەوانە هێزە سیاسییەکانی کوردستان مافی ئەوەیان هەیە دروشمی ڕووخانی ڕێژیم هەڵگرن پێش لە هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆهەڵسوکەوتو هەڵوێستی حکوومەتی ناوەندی دەرهەق بەو هێزانە. ئەگەر تەماشای هەڵسوکەوتی ڕێژیم بکەین دەبینین کە دروشمی ڕووخان پێش ئەوەی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە دەرهەق بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەڵبگیرێ، لە لایەن حکوومەتی ناوەندی بە توندترین شێوەی خۆی لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆندا هەڵگیراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوەدا هەمووان بکاتە دوژمنی خۆی توانایەکی بێوێنەی هەیە. بۆ نموونە موجاهیدین لە سەرەتادا نەیاندەویست ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی ڕێژیم ببنەوە. ڕێژیم بە ئەنجامدانی خوێنڕێژیی سامناک بە دژی موجاهیدین ئەوانی ناچار بە ڕووبەڕووبوونەوە کرد. لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودەو ئەم دواییانە میللی-مەزهەبییەکانیشدا ڕێژیم هەر ئەو کارەی کرد. ئێستا کام بەشی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەیە کە وەبەر توندوتیژییەکانی ڕێژیم نەکەوتبێ. ئاخۆ کوشتاری دەیان هەزار دیلی زیندانی شتێک جگە لە ڕاگەیاندنی شەڕ بە دژی جیابیرانی سیاسیو فەلسەفی بووە؟ ئۆپۆزیسیۆنیش، کە هەر کام ڕادەیەک لە ناکۆکیی لەگەڵ ڕێژیم هەبووە، بە جێگەی خۆی، تەنانەت بەشێک لە ڕوخسارەکانی پێشووی ئەو ڕێژیمە و بە قەول ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتیش قوربانیی سیاسەتی ڕەشبگیریو کوشتاری ڕێژیم بوون. ئایا ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی ئەو پێکهاتە دواکەتووەش بە هەبوونی ئەو کردەوە توندوتیژانە ڕێگایەکی جگە لە هەڵگرتنی دروشمی ڕووخان بۆ ئۆپۆزیسیۆن هێشتۆتەوە؟ ڕێژیمێک کە مل بۆ هیچ ڕێسایەکی دێموکراتیک، تەنانەت ڕێسا نادێموکراتیکەکانی خۆیشی نادا، لە زمانێک جگە لە زمانی توندوتیژ تێ ناگا، شتێک جگە لە تاوانو زەبروزەنگی لێ نەبینراوە، تەنیاوتەنیا شایانی ڕووخانە. هەرچەشنە نەرمینواندنو ناچالاکبوونێک لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا ئاکامێکی جگە لە بەردەوامیی سەرەڕوییو تێکەوتن لە داوی ئەو ڕێژیمە نابێ. بە تایبەتی کوردستان، ئەویش نە تەنیا وەک ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیم، بەڵکوو وەک گەلێکیش کە کوشتوبڕ کراوە دۆزێکی تایبەتیی لەگەڵ ڕێژیم هەیە. هەموو تاوانەکانی ڕێژیم بە جێگەی خۆی، تەنیا تیرۆرە ڕەشەکانی لە دەرەوەی وڵات دەرخەری توندوتیژیو تاوان بە دژی مرۆڤایەتییە. کوشتنی سەدان چالاکی سیاسیی کورد لە عێراقو وڵاتانی دیکە ڕوخساری دزێوی ئەو ڕێژیمە هەرچی زیاتر ڕیسوا دەکا. هەروەها تیرۆری دوکتور قاسملووی بلیمەتو دوکتور شەرەفکەندی کە نیشاندەری کردەوەی تووندوتیژانەی ئەو ڕێژیمە دەرهەق بە کوردستانە هەرگیز لە یاد ناچێ. ڕێژیمێک کە نارازییانی خۆی بۆ وتووێژ دەعوەت بکاو ئەوان لە سەر مێزی وتووێژ بکوژێ تەنیا پێویستە بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە. هەر بۆیە پێویستیی هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەوە سەرچاوە دەگرێ کە یەکەم ئەوان بەشێک لە ئۆپۆزیسۆنی ئێران پێک دێننو دواتر ئەوان هێزێکی کوردستانین . بە زمانێکی ساکارتر ئەگەر هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بۆ حیزبێکی ئێرانی (سەرانسەری) لە سەر بنەمای یەک هۆکار بێ ئەوە حیزبەکانی کوردستان چەند هۆکاریان بۆ ئەو کارە هەیە.

ئەوە دروستە کە کورد تەنیا بەشێک لە حەشیمەتی ئێران پێکدێنێو ڕووخاندنی ڕێژیم پێوەندیی بە هەموو خەڵکی ئێرانەوە هەیە. بەڵام لەو ڕاستییە ناکرێ بە شێوەیەکی ڕەها ئەوە هەڵێنجین کە هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بۆ کورد ڕەوا نیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆیەک دەکەین:

یەکەم هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دژکردەوەی هەڵوێستی ڕێژیم دەرهەق بە خەڵکی کوردستانە. مادام ئەو ڕێژیمە سیاسەتی لەنێوبردنی فیزیکیی حیزبە کوردییەکان ڕەچاو بکا، ئەو حیزبانە ناتوانن داوایەک جگە لە ڕووخانی ڕێژیمیان هەبێ. دووهەم ڕەنگە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خەڵکی کوردستان لە قۆناخگەلێکدا هاوئاراستە لەگەڵ بەرژەوەندیی بەشەکانی دیکەی ئێران نەبێ، بەڵام لە ڕوانگەی دێموکراتیک ناتەباییەکی لە گەڵ ئەوان نیە. بە گشتی ڕەنگە لە بارودۆخێکدا تێگەیشتنی ئەو بەشانە لە بەرژەوەندییەکان وەک یەکو بە یەک ڕادە نەبێ. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە حکوومەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە دوای ٢٢ی ڕێبەندان لە پشتیوانییەکی بەرینی جەماوەری (جگە لە موجاهیدین و بەشێک لە چەپ) بەهرەمەند بوو. بەڵام هەر ئەو حکوومەتە فوتوای شەڕ بە دژی کوردستانی دا. ئایا ئەو کات کوردستان دەبا تەسلیمی ئیرادەی ڕێژیم ببا؟! سێهەم ئێستا چۆن بەو ئاکامە بگەین کە ڕووخانی ڕێژیم خواستی بەشەکانی دیکەی ئێران نیە؟ ئاخۆ ڕاپەڕینی چەند ساڵ پێشووی خەڵک لە ناوەندمان نەبینیوە؟ ئایا بە کردەوە ئۆپۆزیسیۆنێک هەیە کە بە لانیکەم خوازیاری لاچوونی ڕێژیم نەبێ؟ چوارەم خەڵکی کوردستان جگە لەوەی وەک گرووپێک، وەک شارومەندێکی ئێرانی مافی خۆیانە خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمێک بن کە لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێ بەشی کردوون. وای دابنێین لە داهاتوودا حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار. ئایا چاوەڕواننەکراوە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە خانەی ئۆپۆزیسیۆندا جێ بگرن و لە چوارچێوەی یاساوڕێسای دێموکراتیک هەوڵی ئەوە بدەن ئەو حکوومەتە لابچێو حکوومەتی هاوبەشی خۆیان بێتە سەر کار؟ ئەگەر ئاوا نەبێ ئایا ئەوە بە واتای «ڕووخان»، بە شێوازی نەرم، نیە؟ پێنجەم لە مێژووی زۆر لە وڵاتانو کۆمەڵگەکاندا ئەوە بینراوە کە ئەگەر ناوچەیەکی تایبەت داخوازێکی تایبەتیی هەبێ، حکوومەتی ناوەندی لە بەرامبەر ئەو خواستەدا ڕاوەستاوەو زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەش ئەگەر نەچووبنە ریزی لەشکەریانی ئەو ڕێژیمە، لە بەرامبەر حکوومەتدا بێدەنگییان نواندوە. دیارە ئەو بێدەنگینواندنە بە هۆی گەشەنەکردنی سیاسی بووبێ یان بە هۆی ترس لە ڕێژیم، هیچ لەوە ناگۆڕی کە زۆرینەی خەڵکی وڵات ئەو بەشەی خەڵکیان بە تەنیا جێهێشتوە. ئەوەی کە کۆمەڵگەی زۆرینە تەنانەت نەهاتۆتە نێو گۆڕەپانی خەبات، هەتا ئەوەی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بدا نابێ بە زیانی کۆمەڵگەی کەمینە لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر چەند هەزار ژنو کچی ئەو وڵاتە دەرژێنە سەر شەقامەکانو دروشمی « ئێمە شۆڕشمان نەکرد تا بۆ دوایە بگەڕێینەوە» و ڕێژیم ئەوان کوشتوبڕ دەکاو دەنگێک لە میلیۆنان ژنی ئێرانی بەرز نابێتەوە، لە قەڵەمدانی ئەوە وەک تاوانی کەمینەیەکی ژنانی هوشیارو تاوانبارکردنیان بەوەی کە خوازیاری لاچوونی ڕێژیمێکی دژە ژنن زور زاڵمانە نیە. ئەو بابەتە لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی هوشیارو خوڕاگردا دروستە. کوردستان لەو بوارەشدا بە هەقو لە ڕووی ناچاری خوڕاگریو داکۆکیی فیزیکیی لە خۆی کردوە.

دەگوترێ کە مەسەلەی کورد تارادەیەک لە مەسەلەی گشتیی ئێران جیاوازە. بێ گومان ئەوە ڕاستەو ئەو بابەتە پێویستیی هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم دووقات دەکا. بە هۆی ئەوەی :

١- ئەوەی کوردستان داوای دەکا، گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتو دەوڵەتی ترسناکی ناوەندگەرایە. ڕەنگە خواستەکانی بەشێک لە خەڵکی ئێران بە پێکهاتنی هێندێک ڕیفورمی دێموکراتیک لە پێکهاتەی سیاسیو دانی بەشێک لە ئازادییە دێموکراتیکەکان بە خەڵک چارەسەر بێو لەو ڕێگەوە بێ گومان گرفتەکانی کوردیش کەمتر دەبێ، بەڵام ئەو گرفتانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر نابن. کوردستان خوازیاری سیستمی فێدراتیو لە ئێرانو سیستمی خودموختاری لە کوردستانەو بە زمانێکی سادەتر دەیەوێ لەو دەسەڵاتە کە بڕیارە دەسەڵاتی ئەویش بێ بەشدار بێو خاوەنی حکوومەتی ناوچەیی_نەتەوەیی خۆی بێ. هیچ یەک لەو خواستانە لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا مەجالی بەدیهاتنیان نیە. هەر بۆیە هێنانەئارای بابەتی ڕووخانی ڕێژیم بە دوو واتا پێویستە: یەکەم بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان وەک شارۆمەندێکی ئێرانیو دووەم بە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانی بنچینەیی لە پێکهاتەی سیاسیی ناوەندگەرادا.

٢- شتێکی چاوەڕواننەکراو نیە کە ڕێژیم لە ئاکامی هاتنەپێشی هەلومەرجێکدا ناچار بە پاشەکشە لە بەرامبەر بزووتنەوەی کوردستاندا بێ، بە بێ ئەوەی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە تووشی گۆڕان بێ (هەر وەک چەند جار ئەوەمان لە عێراق بینیوەو ئێستا بەرەبەرە خەریکە لە تورکیە دەیبینین)، بەڵام ئەو جۆرە پاشەکشێیانە کاتیو تاکتیکی دەبن. ئەو پاشەکشێیە تەنیا کاتێک دەبێتە هەوێنی گۆڕانێکی سەقامگیر کە لە درێژەی خۆیدا ڕووخانی ڕێژیم یان پێکهاتنی گۆڕانی بنچینەیی لە سیستمی سیاسیدا لێبکەوێتەوە. دوکتور قاسملوو بە باشترین شێوە ئاماژەی بە پێوەندیی نێوان بابەتی بچووکو گەورە لەگەڵ یەکتر کردوە. دوکتور قاسملووی پراگماتیست بە دروستی دەیگوت ئەگەر خودموختاری لە کوردستان بنیات بنرێ، هاندەرو یارمەتیدەری بنیاتنانی دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێران دەبێو ئەگەر دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێران جێگیر بێ، ئەوە دەبێتە گارانتییەک بۆ بنیاتنانی خودموختاری لە کوردستان. بەڵام ئەمڕۆکە پاش تێپەڕینی سیوچەند ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەزانین کە بابەتگەلێک وەک دێموکراسی، فێدرالیزم، ئازادیو خودموختاریو ... لە گەڵ ئەو ڕێژیمە ناتەبایەو سیاسەتکردنو پلاندارێژی لەسەر ئەو بنەمایە بە تەواوەتی هەڵەیە. کاتێک کە ڕێژیم بە لانیکەم دەستی لە سڕینەوەی فیزیکیی ئۆپۆزیسیۆن هەڵگرت، ئەو کات گرتنەبەری ستراتژی پێویستە. تا ئەو کات سیاسەتی کوردی دەبێ ڕووخانی ڕێژیم بێو هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی بۆ ئەو مەبەستە بدرێ.

٣-هێندێک دەنگۆ لە سایتەکان بە نیسبەت هەوڵی ڕێژیم بۆ وتووێژ لەگەڵ هێزە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە. ڕەنگە ڕێژیم بە مەبەستێکی تایبەت وابنوێنێ کە ئامادەی دانیشتنە، بەڵام متمانەکردنی حیزبە کوردییەکان بەو بابەتە وێرانکەرو فریودەر دەبێ. ئەوان ئەوەندە واقیعگەراو بە ئەزموونن کە بزانن کۆماری ئیسلامی نە ئەوەندە لاوازەو نە یەکجێ تێگەیشتنێکی دیکەی پەیدا کردوە کە ئامادەی ئەو دانیشتنە بێ. ئەو سیگنالانەی ڕێژیم لە ڕێگەی دوستانیەوە بۆ حیزبە کوردییەکانیان دەنێرێ، ئەگەریش ڕاست بێ، شتێک جگە لە فێڵوتەڵەکەی سیاسی نیە. بە ڕاستی کام عەقڵی سەلیم بڕوا دەکا کە ڕێژیمێک سەرکۆمارو سەرۆک پارلمانی پێشووی خۆی زیندانی بکا، بەڵام بیهەوێ لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان وتووێژ بکا؟!

ڕاستە ڕێژیم لە ناوچەدا تەریک کەوتۆتەوە. دەوڵەتی تورکیە بە هەموو توانایەوە لە هەوڵدایە کە کایەکان لە خودی تورکیە، سووریەو عێراق بە دەستەوە بگرێو ئەوە پرسی کوردیش لە خۆ دەگرێ. لە وڵاتی گرینگی تورکیە ترسی تورک لە کورد تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوییوەتەوەو لۆژیک جێی ترسی گرتۆتەوە. لە نیشانە بەرجەستەکانی ئەو گۆڕانە لە تورکیە جگە لە نەرمینواندنی حکوومەتی تورکیە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، وێنەگرتنی بەرپرسانی حکوومەتی تورکیە لەگەڵ ئاڵای کوردستان، دەعوەت لە مەسعوود بارزانی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی AKP و تەنانەت پێشنیاری هاوکاری بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی حکوومەتی ناوەندی عێراقە. ئەوە لەبیر نەکەین کە حیزبەکانی کوردستانی باشوورو بە تایبەتی پارتی دێموکرات نزیکترین پێوەندییان لە گەڵ حکوومەتی ئێران بووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە تورکیەیە کە بە سیاسەتی «هەڵاتن بۆ پێشەوە« ئێرانی وەدوا داوە. هەموو ئەو ڕاستییانە کۆماری ئیسلامی ناچار دەکەن هێندێک مانۆر بدا. بەڵام لەو خاڵە کە بیهەوێ پێشنیارێکی جیددی بدا زۆر دوورە. جەوهەری ئەو ڕێژیمە هەر لە بنەڕەتەوە ڕێگەی ئەو کارەی پێ نادا.

٤-گومانێک لەوەدا نیە کە دەکرێ بە دژی ڕێژیم خەبات بکرێ، دروشمی ڕووخانیشی هەڵبگیرێ، لە هەرلەوکاتەدا وتووێژیش بکرێ. دوکتور قاسملوو دەیگوت خەباتی ئێمە لە بنەڕەتڕا بۆ ڕووخانی ڕێژیم نیە، بەڵکوو ناچارکردنی ئەو ڕێژیمە بە وتووێژە. لە جەوهەری ئەو وتەیە لەو هەلومەرجەدا گرفتێک نیە. بەڵام نابێ لەو وتەیە ئەوە هەڵێنجین کە هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ڕێژیم لە هەر هەلومەرجێکدا هەڵەیە. ئەوە لە یاد نەکەین کە بابەتی ڕووخانی ڕێژیم لە سەردەمی دوکتور قاسملووشدا هەبووەو ئەو کات ڕێژیم لە پشتگیرییەکی بەرینی جەماوەرییش بەهرەمەند بووە. ئەو سەردەم بەشێک لە چەپ پشتگیرییان لە ڕێژیم دەکردو هەروەها لە پشتگیریی بەشە سۆسیالیستییەکانی جیهان بەهرەمەند بوو. هەر بۆیە سیاسەتی ناچارکردنی ڕێژیم بە دانوستانو کۆتاییهێنان بە شەڕ لە کوردستان هەرچەند بێ ئاکام مایەوە، بەڵام لە بواری لۆژیکییەوە دروست بوو. ئێستا لەگەڵ دۆخێکی تەواو جیاواز ڕووبەڕووین، قێزەونبوونی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات بۆ هەموو کەس ئاشکرایە، ڕێژیم لە تەریککەوتنەوەیەکی نێودەوڵەتیدایە. هیچ هێزێکی سیاسی نیە کە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنو دژی کۆماری ئیسلامی جێی نەگرتبێ. لە دۆخێکی لەو چەشنەدا هێنانەئارای ئەو بابەتە کە ڕووخانی ڕێژیم بابەتی سەرەکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان نیە، بۆ کوماری ئیسلامی بێ سوود نیەو خەسار بە پێگەی حیزبە کوردیەکان دەگەیەنێ. بێ ئاکامیو خەسارهەڵگربوونی سیاسەتی ڕێککەوتن لەگەڵ کوماری ئیسلامی بە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەبێ بۆ خەڵکی کوردستانو چالاکانی ڕوون بووبێتەوە. ئێستا کە هەلومەرجەکە بەمجۆرەیە بابەتی ڕووخانی ڕێژیم دەبێ ڕوونترو لێبراوانەتر لە سەردەمی دوکتور قاسملوو، کە بە هەر حال خەڵکی ئێران لەو سەردەمەدا بە نیسبەت کوماری ئێسلامی هێندێک نارووونیو چاوەڕوانیی نادروستیان هەبوو، بێتە ئاراوە.

بۆ من شتێکی سەیر نیە ئەگەر کەسانێک بڕوایان بە موعجیزە هەبێو بیانەوێ لە ڕێگەی مەدەنیو ئاشتیخوازانەوە داخوازەکانی خەڵک دابین بکەن، بە تایبەتی ئەگەر لە نێوخۆی وڵاتدا چالاک بن. بۆ من شتێکی سەیرە ئەگەر حیزبێک کە ئەزموونی سیو چەند ساڵ خەباتو بەربەرەکانیی فیزیکیی بە دژی ڕێژیم هەبێو خاوەنی پێکهاتەیەکی نیزامی بێ، لە بەرامبەر ڕێژیمدا قسە لە خۆبەدوورگرتن لە شێوازی توندوتیژو ڕووخانی ئەو بکا. هەبوونی هێزی نیزامیی ئاشکرا بۆ هێزێک کە بڕوای بە پێوەندیی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ڕێژیم هەبێو بڕوای بە دەستەبەرکرانی خواستە ئازادیخوازانەو پێکهاتەییەکانی خەڵک لە نێو ئەو ڕێژیمەدا هەبێ، بابەتێکی نارووونو نالۆژیکییە. بە دڵنیاییەوە تا ئەو شوێنەی بکرێ دەبێ لە ڕووبەڕوبوونەوەی نیزامی لەگەڵ ڕێژیم خۆ بەدوور بگرین، بەڵام ڕەتکردنەوەی خەباتو بەربەرەکانی بۆ لە نێوبردنی ڕێژیم لە هەر بارودۆخێکدا نادروستو ناواقعییە بە تایبەتی بۆ حیزبە کوردییەکان.

بە بڕوای من لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بۆ کردنەوەی فەزای سیاسیی وڵات، هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە ململانێ سیاسییەکاندا، ناچارکردنی هێزە سەرەڕۆترەکانی نێو ڕێژیم بە پاشەکشێو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکیی نێوخۆیی ئەوان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکرێ بە پێی ڕێساکانی ڕێژیم لە «هەڵبژاردن»دا بەشدار بن. بەڵام ئەوە فورموولێک نیە کە بکرێ بۆ هەر کاتو بارودۆخێک کەڵکی لێوەربگیرێ. لە هەلومەرجێکدا بایکوت دەکرێ زۆر کاریگەرتر بێ. لە هەلومەرجی تایبەتیی ئێستادا کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی ڕێژیمیش ڕێگەی هیچ چەشنە هەڵوێستو بەشدارییەکی پێ نادرێ، هەتا دەگا بە ئۆپۆزیسیۆنی واقعی، سیاسەتی دروست تەنیا بایکوتی لێبڕاوانەی شانۆی «هەڵبژاردن»ە. ئەو بابەتە کە خەڵک سەرەڕای بایکۆتی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردندا بەشداردەبن، بە تەواوەتی ناڕاستەو تەنیا خەسارگەیاندن بە ئۆپۆزیسیۆنی لێدەکەوێتەوە. ئەمڕۆکە ئۆپۆزیسیۆن بە جێگەی خۆی، ڕیفورمخوازانی نێو حکوومەتیش باس لە بایکوت دەکەن. جگە لەوەی ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی پێشرەو هێنانەئارای ئاڵتێرناتیوە. سیاسەتی «نە بایکوت نە بەشداری» ناتوانێ ئاڵتێرناتیو بێ. بە تایبەتی ئێستا کە جەماوەی خەڵک قەیرانی سیاسی زیاتر لە هەمیشە هەست پێدەکەنو دەرەتانی چاکسازی نێوخۆیی زۆر کەمتر دەبینن، هێنانەئارای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم بۆ بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی کە لەودا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد، نەک خەیال بێ بەڵکو شتێکی ئاسایی بێ، پێویستە.

درێژەی:

## لە پەراویزی پەیامە نەورۆزییەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان دا

کاتە مانا دەبەخشێ کە هێزەکانی پەکەکە بە بێ چەک بۆ دەرەوەی سنوور کشابنەوە و بە یەکجاری چەکەکان بێ دەنگ کرابن و ماڵاوایی لە چەکەکان کرابێ. بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا پێشوەخت خۆی لە هەنگاوی یاسایی دەبوێرێ و لە بەرنامەی دا نییە لیبووردنی گشتی دەربکات. ئەو کەسانەی لە بەرەکانی شەڕ بە دژی هێزەکانی دەوڵەتی شەڕیان کردوە یان بەرپرس و فەرماندەی نیزامین، بۆیان نییە بگەڕێنەوە تورکیە و ڕێگەی بەشداری لە کار و چالاکیی سیاسیی یاساییان پێ نادرێ، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بگەڕێنەوە کە تاوانیان لە سەر ساغ نەبۆتەوە. تورکیە، بەو مەرجە قورسانەی نیشانی دەدات، هێشتا خۆی لە کۆت و بەندەکانی پێشوو ڕزگار نەکردوە و ئەو شەڕت و مەرجانە هەوڵێکن بۆ خۆ دزینەوە لە چارەسەری ڕیشەیی کێشەی ڕەوای کورد. ئەگینا لە بەرامبەر ئاگربڕ و ئامادەیی پەکەکە بۆ کشانەوە، لانی کەم تورکیەش پێویستە هێندیک هەنگاوی ئەرێنی هەڵبێنێتەوە.

لە پەراویزی پەیامە نەورۆزییەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان دا، پێویستە بڵێین : یەکەم، خەباتی جەماوەری، مەدەنی و پارلمانی حوکم دەکات چەکەکان بێ دەنگ بکرێن و بێ دەنگ کردنی چەک لە خزمەت بەرەو پێشبردنی خەباتی سیاسی، دابێ. دووهەم، « قۆناغ و سەردەمێکی نوێ دەست پی دەکات» لەو قۆناغ و سەردەمە نوییەدا، خەباتی سیاسی و پارلمانی توختر دەبێ و پێویستە دەوڵەتی تورکیە قەبوول بکات کورد، وەک نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆنی لە باکوور ئەو مافەی هەیە کە بتوانێ بە شێوەی ئازاد و وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان بە پێی پێویست بڕیار لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بدات. سێهەم، دەولەتی تورکیە ئەگەر پێی وایە بە دانی هێندیک مافی سەرەتایی و ورد و لە بەرامبەر چەک فرێدانی پەکەکە، بە یەکجاری خۆی لە کرۆکی مەسەلەی کورد ڕزگار دەکا، خۆی تووشی هەڵەی ستراتیژی کردوە. چونکە وڵاتانی ناوچە یەک لەوان تورکیە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا، لە گەڵ پرسی ڕوولەگەشەی کورد بەرەوڕوون. چوارەم، ویڕای ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن، پەیامەکەی ئۆجەلان، بە شیوەیەکی سەرەکی ڕووی لە کۆمەلانی تورک و ئاشتی و برایەتیی نێوان گەلان و ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە و پێ لە سەر دیموکراسیی نێو تورکیە داگیراوەتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، بلێی عەبدوڵلا ئۆجەلان بە دەرکردنی پەیامەکەی لە ڕۆژی نەورۆزدا، کۆمەڵانی میلیۆنیی لە پشت سەر خۆی نەدیتبێ؟ پێویستە وەبیر بهێنینەوە، لە ٢٢ی تەموزی ٢٠٠٧ کورد توانی بە سەر بەربەست و کەند و لەندی هەڵبژاردنەکاندا زاڵ بێ و بە ٢٢ نوێنەرەوە پێ بنێتە نێو پارلمانی تورکیە. لە مارسی ٢٠٠٩ بە بردنەوەی ٩٩ شارەوانی لە هەڵبژاردنی شاراوەنییەکان و لە هەڵبژاردنی پارلمانیی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١١ش دا توانی ٣٦ نوینەری ڕەوانەی پارڵمان بکات.

لە نەورۆزی ئامەد پیتەختی شۆڕش و ڕانەوەستان، تەنانەت یەک ئاڵای تورکیەش بەدی نەکرا، ئەوە نەبوو بلێی خەڵک لە بیری چووبێ، بەلکو هەر لە بنەڕەت دا نەیانویست هەلی بدەن. بۆیە دەبێ ئۆجەلانیش ئەوەی دیتبێ و، باشتر وایە پەیامەکەشی لە چوارچێوەی بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵانی هەراوی میلیۆنی لە خەباتی سیاسی و جەماوەری دا هەڵسەنگێندرێ. نارەزایەتیی کاربەدەستانی تورکیە لە هەلنەدرانی ئاڵاکەیان و تووڕەیی دەوڵەت باخچەلی و پارتەکەی لە جێژنی میلیۆنیی کوردەکان و پەیامەکەی ئۆجەلان بوو. بە دڵنیاییەوە، ئەگەر کورد نەیتوانیبا بێتە مەیدان و لە بۆنە و جێژنەکان دا خۆی بنوینێ، ئۆجەلان قەد نەیدەتوانێ، وەها پەیامێک دەربکات.

سەرکوتو کوشتوبڕی خەڵکی بێتاوانی کوردو، گرتنو ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسیو مەدەنیو کپکردنی دەنگی ئازادو سەربەخۆ لە کوردستان بە هۆی دەزگا ئەمنیەتیو نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە.

ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی زستانو کۆتایی ساڵی ٩١ دا لانیکەم ١١٥ کەس لە خەڵکی مەدەنیو چالاکانو لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە

# ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ٩١ ی هەتاویدا

کوردستان و کورد
www.kurdistanukurd.com
ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد
بۆ کەیاندنی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئامادە کردنی: عەلی بداغی

**( کوژرانو برینداربوونو گیرانی لانیکەم ٥٠٥ کەس بە دەستی هێزە ئەمنیەتیو نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی)**

**کوردستانوکوردنیوز:** هێزە ئەمنیەتیو نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٩٦ کەس لە هاووڵاتیانی کوردیان کوشتوەو ٦١ کەسیان بریندار کردوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کوژراوو بریندارانە کاسبکارانو کۆڵبەرانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوون.

هەر لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لانیکەم ٣٤٨ کەسیان لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەرو لانیکەم ١٣١ کەس لەو گیراوانەیان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانی دادگایی کردوەو سەرجەم ٧٩٤٢ مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاندوون.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ٩١دا لانیکەم ٢٢ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتیو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٩ کەسیان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوونو بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ٩١دا دوو چالاکی سیاسیی کوردی لەژێر ناو و بە پاساوی قاچاغچیبوونی ئەو دوو کەسە لە دار داوەو شەش زیندانیی سیاسییش لە ماوەی سێ مانگی بەهار بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکیو خراپبوونی باری سڵامەتیو تەندروستییان لە زیندانەکاندا گیانیان لە دەست داوە.

هەر لە ئاکامی کەمیننانەوەو تەقە کردن لە کاسبکارانو کۆڵبەرانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاریو بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نانو بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٣ کەس بریندار بوون. تەقینەوەی مین لە کوردستان دیسانەکەش ڕووداوی دڵتەزێنی لێکەوتەوەو لە یەکەم مانگی بەهاردا دوو منداڵی ٧ ساڵە و ٨ ساڵە بە هۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بوونو دەستو لاقیان لە دەست دا.

ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵی ٩١دا لانیکەم ٥١ کەس لە خەڵکی مەدەنیو چالاکانو لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچانەوە و دادگایی کردنیان بە شێوەی کاتیو بە بارمتە ئازاد کراونو دەزگای قەزاییش لەو سێ مانگەدا لانیکەم ٤٤ کەس لە گیراوانو چالاکانی سیاسیی کوردی دادگایی کردوەو سزای لە ٥ مانگو یەک ساڵو دوو ساڵ را بگرە تا ٣٠ ساڵ زیندانو سەرجەم ٣١٢٠ مانگ زیندانی بە سەریاندا سەپاندوەو ٣ کەس لەوانی مەحکووم بە ئێعدام کردوە.

هێزە نیزامیو چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ مانگی هاوینیشدا گیانیان لە ٢٢ کەس لە خەڵکی کوردستان ستاندوە کە ١٤ کەس لەوان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوون کە بە تەقەی ڕاستەوخۆی ئەو هێزانەی کۆماری ئیسلامی کوژراون، ٢ کەسیان لە گرتنگەکانی ئیتیلاعات گیانیان لە دەست داوەو ٥ کەسیشیان کاسبکارانی کورد بوون کە لە ئاکامی ڕاوەدوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو تەقە لێکردنیان ماشێنەکانیان وەرگەڕاون، ماشێنەکانیان سووتاونو بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە. هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک گیراو لە بەندیخانەکانی کوردستان بە تاوانی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان لە دار دراون کە ناونیشانی ٤ کەس لەوان زانراوە.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەی وەرزی هاویندا ١٥ کەس لە کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوونو ٣ کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مین لاقیان پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنیەتیەکانو ئیدارەی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو ٣ مانگەدا ١٢٣ کەس لە خەڵکی کوردستانیان بە تۆمەتی ئەمنیەتیو چالاکی دژی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانە توند کردوەو دەزگای قەزاییو دادگاکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ٤٩ کەسیان لە کوردستان دادگایی کردوەو سزای لە ٦ مانگ تا ٤٠ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاندوون.

ئەو ٤٩ کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد کە ٢٩ کەسیان یان لە زینداندا بوون، یان بە دانانی بارمتەی قورس تا کاتی دادگاییکردنیان ئازاد کرابوون، سەرجەم ٢٤٧ ساڵ و ٤ مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی جیا لەوە بە تۆمەتی « محاربە» و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی ئێعدامی بە سەر سێ چالاکی کورد، بەختیار مێعماری، سامان نەسیمو مەنسوور ئاروەنددا سەپاندوە.

لە ماوەی سێ مانگی پاییزیشدا هەر نەبێ ٣١ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتیو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ٢٦ کەسیان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوونو بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لە دەست داوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ٤ زیندانیی کوردی لەژێر ناوی قاچاغچیی مادە هۆشبەرەکان لە دار داوە.

هەر لە ئاکامی کەمیننانەوەو تەقەکردن لە کاسبکارانو کۆڵبەرانی ناوچە سنووریەکانی کوردستاندا کە بە هۆی بێکاریو بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نانو بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٨ کەس بریندار بوون.

ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا لانیکەم ٥٩ کەس لە خەڵکی مەدەنیو چالاکانو لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچانەوەو دادگایی کردنیان بە شێوەی کاتیو بە بارمتە ئازاد کراونو دەزگای قەزاییش لەو سێ مانگەدا لانیکەم ٢٠ کەس لە گیراوانو چالاکانی سیاسیی کوردی دادگایی کردوەو سزای لە ١٨ مانگو یەک ساڵو دوو ساڵ را بگرە تا ٤٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕیونەیەوەو سەرجەم حوکمی ١٣٧٤ مانگ زیندانی بە سەر ٢٠ گیراوی سیاسیی کورددا سەپاندوە.


هەر لەو ماوەیەدا ٨ مامۆستای قوتابخانەی شارەکانی دێولان، دیواندەرە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی لە سەر کارەکانیان دەرکراون، ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشێک لەوان ڕابردووی سەروو ١٥ ساڵ و ٢٠ ساڵیان لە وانەگوتنەوەدا بووە.

لە ماوەی سێ مانگی زستانیشدا لانیکەم ٢١ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتیو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ١٢ کەسیان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوونو بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ٦ هاووڵاتیی کوردی بە تۆمەتی جیابیری ئایینیو پێوەندی هەبوونیان بە گرووپە ئایینیەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دار داوە.

هەروەها لە ئاکامی کەمیننانەوەو تەقە کردن لە کاسبکارانو کۆڵبەرانی ناوچە سنووریەکانی کوردستاندا کە بە هۆی بێکاریو بێدەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نانو بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٥ کەس لەو کۆڵبەرو کاسبکارانە بریندار بوون. تەقینەوەی مین لە کوردستان دیسانەکەش ڕووداوی دڵتەزێنی لێ کەوتەوەو لەو وەرزەی ساڵیشدا ٣ کۆڵبەر بە هۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بوونو دەستو لاقیان لە دەست داوە.

ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی زستانو کۆتایی ساڵی ٩١ دا لانیکەم ١١٥ کەس لە خەڵکی مەدەنیو چالاکانو لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچانەوەو دادگایی کردنیان بە شێوەی کاتیو بە بارمتە ئازاد کراونو دەزگای قەزاییش لەو سێ مانگەدا لانیکەم ١٨ کەس لە گیراوانو چالاکانی سیاسیی کوردی دادگایی کردوەو سەرجەم ٤٧٨ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاندوون. چالاکێکی سیاسیی کوردیش دادگاییو مەحکووم بە ئێعدام کراوە.



# ڕاپۆرتی وەرزانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

## (کوژران، برینداربوونو گیرانو خرانە بەندیخانەی ١٥١ کەس لە ماوەی سێ مانگی زستانی ئەمساڵدا)

سەرکوتو کوشتوبڕی خەڵکی بێتاوانی کوردو، گرتنو ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسیو مەدەنیو کپکردنی دەنگی ئازادو سەربەخۆ لە کوردستان بە هۆی دەزگا ئەمنیەتیو نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە.

دەزگا ئەمنیەتیو هێزە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە هاوکاریی یەکترو وێڕای دەزگای قەزایی ئەو ڕێژیمە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا بوونەتە هۆی گیان لە دەستدانو برینداربوونی ٣٦ کەس لە کوردستانو هەروەها خرانە زیندانو سزادرانی ١١٥ کەسو؛ داسەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر چالاکانی سیاسیی کورددا لە کوردستان بەردەوام بوون.

لە ماوەی سێ مانگی زستانی ساڵی ١٣٩١ دا لانیکەم ٢١ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتیو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ١٢ کەسیان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوونو بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ٦ هاونیشتمانی کوردی بە تۆمەتی جیابیریی ئایینیو پێوەندی هەبوونیان بە گرووپە ئایینیەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیەوە لە دار داوە.

هەروەها لە ئاکامی کەمیننانەوەو تەقە کردن لە کاسبکارانو کۆڵبەرانی ناوچە سنووریەکانی کوردستاندا کە بە هۆی بێکاریو بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نانو بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٥ کەس لەو کۆڵبەرو کاسبکارانە بریندار بوون. تەقینەوەی مین لە کوردستان دیسانەکەش ڕووداوی دڵتەزێنی لێکەوتەوەو لەو وەرزەی ساڵیشدا ٣ کۆڵبەر بە هۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بوونو دەستو لاقیان لە دەست داوە.

ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی زستانو کۆتایی ساڵی ٩١ دا لانیکەم ١١٥ کەس لە خەڵکی مەدەنیو چالاکانو لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچانەوەو دادگاییکردنیان بە شێوەی کاتیو بە بارمتە ئازاد کراونو دەزگای قەزاییش لەو سێ مانگەدا لانیکەم ١٨ کەس لە گیراوانو چالاکانی سیاسیی کوردی دادگایی کردوەو سەرجەم ٤٧٨ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاندوون. چالاکێکی سیاسیی کوردیش دادگاییو مەحکووم بە ئێعدام کراوە.

شایانی باسە کە ئەو ئامارە بەپێی ئەو هەواڵو زانیارییانە ئامادە کراوە کە بە هەواڵدەریی کوردستانوکورد گەیشتوون یان لە میدیاو لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو بوونەتەوەو؛ بەو پێیەش کە کۆماری ئیسلامی کەشی سەرکوتو بێدەنگە کردنی بە سەر کوردستاندا سەپاندوە، بە دڵنیاییەوە ئاماری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە.

بۆ زانیاری زیاتر لە سایتی کوردستان و کورد دا سەردانی ئەم لینکانە بکەن:

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکرانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی بەهاری٩١ ی هەتاویدا :
http://www.kurdistanukurd.com/ku/wtar.php?id=460

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکرانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی هاوینی ٩١ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/ku/wtar.php?id=458

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکرانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی پاییزی ٩٠ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/ku/wtar.php?id=459

لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکرانی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی زستانی ٩٠ ی هەتاویدا
http://www.kurdistanukurd.com/ku/wtar.php?id=457

کوردستان
ژمارە: ٦٠٥
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٤ی ئاوریلی ٢٠١٣



هەڵەچینی

# تێکسڕماندنەوەی زمانی کوردی



مستەفا شێخە

دوای زیاتر لە یەک ساڵ چەنەبازی‌و کیبۆردلێدان لە خزمەت خوێنەرانی گۆشەی هەڵەچێنی‌دا، بە خۆشی‌یەوە لە سەرەتای ئەم مانگەی زایینی‌دا بە دەرئەنجامێکی باش گەیشتم. لە ڕووداوێکی کوتوپڕو لەناکاودا زمانی ڕەسەنی کوردی لە پەرش‌وبڵاوی‌و چەند ڕێنووسی ڕزگار بوو. ئیدی لەمەودوا حیزب‌و ڕێکخراوو پارچەکانی کوردستانی گەورەش وشەکان دابەش ناکەن‌و لەداخی یەکتر وشەی نارەسەن‌و بێ‌مانا داناتاشن. بە پێی بڵاوکراوەیەکی هاوبەشی هەموو پارچەکانی کوردستان‌و تەواوی حیزبە دۆست‌و نەیارەکان بە سیکۆلارو میکۆلارو عەلمانی‌و مەلمانی‌و ئایینی‌و ماینی‌یەوە، بەم ئاکامە گەیشتن کە لەمەو دوا ژن یەکەو تا ئەم کەونە خڕو سەیرو سەمەرەیە هەیەو بوونەوەری لەسەر دژی، نابێ بە دوو و ئافرەتیش دەخرێتە نێو زبڵدانی مێژوو.

لە بڕگەیەکی ئەم بڵاوکراوەیەدا گوتراوە، منداڵان بە کوڕو کچەوە هەر پێیان نایە قوتابخانە، دەبن بە قوتابی‌و پاش تەواوکردنی قوتابخانەش هەر ناڵچەی یەکێک لە پێڵاوەکانیان نایە حەوشی ژوورەکانی سەر بە خۆێندنی باڵا، دەبن بە خوێندکار.

لەو ڕێکەوتە بەم‌لاوە، هەر کەسێک لە جیاتی فرمانی «هەیە» بنووسێ «بوونی هەیە»، بۆ ماوەی چەندین ساڵ‌و یەک ڕۆژ زیندانی دەکرێ. ئەوکات هەم ئەوانەی بەندکراون‌و هەم ئەوانەی لە درەوەی بەندیخانەن لەژێر ئاسمانی بەهەورو بێ‌هەوردا دەژین، تێ‌دەگەن بوون هەمان هەبوونەو هەبوونیش هەمان بوونە.

هەرکەسێک لەجیاتی «بەردەوامە» بنووسێ «بەردەوامیی هەیە» حەوت ڕۆژو شەوان لە ژوورێکدا بە دیار کتێبەکانی مەسعوود محەممەدەوە هەڵی‌دەواسن، ئاوی ساردی پێدا دەکەن‌و بە شووڵی تەڕ دارکاریی دەکەن هەتا بەتەواوی دێتەوە سەرخۆو ئەم کارە بەردەوام دەبێ.

هەرکەسێک لە جیاتی «جێبەجێ کردن» و «ئەنجام‌دان»، کەڵک لە وشەی «هەڵسان» واتە هەڵستان وەربگرێ، هەتا هەموو لەشی وەک فۆتەی شینی لێ‌دێ‌و بیلامانێ هەموو ئەندامی لەشی هەڵدەستێ، دارکاریی دەکەن. پاشان دەی‌خەنە ژوورێکی تاکە کەسی‌و هەتا نەورۆزی داهاتوو ڕای‌دەگرن. لە نەورۆزی ساڵی داهاتوودا لەم کوردستانەی خۆمان دەی‌خەنە نێو هۆڵی کۆنسێرتی گۆرانی‌بێژە فارسەکان‌و دوای ئەوەی لەنێو بۆنی ئارەق‌و ئارەقەی بەشداربووان‌دا کوردی‌یەکی ڕەوان‌و پەتی بە فۆنەتیکی تەواوەوە لە گۆرانی‌بێژە فارسەکان فێر بوو، دەتوانێ بە سینگ‌و ئانیشک‌و پەنجەو ئەژنۆو هەموو گیانی دڕ بە بەشداربووان بداو بە ئازادی بە ماڵ‌و خێزانی خۆی شاد بێتەوە.

تێبینی- ئەوانەی لە زمان گۆرانی‌بێژە فارسەکانەوە فێری ڕەوان‌بێژیی کوردی دەبن، وەک یارمەتی‌یەک بۆیان هەیە لەجیاتی ئەوەی هۆڵی کۆنسێرتەکە جێ‌بهێڵن، لە هۆڵەکەدا بەکەیفی خۆیان کەڵک لە کەرستەکانی سینگ‌و ئانیشک‌و پەنجەو ئەژنۆو هەموو لەشیان وەربگرن‌و تادڵیان دەخوازێ، بەنێو بەشداربووان‌دا بسووڕێنەوەو لەسایەی کوردی‌زانینەکەیانەوە کەس پێی ناڵێ بەرو پشتی چاوتان برژانگە.

لەمەودوا ئەو کەسەی مانای «سنوور» نەزانێ‌و لە جیات وشەکانی «ناوچە «و «دەروبەر» و «گەڕەک»و «شار»، تەنیا وشەی سنوور بنووسێ، سنووورداشی شوێنی بێ‌سنووری دەکەن‌و لە سەر سنووری نێوان ژیان‌و مردن رای‌دەگرن‌و وانەی لێک‌جیاکردنەوەی دۆو دۆشاوی فێر دەکەن.

لەمڕۆ بەولاوە هەر کەسێک بە وشەی «تەکنیک» بڵێ هونەر، بە قەمچیی وەک خەرەزەن پشتی ورد ورد دەنجن‌و هونەرمەندانە لەشی بە هێڵی سووری خوێن‌تیزاو دەڕازێننەوە. سوودی ئەم کارەش ئەوەیە بەرکاری ئەم کردەوەیە فێری هەموو تەکنیکی نوێی نووسین دەبێ‌و لە زمان‌زانی‌دا دەبێتە مامۆستا.

بەپێ ئەو ڕاگەیەندراوەی ئاماژەمان بۆکرد، لەمەودوا کەس ڕێگەی شاری میانەی ناکەوێتە بەرو هەموو بەرپرسان‌و هونەرمەندان‌و خاوەن سەرمایەو نووسەران‌و کەڵەپیاوان‌و شۆڕەژنانی شێعرو گۆرانی‌و خۆڕازاندنەوەش هەر لەو شوێنەی لێی وەستاون یان لێی دانیشتوون، فەرمایشەکانیان بەگوێی بەردەنگانیان‌دا دەدەن‌و ئیدی پێویست ناکا بۆ لێدوانێکی بچووک بڕۆنە میانە.

لێژنە هاوبەشەکەی چاودێریی جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم ڕاگەیەندراوە، بەم دەرەنجامە گەیشتوە کە پێویست ناکا ئاخێوەران ڕێگەی میانە بگرنەبەرو ناچار نابن جیا لەو شارە کوردی‌یانەی دەکەونە سەر ڕێگەی ئێرەو میانە ، بە میاندواوو مەڵکەندی‌و بناوو مەراغەو هەشتەرۆدا تێ‌پەڕن‌و تەنیا بۆ لێدوانێکی بەبن تۆنێلەکانی هێروەتری شاری میانەش‌دا تێ‌پەڕن.

ئەوەی راستی بێ، ئەم بەیان‌نامە مێژوویی‌یە بۆ تێکسڕماندنەوەی زمانی کوردی زۆر بەسوودە، بەڵام خۆزگە لەسەرەتای مانگی ئاوریل‌دا دەرنەچووبا.

## دیاردە

هەندێ ئایین هەن،
چ بە بزەی خاچ، چ کەفی شمشێر
قەت لە ناو دڵا جێ ناگرنەوە
هەندێ سەرۆک هەن،
چ بە بانگەشە، چ نان‌و دۆلار
قەت ڕێ نابەنە ناو ناخی هەژار
هەندێ تابۆ هەن، پاشی سەدان ساڵ
نە لە بەر چاون، نە پیرۆز ماون
بەڵام چەند ناوو دیاردەی تر هەن
هەتاهەتایە دەرناچن لە دڵ،
چون خوێن‌و عەشقی گەلیان وا پێوە
وەکوو هەڵەبجە، وەکوو پێشەوا
وەکوو چوارچراو دەی خاکە لێوە...

رەحیم لوقمانی

شێعرێکی شەهید شێخ غەریب حەسەنی بۆ «شەهیدانی کوردستان»
(پێشکەش بە گیانی پاکی شێخ غەریب‌و هەموو شەهیدانی کوردستان)

ئەدەب‌و هونەری «کوردستان»

## بۆ شەهیدانی کورستان

شەهید! بەرزی وەکوو چیا — ڕوونی وەکوو ئاوی دەریا
تۆ نەمردووی و نامری — کڵپەو بڵێسەی ئاگری
ڕەنگی لالە هەرچەن جوانە — شاگوڵی نێو گوڵستانە
مل‌کەچ دەڕوانێتە زەوی — لە حاستی تۆیە سەر نەوی
تۆ بەهاری، تۆ شەماڵی — تۆ هەوری گەواڵ گەواڵی
تۆ هیوای بەرزی وڵاتی — پێش‌کاروانی ڕێی نەجاتی
تۆ کانگای بەڵێن‌و وەفای — تۆ زامنی مافی ڕەوای
ئاودێری بەرزی‌و بناری — ئۆقیانووسی پڕ ئەسراری
تۆ کلیلەی ڕەمزو رازی — ڕێبواری ڕێگاکەی قازیی
تۆ بەرزتر لە هەورانی — هاوتای مانگ‌و ئەستێرانی
تۆ تیشکی کازیوەی ڕوونی — مەشخەڵی ڕێی رزگاربوونی
ناوی بەرزت ڕەمزی مانە — وانەو دەرسی منداڵانە

«شێخ غەریب حەسەنی»

# (ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە)



عەلیرەزا رەحیمی

لەمێژە مرۆڤ بەرانبەر بە بارودۆخی خۆش وناخۆشی ژینگە و کۆمەڵگای خۆی بەهەر شێوەیەک کە لە دەستی هاتووە هەڵویستی گرتووەو ڕەزامەندی و ناڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە، لە سەرەتادا بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی لەمەڕ ڕووداوەکان، بەسەر گاشە بەرد و دیواری ئەشکەوتەکان کەوتە وێنەگەری ونەققاشی. هەر بە پێی نیاز دەربڕینی ئیحساس و هەست کردن بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکترو ویستی کۆمەڵایەتیی بەرە بەرە فێری ئاخاوتن وقسە کردن بوو.

ئەدەبیات و شێعر وەک یەکێک لە بوارەکانی هونەر ئەگەر لەسەرەتادا بۆ دربڕینی هەست و سۆزی ناخی ئینسان بەرانبەر بە سرۆشت وجوانی و درکاندنی ئەوین و خەم و پەژارە ڕۆڵی هەبووە، بەرەبەرە لەگەڵ ڕەوتی ژیان بوو بە ئامرازێک بۆ هەڵویست گرتن و ڕاپەڕاندنی چین وتووێژەکانی کۆمەڵگا و ئاگادارکردنیان لە ستەمی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی گەلانی بندەست‌و زورلێکراو، دەبینین کە لە سەردەمی ڕاپەڕین‌و خەباتی ئەوان‌دا هونەرمەدان‌و نووسەرانی دەروەست، بە هونەرەکەیان بەرانبەر بە زۆرداران‌و چەوسێنەران ڕاوەستاون و جێ پەنجە وکاریگەرییان بەسەر خەڵکو بزووتنەوەکەیانەوە هەبووە و ئەمە حاشا هەڵنەگرە و نووسەر و شاعیرانی دەروەست (متعهد) کە بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵگاو بارودۆخی ژیان بوونەتە لایەنگەری «مافخوازی» نەتەوەکەیان‌و دەنگی ئازادیخوازانەی خۆیانیان هەڵبڕیوە. هەربۆیە کاریگەری ئەو شاعیرانە بە هۆی خەمی هاوبەش زۆرجار سنووری بزاندووەو لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بوونەتە دەنگی گەلانی چەوساوەی دیکەی جیهان و تا ئەمڕۆ ئەدەبیاتی شۆڕشگیڕانە کە تێکەلاوێکە لە عیشق و ماف و هەستی نەتەوایەتی و دڵداری، هەتا کەرامەتی ئینسانی، زیاتر لە ژانرە ئەدەبییەکان بۆهۆگران و ئەدەب دۆستان لە هەموو چین وتوێژێک سەرنجڕاکێش بووە. جێی ئاماژەیە کە ئازادی و هەقخوازی و بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی و ئینسانی لە چوارچێوەی (منطق شعر) و پێویستییەکانی، لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەیە، کە هاوکات لە گەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازەکان‌دا هاتۆتە ئاراوەو زۆربەی شاعیرانی بەناوبانگی جیهانیش لە ئەدەبی شۆرشگیڕانەدا ناوبانگیان دەرکردووە.

دەڵێن ڕادەی چەوسانەوەو کویلەتی نەتەوەیەکو هەروەها داواکاری و ویستی ئەوان لە ئاسەواری هونەری و ئەدەبی ئەو گەلانەدا دەبیندرێ. بۆ نموونە کاتێک کە وڵاتانی ئەمریکای باشوور کەوتنە ژێر ڕکێفی و داگیرکەری ئیسپانیاییەکان، ئەوە هونەرمەندانی خاوەن هەڵویست و نووسەرانی بەهرەمەندو شاعیرانی دەروەست بوون بە پێشەنگی خەڵک و دەنگی ئازادی و سەرهەڵدانی نەتەوەیی خۆیانیان بە باشترین شێوە بەرز ڕاگرت. لە سەردەمی بزووتنەوەکانی دووسەدەی رابردوودا شاعیرانێک وەکوو (‹ئۆکتایوپاز›،گارسیالورکا، «پابلو نرودا») لەو وڵاتانە سەریان هەڵداو لەم بارەیەوە ناوبانگی جیهانیشیان هەیە.

شێعری شۆرشگیڕانە دەبێ لایەنەکانی شێعری بە تەواوی بپارێزێ و نەبێتە دورشمی سیاسی یان مانیفیستی حیزبی. مەبەست بەرهەمی ئەو نووسەرانەیە کە تایبەت بە سەردەمی خۆیان و هەر لەوەیش‌دا دەمێننەوە و لەباری جوانی و هونەری شێعریەوە زۆر لاوازن.

بە چاو خشاندنێک بەسەر ئەدەب و هونەری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو فەلەستین، ئێران و کوردستان وەک ئاوێنەیەک هەلومەرجی نالەباری ژیانی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسەتمەدارە ملهۆڕەکان بە ڕاشکاوی دەبیندرێ. ئەگەر نازم حکمەت شاعیری تورک لە نە بوونی ئازادی و زیندانی کردنی خۆی وهاوڕێیانی بەم چەشنە دەدوێ:

«سەرەڕای هەرچی دیواری زیندانە/
کە سینگم دەگوشن../
دڵم
لەگەڵ دوورترین ئەستێرەی ئاسمان لە لێدانە../

شایانی باسە کە نازم حکمت کاتێک کە تەمەنی ٥٠ساڵ بوو، بە ٥٦ساڵ زیندان مەحکووم کرا بوو..

یان مەحموود دەروێش ئەگەرچی خۆی شاعیرێکی عەرەبە و هاواری هەژاری وناڕەزایەتی خەڵکی فەلەستینی بە گوێی جیهان گەیاندووە، بەڵام سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە لە چوارچێوەی بەرتەسکی ناسیونالیزمی عەرەبی‌دا نامێنێتەوەو بەرانبەر بەو کارەساتە بەم شێوە هەڵویست دەگرێ:

«بەدوای کارەساتی هەڵەبجە،
لە هەموو شتی عەرەب بێزم هاتەوە
تەنانەت،
لەشیری دایکیشم، ..چۆن ئەویش عەرەب بوو!»

هەر بەم شێوە شاعێرێک وەکوو هێمنی مەهابادی لە لایەک هەم شینگێڕی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی وڵاتی خۆیەتی کە دەڵێ:

«کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن» ڕەشبەڵەک
من کە شینگێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ..!»

هەروەها بە سینگ فراونیەوە باس لە دەردی ئینسانی و ئازادی بۆ هەموو ئینسانێک دەکا

ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی.
کەی گەلی داماو ومات و دیل و غەمگینم دەوێ»

شاعیری ناوداری فارس ئەحمەدی شاملوو، کە لە هەر دوو ڕژیمی دەسەڵاتداری ئێران (پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی)دا زیندانی دەکرێ، وەکوو «گارسیا لۆرکا ونازم حیکمەت»هاوسەر و خێزانی خۆی دەبێتە ئیلهامی زۆربەی شێعرەکانی و لە خۆشەویستی «ئایدا» دا هەستی خۆشەویستیی گشتی بۆ جیهان دەردەبڕێ و دەڵێ:

«لە دەستە گەرمەکانی تۆ
کە منداڵی ئاوەڵدووانەی نێو باوەشمن
چیها قسەم هەیە بیکەم ئەگەر خەمی نان لێم گەڕێ»..

لە باشووری کوردستانیش شێرکۆ بێکەس لە سەرجەم بابەتەکانی بەتایبەتی لە «دەربەندی پەپوولە» بە بەرزترین و جوانترین شێوە شێعری شۆرشگیڕانەی کوردیی نووسیوە، هەم باس لە ستەمی نەتەوایەتی دەکا هەم لە نوستالژیای خوێ وڵاتەکەی دەدوێ:

«درێژە دووکەڵی ئەم غوربەتە،،
لێرە هەتاکوو لای نالی..»

**

کوردو خوا،
لەیەک ئەچن/
هەر دوو بێکەسن..

لە کۆتایی دا پێویستە بگوترێ کە جووڵانەوە و بزووتنەوە کوردییەکان کە بوونەتە هۆی پەروەردەو بارهێنانی دەیان شاعیری شۆڕشگێڕ کە هێندێکیشیان ناوبانگی جیهانیان دەرکردووە. ئەگەر هونەر وفەرهەنگ و ئەدەبیات وەک پێناسەی هەر نەوەیەک و پردێک بۆ پەیوەندی گرتن لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە قبووڵ بکەین، دەبێ بەو جورە کە شیاوی کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەی کوردە، هەستی ئینسانی خۆمان بەرز بنرخێنین و لە هەمان حاڵێش‌دا هیچ کات خەمی نیشتمان و میللەتی خۆمان لە بیر نەکەین.

***

باڵندەی شۆخی نیگای ئەو چاوانە
لای من دڵی دەس ناکەوێ بۆ هێلانە/
چونکە،
دڵی منی شاعیر،
هێلانەیەکی پڕ لە هێلکەی مەلی عیشقی نیشتمانە..
ت/ئیبراهیمیان

ژێدەر:
منظومەهای از نازم حکمت
«دەربەندی پەپوولە»ی شێرکۆ بێکەس

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 605 4 apr 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# ترس لە بەهاری کوردستان



سمایل شەرەفی

ساڵێک پێش ئێستا (نەورۆزی ١٣٩١ی هەتاوی)، ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکان لە کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت‌و جیاواز لە ساڵانی پێشووتر بەڕێوەچوون. خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک‌و ڕێکخراو- بە شێوەی خۆرسک- لە زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستان، «پێکەوە» لە ڕێورەسمی جیاوازدا پێشوازی‌یان لە نوێبوونەوەی سروشت‌و ساڵی نوێ کرد.

ئەوەی لەو پێوەندی‌یەدا سەرنجی زۆربەی چاودێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو تەنانەت هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانیش بە وردبینی‌یەوە خوێندنەوەیان بۆ کرد، ئەو پەیامانە بوون کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆو، زۆرجاریش تەواو ڕاشکاوانە بە گوێی دوژمنانی کوردو دژبەرانی پرسە ڕەواکەی‌دا دەدران.

خەڵکی کوردستان لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو ڕێورەسمانەدا لە گەڵ ئەوەی پەیامی تایبەتی‌و گلەیی خۆیان بۆ هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو، ڕاشکاوانە بە گوێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و بە گشتیی دوژمنانی کوردیان گەیاند کە نەتەوەی کورد بە تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیەوە «زیندووە».

خەڵک لە ڕێگای وتار، گۆرانی، هەڵبەست‌و تەنانەت پۆشینی جلوبەرگیشیانەوە بە دوژمنانی نەتەوەکەیان گوت کە ئەوان وەک نەتەوەیەکی جیاوازو تایبەت، خاوەنی بزووتنەوەی سەربەخۆو خاوەنداری تایبەت بە خۆیانن. ئەوان بە نوقرچک گرتن لە هێزە سیاسی‌یەکانی خۆیان‌و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە گوێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یان‌دا دا کە هیچ هێزێکی سەرکوت‌و چەوساندنەوە ناتوانێ ئەوان لە بزووتنەوە ڕەواکەیان دابڕێ.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی دژ بە کوردو نەورۆزو نوێبوونەوە، بە جێی لێکدانەوەی دروست‌و واقیع‌بینانە لەم پەیامانەو گرتنەپێشی ڕێکاری ئاشتی‌خوازانە، لە چەند مانگ پێش نەورۆزی ئەمساڵەوە بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی هەڕەشەو تۆقاندن، هەوڵی پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکانی ئەمساڵیان دا.

ئۆرگانە ئەمنییەتی‌و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم سەرەتا بە وەرێخستنی شەپۆلی گرتن‌و دەسبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی، خوێندکاری‌و بەتایبەت ڕۆژنامەنووسانی چالاکو دواتر بە هەڕەشەکردن لە بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکانی ساڵانی ڕابردوو، هەوڵی پێشگیریی لە بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمانەیان دا.

ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە پێشگیریی لە ڕێورەسمەکانی چوارشەممەسووری‌و نەورۆز تەنیا لە فەلسەفەی دژایەتی ئەم ڕێژیمە لە گەڵ خودی بۆنە نەتەوەیی‌یەکان‌دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو ترسی ڕێژیم لەو هاوپێوەندی‌و لە دەوری‌یەک کۆبوونەوەو یەکگرتوویی‌یەی خەڵکە کە «چوارشەممەسووری» و «نەورۆز» بوونەتە بەهانەو وەسیلەیەک لەم پێوەندی‌یەدا.

ئۆرگانە ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیم بە خەڵکیان ڕاگەیاندوە کە « دەتوانن لە کۆڵان‌و گەڕەکەکان ئاوری چوارشەممەسووری‌و نەورۆز بکەنەوە، بەڵام نابێ لە گۆڕەپانەکان‌داو وێکڕا لە دەوری یەک کۆببنەوەو بیکەنە ڕێورەسمی گشتی‌و تایبەت». کەوابوو ترسی ڕێژیم لە یەکگرتوویی‌و لەدەوری یەک کۆبوونەوەی خەڵکە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ جێژنی نەورووزو سەری ساڵی تازە لە کوردستان‌دا، ڕێژیمی ئێران لە پەیامێکی گرنگتری دیکەی ئەم بۆنەیە لە نێو نەتەوەی کورددا ترسی ڕێ نیشتوە. ئەویش ئەو هاوپێوەندی‌یە نەتەوەیی‌یە گەورەیەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە بەشە لێکدابڕێندراوەکانی نیشتمانی کوردانی لێک نزیکتر کردۆتەوە.

ئێستا کە نەورۆز لە هەر چوارپارچەکەی نیشتمان‌دا بۆتە ڕەمزێک بۆ سەرهەڵدانی ئاشتی‌خوازی‌و پەیامی نەتەوەیی کوردانی تێدا بڵاو دەبێتەوە، بۆتە گۆڕەپانێک بۆ دەربڕینی هەموو ئەو هاوارو دەنگە کپ‌کراوانە کە دەیان‌و بگرە سەدان ساڵە لە گەرووی تاکو کۆی ئەم میللەتەدا خنکێندراوە، حکوومەتە دیکتاتۆرەکان‌و یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناتوانن خۆیان لەو مەترسی‌یە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان غافڵ بکەن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا چلە ڕووی سروشتی‌و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە بۆ ئینکارو خۆلێ‌لادان نابێ، سەرکەوتنی «نەورۆز» بە سەر «ڕێبەندان» و سەرکەوتنی «ئیرادەی گەلان» بە سەر «ملهوڕی‌و دیکتاتۆری»دایە.

## چاپ و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک بەرهەمی به نرخ لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلیوەدا




موزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە، هاوکات لە گەڵ بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک چالاکیی تایبەت بە بۆنەی ٦٦ساڵەی لە داردرانی پێشەوا قازی محەممەد، حەمە حوسێنخانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی، ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی چەند بەرهەمی پێوەندیدار بە بنەماڵەی قازی محەممەد و کۆماری کوردستانیشی گەیاندە ئاکام کە بریتین لە:

مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا


ئەم کتێبە ئەلبۆمێکی مێژووییە لە وێنەکانی کۆماری کوردستان و بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەد. ئارام محەممەد غەریب و کاکشار ئۆرەمار، لە ١٣٦ لاپەڕدا ئامادەیان کردوە. جگە لە پێشەکییەک و ژیاننامەی قازی محەممەد، ژمارەیەکی زۆر وێنەی کەسایەتییەکانی سەردەمی کۆماری کورستان و ساتە مێژووییەکان و دیمەنەکانی چالاکی و تێکۆشانی کاربەدەستانی کۆمار و سوپای کوردستان و هێزی پێشمەرگەی لە خۆ گرتوە.

### دیمانە لە گەڵ دایکی کورد میناخانم هاوسەری پێشەوای نەمر

لیکۆلەر کاکشار ئورەمار، ساڵی ١٩٩٣ دیمانەیەکی تێر و تەسەلی لە گەڵ ڕەوانشاد میناخانمی قازی، هاوسەری پێشەوا قازی محەممەد کردوە. ئورەمار، لەم هەڤپەیڤینە دا، لە بارەی ژیانی هاوبەش لە گەڵ پێشەوا و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسایەتییەو ئازار و مەینەتییەکانی ئەو خانمەو منداڵەکانی لە دوای شەهید کرانی پێشەوا، چەندین پرسیار بەرەورووی میناخانم دەکاتەوە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم دیمانەیە، پاشی ٢٠ ساڵ ئیمکان و دەرفەتی چاپی بۆ ڕەخساوە. کتێبەکە کە لە ١١٨ لاپەڕ پێک هاتوە وێڕای دیمانەکە،کۆمەڵێک کورتە نووسینی پێوەندیدار بەو خانمە و بیرەوەرییەکانی، هەروەها چەندین وێنەی ئەندامانی بنەماڵەی پێشەوای شەهیدیشی تێدایە.

### ١١مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەری

هەر وەها بەرهەمی ساڵانێکی زۆر خۆ ماندوو کردنی هونەرمەند و دۆکیۆمێنتکار سمایلی مامڵێ بە کۆکردنەوەی وێنە و بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان، لەم دوایانە دا لە ژێر ناوی «١١مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەری»، چاپ و بڵاو بۆوە و بەم جۆرە کتێبخانەی کوردی لە بەرەبەری ٦٦ ساڵەی شەهیدکرانی سەرکۆماری کوردستان و هاوڕییانی دا، بووە خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی بەڵگەنامەیی و مێژوویی بە نرخ.




## تێکدانی ناوچەی کەوناری «خەوخۆش»ی خۆرەنج لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە



ناوەندە حکومی‌و بەرپرسیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە پیرانشار بەبیانووی لێدانی بەنداو دەستیان بە تێکدانی شوێنی مێژوویی و کەوناری « خەوخۆش» لە ئاوایی خۆرەنجی پیرانشار کردوە.

لێدانی بەنداو لەو شوێنە لە حالێک دایە بەپێی بۆچوونی کارناسان ئەو شوێنە پێویستی بەبەنداو نیە، بەتایبەت ئەوەی کە بۆ لێدانی ئەو بەنداوە دەبێ ناوچەیەکی کەونار بە مێژووی پتر لە ٣٠٠٠ هەزار ساڵ وێران بکردرێ.

شایانی باسە کە خراپ کردن‌و بردنە بن ئاوی ئەو شوێنە مێژوویی‌یە لە کاتێک دایە ئەو شوێنەوارە ساڵی ١٣٨٥ و بە ژمارەی تۆمارکردنی ١٧٧٠٩ وەک یەکێک لە ئاسەوارە میللی‌یەکانی ئێران تۆمار کراوە، بەڵام کەمتەرەخەمی‌و گوێنەدانی کاربەدەستانی ڕێژیم لە کوردستان بە شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان خەریکە لەنێو دەبا.

## دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەزموون



یەکەم ژمارەی گۆڤاری «ئەزموون» کە لە لایەن کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم ژمارەیەی «ئەزموون» شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران خراوەتە بەر ڕاڤە و شیکردنەوە و لەگەڵ گومەڵێک سیاسەتڤان و کەسایەتی کورد و غەیرە باسی لەسەر کراوە.

لەیەکەم وتووێژدا بەڕێز ماموستا عەبدولڵا حەسەنزادە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. کا ر یگە ر ی پشت کردنی وڵاتانی ئوروپایی لە ڕێژیمی شا، بە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی دەزانێ. دواتر ئەم پرسە و هۆکاری سەرهەڵدانی و فاکتەرەکانی بێ ئاکامی شۆڕشی بۆ، خەڵکی ئێران لەگەڵ بەرێزان عەبدوڵڵا موهتەدی، قادر وریا، ڕەزا کەعبی، فەرۆخ نیگەهدار، موحسین سازگار، حەسەن شەریعەتمەداری و کیانووش تەوەکولی دەخرێتە بەرباس.

## یەکەم پیشانگای کاریکاتۆری سەرشەقام لە مەهاباد کرایەوە



لەو پیشانگایەی هونەرمەند سەید مەحموود موکری کە لە ڕۆژی ٩ ی خاکەلێوەو لە مەیدانی شارەداری کراوەتەوە، بەرهەمە هونەری‌یەکانی ناوبراو بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ خراوەتە بەرچاوی خەڵک.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرمان هونەرمەند سەید مەحموود لەو پیشانگایەدا بەوێنەو هێڵو کاریکاتۆری قسەی نەستەق‌و پەندی پێشینیانی کێشاوەتەوەو خستوویەتە بەر سەرنجی ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن.

ناوبراو دەڵێ مەبەست لە کردنەوەی ئەو پیشانگایەی سەرشەقام‌و هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمانە وەبیرهێنانەوەو زیندوو هێشتنەوەی قسەی نەستەق‌و پەندی پیشینیانی کورد بۆ نەوەکانی ئێستا بووە.

**هەر لە شاری مەهابادو لە چالاکی‌یەکی دیکە پیشانگایەکی کەلەپوورو دابو نەریتی کوردی لە تالاری وەحدەتی ئەو شارە کراوەتەوە.**

لەو پیشانگایەشدا کە لە ڕۆژی ١٢ ی خاکەلێوەڕا تا ١٦ ی خاکەلێوە بەردەوام دەبێ، دابو نەریت‌و شێوەی ژیان‌و هەڵسوکەوتی خەڵک بە تایبەت عەشیرەکانی کۆن خراوەتە بەرچاو.

شایانی باسە کە ئەو پیشانگایە لەلایەن تیمێکی خوێندکاران‌و دەرچووانی زانکۆی پەیامی نووری شاری مەهاباد کراوەتەوە.







بێ شرۆڤە !